لە ڕۆژئاوا بۆ ڕۆژهەڵات

دوو گەشتی کۆن

# ناسنامەی کتێب

ناوی کتێب: لە ڕۆژئاوا بۆ ڕۆژهەڵات
دوو گەشتی کۆن
وەرگێڕانی : شێرزاد هەینی
نەخشەسازیی : هونەر عوسمان
قەبارە : (١٤*٢١)، ١٨٠ لاپەڕە
نۆبە و ساڵی چاپ: چاپی یەکەم/ ٢٠١٩
شوێنی چاپ : ناوەندی سارا _ سلێمانی
تیراژ: ٥٠٠ دانە
نرخ : ٣٥٠٠ دینار

لە ڕۆژئاوا بۆ ڕۆژهەڵات
دوو گەشتی کۆن

ناوەندی سارا
بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە
سلێمانی_بازاڕی ئاوباریك
٠٧٥١ ٥٣٨ ٣٥٠٥

SARA CENTER
BookShop - prenting - cafe

# گەشتی یەکەم

# گیرترود بیل

له رۆژی یەکشەممەی ڕێکەوتی ٢٦ی دیسمبەری ساڵی ١٩١٣ی زاینی، گیرترود بیل لە شاری دیمشقەوە بەرەو میممەی حائیل بە کاروانێکی حەڤدە حوشتری بە باری کەرەستە و زەخیرە و خواردن و رەشماڵەوە لەگەڵ سێ حوشترەوان و چێشتلێنەر و ڕێبەرێک بەڕێدەکەوێت، لە چەندین لایەنەوە ئەو ژنە ئاگادار دەکەنەوە و لە مەترسییەکانی کاروانەکە هوشیاری دەکەنەوە، لەگەڵ زۆرترین ئاگاداری و وریاییش کاروانەکە مەترسی و تەنگاوی زۆری تێدەکەوێت: کاروانەکەی لەلایەن ڕێگر و پیاوانی چەتەی ناو بیابانەکە ڕێیان لێ دەگرن و کەرەستە و زەخیرەکانیان دەبەن، پاش چاوەڕوانی هەفتەیەک بە جوامێری سەرۆک عەشیرەتێک کەلوپەلەکانیان بۆ دەگێڕنەوە، بەرپرسێکی تری عوسمانیش دە رۆژ کاروانەکەی رادەگرت، پاش دانوستانێکی زۆر و چاوەڕوانی دە رۆژ، دەتوانیت بۆ بەردەوامی کاروانەکەی ئیقناعیان بکات.

یەکێک لە عەشیرەتەکانی ناو بیابانەکە، ڕێگای پێ دەگرێت و بواری دەربازبوونی نادەن، بیانوویان ئەوە بوو، کە ژنەکە موسلمان نییە و نەسرانییە، سەرۆک عەشیرەتەکە بە پیاوەکانی دەڵێت، ئەو ژنە بکوژن و کەرەستە و زەخیرەکەشی لەسەر خۆتان دابەشبکەن، بەڵام ئەو لەوەش دەربازی دەبێت، ماوەی یازدە رۆژیش لە کۆشکی برزان دەگیرێت و رۆژانەش لەوێ بەسەرهاتەکانی نووسیوەتەوە. لەگەڵ هەموو چەرمەسەریی و ئازار و کۆسپەکان گیرترود بیل بەردەوام دەبێت و چالاکانە و بەجۆشەوە دەمینێتەوە، جوانی بیابانەکەی نەفووز سەرسامی دەکات، زۆرجاریش وا هەست دەکات ئەو لەناو هەسارەیەکی تر دەژیت، کەشی هەزار و یەک شەوە خەیاڵییەکە دووبارە دەکاتەوە.

# لەسەر پشتی حوشترەوە بەرەو حائیل

لە رۆژی ١٣ی نـــۆڤمبەری ســـاڵی ١٩١٣ی زاینـــی گیرتـــرود لە ئینگلتـــرا دەگـــاتە دیمشـــق، لەوێـــش لە هەوارەکەی لە دیمشـــقەوە بەڕێدەکەوێت و دەیەوێت باکووری نیمچە دوورگەی عەرەبی لەسەر پشتی حوشتر ببڕێت، بەر لەوێ بەڕێبکەوێت، ژنەکە شەیدای ئەوە دەبێـــت، هـــاوڕێیەک بـــۆ کـــاروانەکەی بـــدۆزێتەوە، دەرئەنجـــام رێکدەکەوێت هـاوڕێیەکی دوگـلاس کاروسـرز، سـکرتێری شـانازی کۆمەڵەی پاشـایەتی جوگرافیا و شـارەزا لە نەخشەسـازییەکان، ئەو مـاوەیەکی زۆریـش لە بەشـی نەخشـەکانی هەواڵگـری سـەربازی لە بارەگا حکومەتی بریتانی (وایت هۆڵ) کارکەر بوو، بۆیەش روو لەو دەکـات چـونکە ئەو بەر لە چـوار سـاڵ سـەردانی ئەو ناوچـانەی کردبـوو، لەبەر چەنـدی پێهشـات و رۆژەڤەکە، ژنەکە ناتوانێـت ئەو رازی بکـات بەیەکەوە سـەفەرەکە بـکەن، بەناچـاری بەتەنهـا ملـی سـەحراکە دەگرێت و کـاروانەکە دەکـات. کە ژنەکە دەگـاتە دیمشـق بەرنامەرێژی سەفەرەکەی بۆ دۆزینەوەکانی لە بیابانی بـادیەی شـام بکـات، بچێتە نـاو قـووڵایی دوورگەی عەرەب و گەیشـتن بە حائیـل، ئەویش دەبێتە دووەم ژنە ئینگلیز بگاتە حائیل، بەر لەو ئان بلونت سی ساڵ پێش ئەو چووە بۆ حائیل.

بۆ دابینکردنی مەسرەفی گەشتەکەی داوای چوار سەد جونیەی ئیسـترلینی وەک سـولفەیەک لە بـاوکی وەردەگرێت، پێـی دەڵێت کە گەڕامەوە قەرزەکەم دەدەمەوە، دەڕوات و کەرەســـتەکانی پێـــوانی جوگرافیـای وەک ئـامێری پیـوانی، ئـامێری پیـوانی هێڵەکـانی پـانی و

درێــژی، لەگەڵ ئەوانە نەخشــە ســەرەتاییەکانی بــاکووری نــیمچە دوورگەی عەرەبیش لەگەڵ خۆی دەبات، کە لە کۆمەڵەی جوگرافیی پاشایەتی وەریگرتبوون.

گیرترود بیل پەیوەندی بە بازرگانی قەمسیمی موحمەد ئەلبسام دەکات، ئەو خەڵکی عونیزە و دانیشتووی دیمشق بوو، کە سەردانی دیمشقی کردووە لەکن ئەو دڵنیابووە و میوانی ئەو بووە، گوێی لە رێنمایی و ئامۆژگارییەکانی راگرتووە، لەوێ قسەی بۆ دەکات، پێی دەڵێت من دەمەوێ کاروانێکی ناو سەحەرا بکەم، ئەویش لە وەڵامدا بە ژنەکە دەڵێــت ئیمســاڵ رێگــای حائیــل کــراوە بــووە و هــاتوچۆ هەبووە، بەڵام دەبێ پارەیەکی زۆر بە دیاری و خەڵات بدەیت، تا لەو کــاروانە بیــدەیتە ســەرۆک عەشــیرەت و ئەمیرەکــانی حائیــل، کەشــەکە ئەوە دەخوازێــت، ئەویــش داوای لــێ دەکــات ژمــارەیەک حوشــتری بــاش و رەســەنی بــۆ بکڕێــت، کە بەرگەی ئەو کــاروانە ســەختە بگــرن، بەرگەی رۆیشــتنی ســێ مانــگ بگــرن، هەر ئەویــش ژمارەیەک یاوەر و خزمەتکار و رێبەریشی بۆ دەستنیشان بدات، پیاوەکەش هەموو داواکانی ژنەکە دروست جێبەجێ دەکات.

گیرترود بیل رێبەرێکی بەئەزموون دەدۆزێتەوە، ئەویش موحمەد ئەلمعــراوی بــوو، بەر لە چــوار ســاڵ رێــبەری بــۆ کــاروانەکەی کاروسرز کردبوو بۆ دوورگەی عەرەبی، ئەو کەسێکی شارەزا بوو لە هەموو رێگاکانی ناو دوورگەی عەرەبی، پیاوەکە ئیبن روشدی باش دەناسی، کە گیرترود مەبەستی دیمانە و دیداری بوو، ئیتر بەو جــۆرە ئەلمعــراوی دەبێــتە دەستەراســتی کــاروانەکەی گیرتــرود، زیرەکانە و لێزانانە کاروانەکە بەناو بوارە لمییەکانی بادیەی شام و سەحەرای نەفووزی گەورە دەبات، کە لە هیچ نەخشەکانیش دیار

نەکرابــوون، ڕێگــای نــاو بەربەســتە شــاخاوییەکان و گــرۆدڵکە قوومەکـــان (تەعـــووس) زێـــرینە بەرزەکـــان و زەویـــیە بەردەڵانە سەختەکانیش دەبڕێت، کە ئاودیو و دەربازبوونیان ئاسان نەبوو.

کاروانی ژنەکە ساز بوو، حەڤدە حوشتری کڕیبوو، هەر یەکێکی بە شازدە جونیەی ئیسترلینی کڕیبوو، پەنجا جونیەی ئیسترلینی بە خــواردن دەدات، پەنجــا جــونیەی ئیســترلینیش بە دیــاری دەدات، چەندین عەبا پشوت و کوفیە و یەشماغی پەمۆ و دشداشە دەکڕێت، لەو کـاروانە پـارە هەڵناگرێـت، بەڵام دوو سـەد جـونیەی ئیسـترلینی دەکـــات حەوالە، کە لە حائیـــل پـــارەکە وەربگـــرێتەوە، لە دیمشـــق پارەکەی دابوو بە وەکیلی ئیبنی ڕەشید لە دیمشق.

بەگوێرەی کاروانی حەج و بازرگانییەکان، کاروانەکەی ئەو گچکە و کەم بوو، ژنەکە لەگەڵ خۆی چەندین کەرەستەی زیـو و قوماشـی کەتـان و نووسـین و بەرهەمەکـانی شەکسـپیر و چەنـدین کتێـب و گۆڤار و ڕۆمانی هەمەجۆریش دەبات.

بۆ خۆشووشتن حەمـامێکی تـایبەتی و کـامیرای وێنەگرتن و دوو زەربـــین و چەنـــد درابیلـــی گەورەکـــردن و کەرەســـتە و مەرهەم و دەرمـــانی پێویســـت بـــۆ ڕەوشـــی نائاســـایی و کورســـییەک کە دەپێچـــرایەوە، چەنـــد دەمـــانچە و ئامێرەکـــانی پیـــوانی جـــوگرافی و کەرەستەکانی پیوانی پانی و درێژی و گۆشەکان دەبات، کە لەلایەن کۆمەڵەی جوگرافیای پاشایەتی لە لەندەن بۆی دابینکرابوو.

## سەرەتای گەشتەکە

لە رۆژی ١٦ی مانگی دیسمبەری ساڵی ١٩١٣ی زاینی کاروانە سەختە ترسناکەکەی ژنە بریتانییەکە لە دیمشقەوە دەست پێ دەکات، بۆ گەیشتن بە هەوارەکانی حائیل، کاروانەکە حەڤدە حوشتر و سێ حوشترەوانی (مکاریە) بۆ رێبەرایەتی و چێشتلێنەرێک و پیاوێکی وەک رێبەر و رێنیشاندەر دەبات، ئەگەرچی زۆریش پێیان وتبوو خەڵکی بیابانەکە گومانیان لەسەر ئەوروپییەکان هەیە، هەروەها ژنەکە عوسمانییەکان و بریتانییەکانی لە گەشتەی ئاگادار نەکردبووە، چونکە دەترسا ئەگەر پێیان بڵێت بواری نادەن سەفەرەکە بکات، پێیان دەووت هەوارەکە مەترسی زۆری لەسەرە.

یەکەم مەترسی سەر کاروانەکە لە سەرەتای دەستپێکردنەکە بوو، دەستەیەکی سوار هێرش دەکەنە سەر کاروانە، یەکێکیان لەناو گرووپەکە دێتە دەرەوە و شیرەکەی هەڵدەکێشێت، چەند گوللەیەکیش بەسەر پیاوانی کاروانەکە دەتەقێنێت، پیاوەکە سەرشێت دیار بوو، کاروانەکە چەک دەکەن، چەکەکانیان، کەرەستەکانیش دەبەن، ژنەکە یەک هەفتە چاوەڕوان دەبێت، بەپێناوی یەکێک لە یاریدەرەکانی، یەکێک لە شێخەکان شتەکانی بۆ دەهێنێتەوە.

بەڵام ئەو بەردەوام دەبێت لەسەر کاروانەکەی، گوێ ناداتە راگرتن و لێپرسینەوەی بەرپرسە عوسمانییەکە، ئەگەرچی ماوەی دە رۆژیش دوادەکەوێت، بەڵام دەڕوات و بەردەوام دەبێت، بەڵگەنامەیەکیان بۆ دەنووسێت کە ئەو لەسەر ئەستۆ و بەرپرسیاریەتی خۆی سەفەرەکە بۆ ناو قووڵایی بیابانەکە دەکات، ئیتر کە ژنەکە لەبن دەستی ئەوانە دووردەکەویتەوە، دەگاتە ناو

بیابـانەکە دڵشـاد وسـەرفراز دەبێـت، ئیتـر بە ئـازادییەوە دەڕوات و دەکەوێتە ناو یاسا تایبەتییەکەی خەڵکی بادیەکە.

## لە مەترسییەکانی کاروانەکە

لەکـاتی کـاروانەکە، لەترسـی راورووت، کەمتـرین کەرەسـتەی هەڵگرتبوو، بۆ ئاوی خواردنەوەش سوودی لە گۆمی ئاوی باران دەبینی لە (خەباری)، هەر چەندە وریا و ئاگاداریش بوو، مەترسی و هەڕەشەی هەر لەسەر دەبێت، کە دەگاتە سنووری عەشیرەتێکی تر، دووبارە ئەوانیش رێی لێ دەگرن و بواری دەربازبوونی نادەن، بەبیـانووی ئەوەی ئەو نەسـرانییە، بەڵام کە دانوسـتانیان لەگەڵ دەکات، دەمانچەیەک و دووربینێکیان دەداتێ، خۆی و یاوەرەکانی ئـازاد دەکەن، بەڵام سـەرۆک عەشـیرەتەکە پیاوەکـانی فێردەکـات، ژنەکە بکوژن و کەرەستە و سامانەکەشی لەناو خۆیان بەش بکەن، بەڵام پیاوەکان بەڵێنی خۆیان ناشکێنن و رێگای پێ ناگرن و غەدری لێ ناکەن. ئەگەرچی کاروانەکەیان رووبەڕووی چەندین کۆسپ و تەگەرە دەبێتەوە، بەڵام ژنەکە بەردەوام چالاک و بەجۆش دەبینرا، سرووشتە نامۆ و نوێیەکە و جوانی دەرکەوتنی تریفەی مانگ لە سـەحرای نەفـووز سـەرەنجی رادەکێشـێت، لە رۆژمێـرەکەی، لە نامەکانی ئاماژدەی بەوە دەدا، کە ئەو گەیشتووتە ناو هەرەسایەکی تر و بەدروستی لەناو کەشی خەیاڵی چیرۆکەکانی هەزار و یەک شەوە دەژیت:

(بیابـانەکە بە پەردەیەکـی بەربەسـت لە هێمنـی و تەنهـایی داپۆشراوە، هیچ کاتێک لە خۆشییەکان ناگاتە ئەودەمانەی مرۆڤ

لەسـەر پشـتی حوشـتر بەسـەردەبات، لەو کەشـەدا بەیانییـان لە سـەرمانا جەسـتەت پارچەپـارچە دەبێـت، نیوەڕۆیەکـانیش حەزت دەچێـتە خەو و بەردەوام باوەشـک دەدەیـت، ئێوارەکـانیش هەمـوو خەڵکەکە چالاکانە خەریکی هەڵدانی ڕەشماڵەکانیان دەبن، پاش نـانی ئێـوارە، دەکەویـنە ئاخـاوتن و لەدیـار ئـاگردانەکەی قـاوەی مـوحمەد (مـوحمەد ئەلمعـراوی ڕێبەرەکەمـان) دانیشـتنەکەمان گەرم دەبێـت، دوایی دەکەوینە ناو خەوێکی قووڵ، بڕوا نـاکەم هیچ ئەوروپییەکی شارستان بەو جۆرە خەوی لێ بکەوێت).

## هەستکردن بە خەمۆکی

سێ بەشـی ڕێگاکەمـان بڕیبوو، زۆرمـان نەمـابوو بگەیـنە حائیـل، لەوێ هەستم دەکرد جۆش و پەرۆشییەکەم سارد و خامۆش بووە، نـیگەران و پەسـت ببـووم، ئەوەم بە خەیاڵـدا دەهـات، مـن ئەو گیانبازییە لە پێناوی چ دەکەم، سوودی چییە، بۆیە ئەو لەسـەر ئەو ڕۆژەڤەدا لە ڕۆژمێرییەکەی نووسیبوی:

ئیمرۆ هەسـت بە خەمـۆکییەکی زۆر دەکەم، نـازانم ئەو هەسـت و ڕەوشـەی خـۆم بە نووسـین دەربـبڕم؟ باشـە ئەگەر رامـانەکەم دەرببڕم باشتر دەبم، یان نووسینەکە، زۆرتر دڵم تونـد و خەمبـارتر دەکەن؟ گومـانم هەیە و دەپرسـم باشـە ئەو ژان و ئـازارەی لەو کاروانە دەیچێژم، شیاوی باس و شایستەیە، من زۆر بە سـەختی و ئەستگەنەکان گیانبازییەکە، سەخڵەت نیم، بەڵام دەپرسم:

باشە تەواوی کاروان و گیانبازییەکە سوودی چییە؟ دەترسـم کە دەگەمە دوا قۆنـاخی کـاروانەکەم، ئـاوڕێکی دواوە بـدەمەوە و لەبەرخۆمەوە بڵێم:

(ئایا ئەوەی کردم پێویست و شیاوی باسە)، یان رەنگە ئاوڕێکی دواوە بدەمەوە و بڵێم:

ئەوەی کردم کات بەفیڕۆدان بوو و بەس؟!

بەڵام ناکرێ لە کاروانەکەم پاشگەز ببمەوە، وەک دەڵێن شیرەکە پێش لۆمەکردن و پەشیمانییەکانە، تازە گەڕانەوە و پەشیمانی سوودی نابێت. بیر لەوە دەکەمەوە گێڵ و نەفام بووم، کە خۆم خستووتە ناو ئەو گێژاوە و سەرگەردانییە، کە خۆم خستووتە ناو کار و کاروانێک، کە پێویستم پێی نەبوو، چونکە لەو کارەدا قۆڵبەستم، هیچ ئازادییەکم نییە لە راپەڕاندنی ئارەزووەکانم، ئەوەش خەمی زۆر کردم و نارەحەتم دەکات، ئەوانەش وەک هەموو هزرە باش و هۆشمەندییەکانمانە، ئەو شەوە هزرم بەوانە سەرقاڵە و ترسی زۆریشم لەوە هەیە، مەترسییەکانم بوونەتە حەقیقەت و لێم نزیک بونەتەوە.

## گەیشتن بە حائیل

گیرترود لە گەشتەکەی بەردەوام دەبێت، کاروانەکە دەگاتە نزیک چیای ئاجا، لەوێ پەیامنێرێکی وەکیلی ئەمیری حائیل، ئیبراهیم ئەلسبهان دەگاتە لای، پاش هەواڵپرسین و بەخێرهاتنی ژنەکە، پەیامنێرەکەی ئەمیر، پێی دەڵێت: ئەمیر سەعود بن عەبدولعەزیز بن مەتعب رەشید ئەمیری حائیل، لەودەمانە سەرقاڵە و خەریکی چەند هەڵمەت و پەلاماردانێکی دەرەوەیە لە جوف دژ بە ئیبن شەعلان، بۆیە وتوویەتی ئەو ژنە نابێت بڕوات من دەگەڕێمەوە و دەمەوێ بیبینم.

گیرترود لەناو کۆشک و دیوەخانەکەی دەرەوەی شوورەی حائیل دەمینێتەوە، لەوێ ئەمیر ئەلسەبان لە دیوەخانەکە سەردانی دەکات. ئەمیر بە ژنەکە و موحەمەد ئەلمعراوی دەڵێت:

لەبەر ئەوەی ئەمیر لێرە نییە و لە دەرەوەی شارە، لەناو خەڵکەکەش قسە زۆرە و دەپرسن ئەو ژنە بێگانە بۆچی هاتووە، بۆیە بوار نادەین بچیتە دەرەوە بێ رەزامەندی ئێمە، بەوەش ژنەکە ماوەی یازدە رۆژ لەناو کۆشکەکە دەمینێتەوە، رۆژانەش لەوێ بیرەوەریی و رامانەکانی لەسەر رەوشەکە تۆمارکردووە.

پاش تەواوبوونی راگرتن و مانەوە ئیجبارییەکەی، لەناو کۆشکەکە بواری دەدەن، لەناو شارەکە پیاسەیەک بکات، چەند وێنەیەکی فوتوگرافی بەئازادی و سەربەستی بگرێت، بیل دەردەکەوێت و خەڵکەکە لێی کۆدەبنەوە، ژنەکە دەتوانێت رەوشی کۆمەڵایەتی و گوزەرانی شارەکە و سرووشتی ناوچەکە دەبینین، گوێ لە راز و رۆژانەکەیان تۆمار دەکات، بەو جۆرە لە بیرەوەرییەکانی باسی حائیلی کردووە:

ئەگەرچی حائیل هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ شارەکانی تر نییە، بەڵام من جۆرێک لە سروشتی کۆچەریی تێدا دەبینم، کۆڵانەکان بە قوم و لم داپۆشراوە، گوێت لە زیکەزیکی تایەی هیچ جۆرە عارەبانییەک نابێت، تاکە دەنگی هاتوچۆی ناو ئەو شارە، خشەخشی پێی حوشترەکانە، کە لەناو هەموو کۆڵانەکانی شارەکان خشەخشیانە.

ئەو فۆتۆیانەی ئەو ژنە، لەو شارە گرتویەتی، دەبنە ژێدەرێکی دەگمەن و ناوازە، بەتایبەتی وێنەی شوێنەوارەکان، کە پاش تێپەڕبوونی نزیکەی یەک سەدە گۆڕانی زۆریان بەسەردا هاتووە،

لەوانە هەندێکیان شوێنەواریشیان نەماوە، وەک کۆشکی برزان بۆ نمونە، فۆتۆکانی پشتیوانی و بەڵگەی نووسینەکانی ئەو دەکەن، لەبەر ئەوەی گەشتیارەکە ژن بووە، بۆیە دەتوانێت رەوشی کۆمەڵگەیی ژنانی هۆزەکان، لەوانە هۆزی ئەلحویتات ببینێت، هەندێ دەمەتەقێی ژنەکان و ژانی رۆژانە و برسیەتی و تینوویەتی و ئەرکە قوورسی ناوماڵەکانیان بنووسێتەوە، باسی ئەوەی کردووە، ژنان لەو هۆزانە چۆن چێشتیان لێناوە، چۆن لەناو رەشماڵە مووەکانیان ژیاون، هەروەها ژنەکە بەوردی، رەوشی ژنانی کۆمەڵگە ئورستکراتییەکانی، وەک ژنانی ئال رەشیدی نووسیوە، چۆن لەناو کۆشکەکان ژیانی جوان و سەرفراز ژیاون، باسی جۆری پۆشاک و جلوبەرگ و خشلی خزمەتکارەکانی کردووە، باخچەکانیان چۆن بووە، چ میوەیەکیان خواردووە، هەموو ئەوانەشی بە فۆتۆ ئەرشیفکردووە.

بیرەوەرییەکانی بیل، دەبنە سەرچاوەیەکی گرینگ بۆ مێژووی دوورگەی عەرەبی، ئەوە و ژنەکە، ئاوڕێ لە رووداوە مێژووییەکانی ناوچەکە داوەتەوە، ئەگەرچی کورتن، کە لەلایەن وەکیلی ئەمیری حائیل ئیبراهیم ئەلسبهان، ناسراو بە دەفتەرەکەی ئیبراهیم بۆی گێڕاوەتەوە.

## گەشتیار گیرترود بیل کێیە؟

مسسز گیرترود لوسیان بیل، ژنە نووسەر، شاعیر، زانای شوێنەوار، گەشتیار، چاودێر و توێژەری سیاسی، جاسووس، دبلۆماتی بریتانی ناوازە رۆلی سیاسی دیاری لەناو وڵاتانی عەرەبی

دەبێت، چەندین نازناوی هەبوو، لەوانە: شاژنی بێ تاجی عیراق، شاژنی سەحەرا، کیژی بیابان، خاتوون.

بیل لە واشنتۆن هۆل لە هەرێمی درم لە ئینگلترا لە رۆژی ١٤ی مانگی یولیوی ساڵی ١٨٦٨ی زاینی، لە بنەماڵەیەکی دەوڵەمەندی دیار لەدایکبووە، نەوەی کەسایەتی ناسراوی بواری پیشەسازی ئیسحاق بیل بووە، لە منالّییەوە کەسایەتییەکی بەزەبر و ئازایانەی هەبووە، تا رادەی شێتبوون سەرکەش بووە، لە تەمەنی شازدە ساڵی بۆ خوێندنی مێژوو دەگاتە زانکۆی ئۆکسفۆرد، بە دوو ساڵ خوێندنەکەی تەواو دەکات، یەکەمین کیژ بووە، بە پلەی شەرەفی یەکەم لە مێژوو بڕوانامە وەربگرێت. لە مانگی مایوی ساڵی ١٨٩٢ی زاینی، پاش دەرچوونی لە زانکۆ، دەچێتە ئێران و لە کتێبەکەی بەناوی (فۆتۆیە فارسییەکان) باس لە گەشتەکەی دەکات، دە ساڵی دوایی، خەریکی سەفەر و گەشتەکانی لە سەرانسەری جیهان دەبێت، بۆ شاخەوانی دەگاتە چیاکانی ئەلب لە سویسرا، کیژەکە زۆر پەرۆشی زانست بووە، بۆیەش پەرۆشی گەرمی شوێنەوارناسی دەبێت، کار دەکات چەندین زمانی بێگانە فێر بێت، وەک عەرەبی و فارسی و تورکی و فەرەنسی و ئەڵمانی و ئیتالّی، سەردانی زۆربەی وڵاتانی عەرەبی کردووە، بەوردی و بەقوولّی کاروبارە عەرەبییەکانی شرۆڤە دەکات، بایەخی زۆریش بە توێژینەوەی شوێنەوارەکانیان دەدات، لەناو عەشیرەتەکانی بنی سەخر و دروزەکان دەژیت، چەندین سەرکردە و ئەمیرە عەرەبەکان و شێخی هۆزەکانیان دەبینێت، هەموو رامان و تێبینییەکانی لەناو کتێبێک بەناوی (کۆچەر و شارستان) بڵاودەکاتەوە، تێدا زانیاری بەهادار بە جیهانی خۆرئاوا لەسەر بیابانی عەرەبی دەگەێنێت.

له مانگی ینایری ساڵی ١٩٠٩ی زاینی، بیل روو له عیراق دەکات، لەویٚ شـوێنەواری ئەلـحەزەر دەدۆزێـتەوە، مـاوەیەکیش له مـانگه سـەرەتاکانی جەنگی یەکەم جیهانـدا، لەنـاو تیمەکـانی خـاچی سـوور کاردەکات و کارکەر بووه له دۆزینەوه  و گەڕان بەداوی سەرباز و بریندارەکان.

له مانگی دیسمبەری ساڵی ١٩١٣ی زاینی گەشتێک بەنـاو بیابـان له دیمشـقەوه دەکـات، له مـانگی مـایوی سـاڵی ١٩١٤ی زاینـی دەگەڕێـتەوە، ئەو یەکەم ژن بـووە، لەنـاو ئەوروپییەکـان و به هـاوڕێیەتی چەنـد عەرەبێکی نـاوچەکە، خەریکی گەشـتیاری دەبێت، بۆیه پاش ماوەیەکی کەم له ڕەزامەندی دەربڕین لەسـەر ئەندامیەتی ژنـان، له مـانگی یونیـوی سـاڵی ١٩١٣ی زاینـی بیـل دەبێـته ئەنـدامی کـۆمەڵەی جوگرافیـای پاشـایەتی عیراقـی و میـدالیای زێڕینـی ئەو کۆمەڵەیەش وەردەگرێت.

بیـل له سـاڵی ١٩١٧ی زاینـی بانگەشـەی بەغـدا دەکرێـت، که هێزەکانی بریتانی وڵاتەکه داگیردەکەن، ئەو دەبێته سکرتێری حاکمی بریتـانی بۆ کاروبـاری خـۆرهەڵات و دەبێـته پردی پەیوەنـدی نێوان سـەرکردە عەرەبەکـان و نووسـینگەی هەواڵگری بریتـانی تـایبەت به جیهانی عەرەبی و بارەگەکەشی له قاهیره بووە.

له سـاڵی ١٩٢١ی زاینـی بیـل دەبێـته ڕاوێژکـاری تـایبەتی مەلیکـی عیـراق مەلیـک، فەیسـەل پاشـا بـۆ کاروبـاری هۆزەکـان، بیـل دەبێـته کەسایەتییەکەی کـاریگەر له حکومەتی عیراقی، نـاوی دەنێن شـاژنه بێ تاجەکە، لەگەڵ بەرنامه و کاره سیاسییەکانی، بیل زۆر بـایەخ به شـوێنەوارەکان دەدات، خەریکـی کـنه و پشـکنین بـووە و مـۆزەی شوێنەواری له بەغدا دادەمەزرێنێت، دەبێته بەڕێوەبەری مۆزەکە.

گیرترود بیل لە کۆتاییەکانی ژیانی رووبەڕووی چەند ئاریشـەی تەندروستی و خێزانی دەبێتەوە، خەمۆکی دەگرێت، بۆیەش لە رۆژی ١٢ی مـانگی یولیـوی سـاڵی ١٩٢٦ی زاینـی پـاش خـواردنی حەبـی نووستن بە بڕێکی زۆرتـر بە مەبەستی خۆکوشتن، دەمرێت، لەنـاو گۆڕسـتانی بریتـانی لە بـاب ئەلشـرقی لە بەغـدا دەنێژرێـت. ژنە هاوسەرەکەی باوکی، نامەکانی لە دوو بەرگی گەورە بڵاودەکاتەوە، نامەکانی لە سییەکانی سەدەی رابردوو، بایەخ و رەواجێکی زۆری لەناو خوێنەرەکانی دەبێت.

# ڕۆژانەی ڕۆژمێرەکەی گیرترود بیل

## چوارشەممە ٢٦ی نۆڤمبەری ساڵی ١٩١٣ی زاینی

ئیمڕۆ فتوح نەیتوانی بگاتە ترێنەکەی حەما، بۆیە ئەو شەوە نەگەیشتە دیمشق، چوومە بانک و لە ڕێگاوە چوومە ناو بازارە میللییەکەی حەمیدییە، بازاڕەکە نۆژەندەکرایەوە، موحمەد ئەلبسام سەردانی کردم و باسی بیابانی بۆ کردم، وتی ڕەوشەکە لەوێ ئارامە و دڵنیایی پێبەخشیم.

دەبێ لێرە چەند حوشترێک بۆ سواربوون بکڕم، شتەکان لێرە باشترە، باشە ئەلبسام وتی، سەفەرکردن بۆ نەجد و دۆڵی ئەلدواسر ئاسایی و خۆشە، بەڵام بۆ عەسیر باش و گونجاو نییە.

هێشتا پەیوەندییەکانی ئیبن ڕەشید لەگەڵ ئیبن سەعود باشە و نێوانیان ئارامە، بەڵام ئیبن شەعلان کۆنترۆڵی ناوچەکەی جوفی کردووە، ئەلبسام بەشانازییەوە باسی ئەوەی کرد، کە خەلیل دەفرێکی زیوی پێداوە، لە نەسیبینیش، چەند پارچە زەوییەکی کڕیوە، ئەو شەڕیکردووە لەگەڵ موحمەد ئەلنعمان و لەسەر ئەوە نێوانیان لەگەڵ ئیبن شەعلان ئاڵۆز بووە، ئەو لە ئایندەی تورکیا پرسیاری لێ کردم، وتی میللەتی بەسرا پەرۆشن و حەز دەکەن بکەونە بن هەژموونی ئینگلیزەکان.

پاش نانخواردنی نیوەڕۆ، چوومە سەردانی میر تایەر، ئەویش بۆ گەشتی بیابانەکە، هانیدام و شەوقی کردمەوە، ڕەنگە عەلی لە هەواری قوسیی لە خۆرهەڵات لەدایک بووبێت، نەک لەسەر ئەو ڕێگایەی ئێمە پێ دەڕۆین، عەلی ئەلبسام وتی وا باشە سەردانی

فواز ئەلفایز (شێخی بنی سەخر) بکەیت، کە دەگەیتە هەوارەکەی بنی سەخر، میر تایەر وتی شەڕەکە کاریگەری لەسەر سوریا نەبوو، تەنها بازرگانییەکەی کەمتر بووە. بەڕێز برنتۆن باسی ئەوەی بۆ کردم، حکومەت بەنیازە داری زۆر لە لوبنان بچێنێت، بەڵام لەبەر ئەوەی زەوییەکان زۆربەیان موڵکی کاهینەکانە، بۆیە کێشەی زۆری هاتووتە پێش، هەروەها ئەو موڵکدارانە رەوە بزنیان زۆرە، ئەوانەش لەو دەڤەرە دەلەوەڕێن و دار و پنچکەکان دەخۆن، ئەوەی لە سوریا خانوویەکی دروست کردبێت، دەبێ قوربانی بە بزنێک دابێت. گۆشتی بزن لەو ناوچەیە خواردنی سەرەکی و گرینگی خەڵکەکەیە.

## رۆژی پێنجشەممە ٢٧ی نۆڤەمبەری ساڵی ١٩١٣ی زاینی

ئیمڕۆ فتوح[١] گەیشت، رۆیشتین موحەمەد ئەلبسام و ژنەکەی ببینین، ژنەکەی موحەمەد ئەلبسام[٢] ژنێکی جوانی نەجدییە، بە رێگای

١ فتوح عەرەبێکی کریستیانی حەلەبی بوو، ئەو یاوەری بیل بووە لە گەشتەکانی و خواردنی بۆ ئامادە کردووە. لە رۆژانی ئامادەییەکانی گەشتەکە نەخۆش بووە، بۆیە نەیتوانی سەرەتا هاوڕێیەتی بیل بکات، لە دیمشق دەچێتە نەخۆشخانە، لەسەر ئەوە رێکدەکەون، ئەگەر تەندروستی باش بێت، پاش سێ هەفتە لە زیزیا و لەنزیک وێستگەکەی شەمەندەفەر دیمانەی بکات، بەپێی بەرنامەکە یەکتری دەگرنەوە و هاوڕێیەتی دەکات. وەرگێڕە عەرەبییەکە.

٢ شێخ موحەمەد بن عەبدوڵا ئەلبسام، یەکێک بووە لە ئەمیرە بەخشندەکانی ئەلعقیلات، پیاوێکی وریا بوو، شارەزایی لە مێژووی دوورگەی عەرەبی و هۆزەکانی هەبووە، موحەمەدئەلسیف وتوویەتی کە ئەلبسام: یەکێک بووە لە گەورەترین و ناودارترین بازرگانانی ئەلعقیلات، لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای سەدەی بیستەم ناودار بووە، لە دیمشق دەژیت و شارەکە دەکاتە هەوار و بازاڕەکەی هەتا بەغدا بەرەو خۆرهەلات و قاهیرە بەرەو خۆرئاوا و هەتا خوارووی ئەلقسیم دەڕوات. ئۆبنهایم دبلۆمات و توێژەری ئەڵمانی هاوچەرخ بە یەکێک لە ناودارترین بازرگانی

تایف و مەکە و مەدینە بەر لە هەشت ساڵ هاتووە، ئاسان نییە لە ئاخـــاوتن و زاراوەکەی تێبگەیـــت، بەردەوام لەنـــاو پەیڤەکـــانی دوعاکردن و پاڕانەوە بۆ خودا دەڵێتەوە، دوو کوڕیان هەیە، کوڕە گەورەکەیـان بـۆ توریسـتی لە بەیـروت بـوو، نـانی نیوەڕۆمـان لە ماڵەکەیـان خـوارد، چـووم سـەرێک لە بـاوکە یەسـوعییەکان بـدەم، بورگین پیاوە ئینگلیزەکەم بینی ئەو وتی:

من ژیانی خۆم قوربانی حوران دەکەم، چاوەڕێ دەکەم ریشم پان و گەورەتر بێت، بڕواش ناکەم وا زوو ریشم گەورە بێت، بەناو بـــازاڕە میللییەکانـــا گەڕامەوە مـــاڵەوە، ســـەعات پێنجـــی ئێـــوارە گەیشتمەوە، لە ماڵەوە خەریکی یاری بریدج بووم.

## رۆژی هەینی ٢٨ی نۆڤمبەری ١٩١٣ی زاینی

لەڕێگـای چـوونم بـۆ بانـک، سـەرێکم لە مزگەوتیشـدا، ئیمـڕۆ لە مـاڵەوە مـوحمەد ئەلنعمـان و عەبـدوڵا ئەلخلـف سـەردانیان کـردم، موحمەد ئەلنعمان وتی:

---

سـەدەی نـۆزدەهەمینی دانـاوە، ئەو وتـوویەتی کە بازرگـانی و دەزگـا و بازاڕەکـانی لەنێوان مەکە و جەدە و دیمشق و بەغدا و قاهیرە و تەرابلوس و بۆمبای لە هیند بووە. دۆزینەوە و بەکارهێنانی ریگای نێوان دیمشق و بەغدا و بە پەیدابوونی ئوتومبێل لەو ریگایە شانازییەکە بۆ شێخ موحمەد بن عەبدوڵا ئەلبسام دەگەڕێتەوە. ئەو هەواڵەش لە رۆژنـامەی ئەلئەهـرام لە رۆژی ١٤ی ئوکتـۆبەری سـاڵی ١٩٢٥ی زاینـی بەو جـۆرە بڵاوکراوەتەوە: (لەبەر نەمانی ئیشتراک و یارمەتییەکان بۆ شێخە نەجدییەکە موحمەد عەبدوڵا ئەلبسام دابینکردن و دڵنیایی ریگای ئوتومبێلی نێوان دیمشق و بەغدا نامینێت، چـونکە کۆمپانیـا و دەزگاکـان پاراسـتنی رێگاکەیـان خسـتبووە سـەر ئەسـتۆی ئەو ... وەرگێڕە عەرەبییەکە).

ناکۆکی لەنێوان ئیبن ئەلشەعلان و ئیبن رەشید (سەعود بن رەشید) لەئارادایە و پەیوەندییان زۆر ناخۆشە، هەروەها وتی عەبدولعەزیز بن سەعود کۆنترۆڵی نەجدی کردووە، لەو نزیکانەش پەلاماری حائیلیش دەدات.

دەچم سەرێک لە ژنەکەی والی عارف بیگ دەدەم، ژنێکی باڵکێش و جێگای رامانە، ژنەکە باوکی میسری بووە، بەڵام بەڕەچەڵەک لە کاڤالای تورکیا هاتبوو. ژنەکە دەیووت حکومەت باڵە رەش و نەیارییەکەی بەسەر تورکەکاندا کێشاوە، هیچ ریفۆرمێکیش لە ناوچەی ئانەدۆڵ بەدی ناکرێت، گومانیشی لە خراپەکانی لیژنەی بەلکان هەبوو، هیواداریش بوو کونسلێکی ئینگلیز بۆ ناوچە ئەرمنییەکان دابنرێت، تا لێپێچینەوە لە ستەمەکانی سەریان بکەن، هەروەها باسی ئەوەشی دەکرد، کە حکومەت دەزانێت زوڵمی زۆر لە کوردەکانیش دەکرێت، ئەرمەنەکانیش ئەو زەوییانەی دەیکڕن خاوەنداری دەکەن. عارف بیگ عەرەبێکی ماردین بوو، دەبێتە والی بەسرا، ژنەکەی حەز بەو شارە دەکات و خۆشی دەوێت، بەتایبەتی خەڵک و ژنەکانی، ئەو ژنەش، وەک هەموو ژنێکی تری موسلمان، وەک چۆن لە کتێبی بێگانەکانیش باسکراوە، هیچ کارێک ناکات، تا رادەیەک دەست نادەنە دەرزییەک بۆ دوورینی جلەکانی خۆشیان، زۆربەی ژنەکانیش نەخوێندەوارن، مەدام عارف ژنە خزمەتکارێکی ئینگلیزی لەبەردەستە، ئەویش خاتوو گرینە.

پاش نانخواردن، لەگەڵ خاتوون برونتون لە دەوروبەری شوورەی شارەکە پیاسەیەکمان کرد، بەیەکەوە لە قاوەخانەیەکی نزیک لە باب ئەلسلام قاوەیەکمان خواردەوە، هەتا عەسرەکەی ئەو رۆژە ماینەوە و کاتی چاخواردنەوەش هات، شوکری بیگ ئەلعسلی

بەڕێوەبەری باب عەبدولوەهاب هاتە لامان، لەگەڵ عەلی ئەفەندی ئاخاوتنمان کرد، لەگەڵ شوکری لەسەر یەکێتی عەرەبی و ڕۆڵی شێخە گەورەکانی عەرەب لەو بابەتە دانوستانمان کرد، ئینجا هاتنە سەر باسی نواف بن نوری ئەلشعلان، نەواف خوێندەوارێکی باش و سیاسییەکی چالاک و لێزانە، هەروەها وتی موبارەک حاکمی کوێت داوای لە سەعود بن رەشید و عەبدولعەزیز بن سەعود کردووە لە ئەحساء، یان لە کوێت کۆنگرەیەک بۆ قسەکردن، بەپێی یاسا لەسەر ئاریشە ئالۆزەکانی نێوان عەرەب بگرین، شوکری وتی هیچ جۆرە ئازادییەک لەبن دەسەڵاتی حزبی ئیتحاد و تەرەقییدا نییە، لەودەمانە میر تایەر هاتەلامان، نەمویست باسی بەرنامەی گەشتەکەمی بۆ باس بکەم، ویستم هەڵیخەڵەتێنم، ئێوارەکەی لەگەڵماڵباتی مکینون نانمان خوارد.

## ڕۆژی شەممە ٢٩ی نۆڤمبەری ساڵی ١٩١٣ی زاینی

بەختیاربوون کە لەگەڵ موحەمەد ئەلبسام چووینە ماڵەکەی موحەمەد ئەلمعراوی، باش بوو ئەو لە ماڵەوە بوو، لەودەمانەش عەلی ئەلساعی لە قاوەخانەکەی نزیک هوتێلەکە دیمانەی موحەمەد ئەلنعمان دەکات، لەبەر هەتاوەکە بەیەکەوە دادەنیشن، سوێندی خواردبوو منی لە مناڵەکانی خۆی زۆرتر خۆشدەوێت و وتبووی:

(سوێند بە ژیانی موحەمەدی پێغمبەر و عیسای پێغمبەر) داواشی دەکرد من لەو گەشتەم موحەمەد ئەلمعراوی لەگەڵ خۆم ببەم. وەکیل عەبدولرەحمان هاتەلامان و باسی گەشتی سەهۆڵەکەمان کرد، ساڵی سەهۆڵەکە. پاش نانی نیوەڕۆ پشووەخەوێکم کرد، لەسەر پشتی

کارتەکەی پۆست کە بۆ خاتوون دڤیم دەنارد، نووسیم توانیم دوازدە حوشتر بکڕم.

## ڕۆژی یەکشەممە ٣٠ی نۆڤمبەری ساڵی ١٩١٣ی زاینی

ڕۆژەکە باران بوو، لەگەڵ خێزانەکەی برنتون بەرەو مزگەوتەکە ڕۆیشتین، تا دوای نیوەڕۆ لەوێ ماینەوە، عەسرەکەی موحمەد ئەلبسام سەردانی کردین، ماوەیەکی زۆر قسەمان دەکرد، زۆر بابەتمان شرۆڤە کرد، دوایی قسەم لەگەڵ بەرێز (برای) کرد.

## ڕۆژی دووشەممە ١ی دیسمبەری ساڵی ١٩١٣ی زاینی

بەیانییەکەی لەناو بازاڕ هەندێ شتم کڕی، دوایی سەردانی موحمەد پاشام کرد، کە هەرگیز دیمانەکانمان بەجۆش و خۆش نەبووە، پیاوێکی بەتەمەنی کۆنەپەرست بوو، هزری بە بزاڤی نەتەوەیی عەرەبی ئاودرابوو، پاش نانخواردن دانوستانێکی گەرم لەنێوان دکتۆر عەبدولرەحمان و جۆرج ئەفەندی بەڕێوەچوو، عەبدولرەحمان سەر بە بزاڤی نەتەوەیی عەرەبی بوو: سەید تالیب[٣]

---

٣ سەید تالیب پاشا ئەلنەقیب (١٨٧١_ ١٩٢٩ی زاینی) پێشەوایەکی عروبی عیراقی بووە، بنەماڵەکەی سەرپەرشتی شەریفەکانی بەسرای کردووە، قورئان و زمانی عەرەبی لەسەر دەستی مامۆستای تایبەتی خوێندەوە و چەند زمانیش فێربووە: تورکی، فاری، ئینگلیزی و کەمێکیش زمانی هیندی زانیوە. ئەو پیاوە بەوە دەناسرا پارەی زۆری لەسەر هەژارەکان دابەشکردووە و نانی کەسانی کەساس و داماوانی داوە، لە ساڵی ١٩٠١ی زاینی دەبێتە موتەسریف (پارێزگار)ی لیوا (پارێزگا)ی ئیحساء، بەڵام پاش دوو ساڵ دەست لە پۆستەکە دەکێشێتەوە و دەگەڕێتەوە ئەستنبوڵ، لە ساڵی ١٩٠٨ی زاینی دەبێتە ئەندامی ئەنجومەنی (مەبعوسان)ی عوسمانی (پەرلەمان)، لە ساڵانی ١٩١٢ و ١٩١٤ی زاینی دووبارە بۆ ئەندامیەتی هەڵدەبژێردرێتەوە. لە ساڵی

له بەسرا داوا لە شێخە عەرەبانە دەکات کۆببنەوە: شێخ موبارەک (کوێت)، شێخ ئیبن ئەلشەعلان (شێخی دەوڵەت)، شێخ ئیبن ئەلسەعدون شێخی منتفق، سولتان عەبدولعەزیز بن ئەلسەعود (سولتانی نەجد)، شێخ خزعل شێخی موحەمەرە، لە ماوەی دوو مانگ کۆببنەوە. سەبارەت بە ئیمامی یەمەن جێگای بایەخ نەبوو، ئیبن رەشید ئاگاداری دەکاتەوە کە یەکێک لەجیاتی خۆی بۆ کۆبونەوەکە بنێرێت، بەڵام دیار بوو لەو کارە سارد بوو، حکومەتی تورکیا پشتیوانی بۆ زۆرتر دەکردن، هەروەها تۆپ و دیاری زۆری بۆ شەریفی مەکە ناردبوو، ئەویش یەکێک لە کوڕەکانی لەو کۆنگرەیەی بەنیاز بوو لە کوێت ببەسترێت دەنێرێت، وتیان مشهور بن فواز الفایز شێخی بنی سەخر، یەکێک بوو لە چالاکترین و ئەکتیڤترین کەسایەتی کە پەرۆشی یەکێتی عەرەبی بوو، عەبدولرەحمان وتی:

---

١٩٠٩ی زاینی حزبی ئەلحور دادەمەزرێنێت، کە لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی مەبعوسانی ساڵی ١٩١٤ی زاینی شەش کورسی دەهێنێت، داوای مافەکانی عەرەب لە دەسەڵات و بەشداریکردن لە پۆستە گشتییەکان دەکات. کە سوپای بریتانی لە ساڵی ١٩١٤ی زاینی دەگەنە ناو بەسرا، ئەلنەقیب دەگیرێت و بۆ هیند دووردەخرێتەوە، پێنج ساڵ لە تاراوگە دەمێنێتەوە، کە دەگەڕێتەوە بەسرا و دەبێتە یەکەم وەزیری ناوخۆ لە مێژووی عیراق لە یەکەم حکومەتی ئینتقاڵی عیراقی بە سەرۆکایەتی عەبدولرەحمان ئەلنەقیب (١٩٢٠_١٩٢١ی زاینی). ئەو پاڵێوراوی دیار و باڵکێشی وەرگرتنی عەرشی عیراق بوو، بەڵام بریتانیا هەست دەکات ئەو پیاوە شیاوی مەرام و بەرنامەکانی نییە، چونکە ئەو کەسایەتییەکی بەهێز و نەتەوەپەرستێکی بەئینتیما بوو، بۆیە رۆڵە سیاسییەکەی کز دەکرێت، دووبارە لە عیراق دووردەخرێتەوە، تا کەس لەسەر عەرەش لەگەڵ مەلیک فەیسەل ململانێی نەکات، هەتا ساڵی ١٩٢٥ی زاینی ناگەڕێتەوە عیراق و چوار ساڵ لە تاراوگە دەژیت، لە ساڵی ١٩٢٩ی زاینی لە نەخۆشخانەیەکی ئەڵمانیا دەمرێت، لە گۆڕستانی ئەلحەسەن ئەلبەسری لە زوبیر دەنێژرێت ... وەرگێڕە عەرەبییەکە.

(یەکەم جار بیابانەکە لە سەردەمی پێغمبەر موحمەد یەکگرتوو بووە)، هەروەها وتی هەموو بنەماڵە سەرکردەکان لێرە هاوسۆزی یەکگرتنن، هەر هیچ نەبێت گەنجەکان، لەوانە بنەماڵەی عەتا بیک الگیلانی.

## رۆژی سێشەممە ٢ی دیسمبەری ساڵی ١٩١٣ی زاینی

سەردانی ژنەکەی موحمەد ئەلبسامم کرد، ئەو وتی لەوەتی هاتوومەتە شام، دووجار لە ماڵ دەرچووم، جارێکیان زیارەتی مزگەوتی ئەلئەمەویی گەورەم کردووە، محەمەد ئەلبسام ئاماژەی بە کۆبونەوەی شێخە عەرەبەکانی کرد، کە بەنیازن کۆببنەوە، بە قسەی ئەو کۆبونەوەکەیان هیچ دەرئەنجامێکی نابێت، چونکە رێکناکەون، لەناو بازارێکی میللی لەگەڵ خێزانەکەی برونتون و برای و بەرێز برایس نانی نیوەڕۆمان خوارد. چوومە سەردانی خێزانەکەی عەتا بیگ ئەلگیلانی، ئێوارەکە بەرێز لویتڤید سەردانی کردم، بەیەکەوە نانی ئێوارەمان خوارد، ئەو وتی ئینگلترا لێرە نوێنەرایەتی هەموو شتێک دەکات، بوونی میسریش هەیە، خزمەتی سەربازیمان نییە، ئازادی بازرگانی هەیە، کمبرباتش رۆڵێکی گەورەی هەبووە، پشتیوانی دەکرد بۆ کردنەوەی یانەی یەکگرتن لە بەیروت و هانی دیڤی دەدات، بۆ دابینکردنی چەک بۆ دروزەکان، هەروەها وادەزانێت بوون و هەژموونی فەرەنسا، مەترسییان بۆ پەیدا دەکات، بەتایبەتی لە میسر.

## ریزبەندی گەشتەکەی گیرترود بیل

لە رۆژی ١٦ی دیسمبەری ساڵی ١٩١٣ی زاینی لە دیمشق بەرەو بادیەی شام و بەرەو خۆرهەڵات بەڕێدەکەوێت.

لە رۆژی ٢٠ی دیسمبەری ساڵی ١٩١٣ی زاینی دەگاتە چیای سەییس، هەوارێکە بۆ دابینکردنی ئاو و ئالیک بۆ کاروانەکان، لەوێیەوە بەرەو باشوور دەڕوات.

لە رۆژی ٢٤ی دیسمبەری ساڵی ١٩١٣ی زاینی دەگاتە ناوچەی کۆشکی برقع، پاش ئەو لە راورووتی هەندێ لە بەدوەکان دەربازی دەبێت، دەست دەکات بە کۆپیکردنی شوێنەوارە کۆنەکانی ناو کۆشکەکە.

لە رۆژی ٢٨ی دیسمبەری ساڵی ١٩١٣ی زاینی لەنزیک چیای دروز و لەلای هۆزی ئەلرولە هەوارەکەی هەڵدەدات.

لە رۆژی ٣١ی دیسمبەری ساڵی ١٩١٣ی زاینی دەگاتە کۆشکی ئەلئەزرقی نزیک سەرچاوەکانی ئاو.

لە رۆژانی ٢ تا ٧ی ینایری ساڵی ١٩١٤ی زاینی لە نزیک کۆشکی ئەلحەرانە هەوارەکەی دادەنێت، خەریکی کنە و شرۆڤەکردنی شوێنەوارەکانی کۆشکەکە و کۆشک عومرە دەبێت.

لە رۆژی ٧ی ینایری ساڵی ١٩١٤ی زاینی لەگەڵ پیاوە خزمەتکارەکەی فەتوح، لە ناوچەی زیزیا دەگەنەوە یەک، بەرپرسە تورکەکانیش بواری سەفەرەکەیان لێ دەگرن و بەناچاری دە رۆژ دەمینێتەوە.

لە رۆژی ١٧ی ینایری ساڵی ١٩١٤ی زاینی بواری دەدەن لەناو کۆشکی ئەلتوبە دەست بە شرۆڤە و لێکۆڵینەوەکانی بکاتەوە.

له ڕۆژی ١٩ تا ٢٥ی ینایری ساڵی ١٩١٤ی زاینی دۆڵی بایر دەبڕێت، شەیدای سەرچاوەی ئاو دەبن، دەگەنە ناو کۆچەرەکانی ناو بادیە.

له ڕۆژی ٢٥ی ینایری ساڵی ١٩١٤ی زاینی دەگەنە هەوارەکانی هۆزی ئەلحویتات، ماوەی نۆ ڕۆژ، لەناو بنەماڵە و بەرەبابەکانی ئەو هۆزە دەمینێتەوە، چەندین فۆتۆی ژن و پیاوەکانیان دەگرێت.

له ڕۆژی ٢ی فبرایەری ساڵی ١٩١٤ی زاینی لەگەڵ هاوڕێیەکانی و بە پشتیوانی ئەوان، بۆ پاراستنی له هۆزەکان بەرەو بیابانی نەفووزی گەورە دەڕوات.

له ڕۆژی ٩ی فبرایەری ساڵی ١٩١٤ی زاینی ڕووبەڕووی ڕاورووت و هەڕەشە دەبێتەوە.

له ڕۆژی ١٠ی فبرایەری ساڵی ١٩١٤ی زاینی دەگاتە ناو سنووری بیابانی نەفووزی گەورە.

له ڕۆژی ١٩ی فبرایەری ساڵی ١٩١٤ی زاینی بەشی خۆرهەڵاتی بیابانی نەفووزی گەورە دەبڕێت، ئەویش دەبێتە یەکەمین ژنە ئەوروپا ئەو سنوورە دەبڕێت، ئەو ڕێگایە دەگرێتەبەر و نەخشەی سەرچاوە ئاوییەکانی ناوچەکە دەکات.

له ڕۆژی ٢٢ی فبرایەری ساڵی ١٩١٤ی زاینی، پاش چەند مانگێک یەکەم گوندی ئاوەدان دەبینێت.

له ڕۆژی ٢٥ی فبرایەری ساڵی ١٩١٤ی زاینی، دەگاتە ناوچەی حائیلی بن دەسەڵاتی ئیبن ڕەشید، ماوەی ١٢ ڕۆژ لەوێ دەستبەسەر دەمینێتەوە، لەو ماوەیەدا هاموشۆ لەگەڵ هەندێ له ژنەکانی بنەماڵەی ڕەشید دەکات.

له رۆژی ٧ی مارســـی ســـاڵی ١٩١٤ی زاینـــی بـــواری دەدەن له حائیل بڕوات، بەرەو باکووری خۆرهەڵات ملی ڕێگاکه دەگرێت، تا دەگاته ناوچەی حەبانییه و دوایی نەجەف و بەغدا.

له رۆژی ١٧ی مارســـی ســـاڵی ١٩١٤ی زاینـــی دەگـــاته هەواری هۆزه مەڕدارەکانی خۆرئاوای ڕووباری فورات.

له رۆژی ٢٣ی مارسی ساڵی ١٩١٤ی زاینی دەگاته نەجەف، پێنج رۆژ لەوێ دەمینێتەوه و به ڕێگای کەربەلا دەگاته بەغدا.

له رۆژی ١٢ی ئەپریلی ساڵی ١٩١٤ی زاینی له بەغدا بەرەو بابل دەڕوات، چاوی به زانا و شوێنەواره ئەڵمانەکان دەکەوێت.

له رۆژی ٢٣ی ئەپریلی ساڵی ١٩١٤ی زاینی له ڕێگای رۆیشتنی بۆ دیمشق له رومادی، دیمانەی شێخ فەهد بیک ئەلهەذال شێخی هۆزی عەنزه دەکات.

له رۆژی ١ی مایوی ساڵی ١٩١٤ی زاینی دەگاتەوه دیمشق، پاش کاروانێکی دووردرێژ لەسه پشتی حوشتر و مانەوەی چوار مانگ و نیو دەگاتەوه دیمشق.

## سێشەممه ١٦ی دیسمبەری ساڵی ١٩١٣ی زاینی

بـــۆ دەســـتپێکردنی گەشـــتەکەمان بارەکانمـــان پێچـــایەوە، کاروانەکەمان بەناو مێرگ و چیمەن و باخێکی قەیسی ڕەنگ زێڕیندا دەستی پێکرد، باخی زەیتونیش سێبەری بۆ تەبارەی گەنمەکه کردبوو، جووتیارەکانیش خەریکی هەڵوەردانی زەیتون بوون، حوشـــترەکانمان له گەڵای داره ســـەدرەکان دەڵەوەڕان. له عەذرا

ڕێگـاکە ڕێچـکەی زۆری لـێ دەبـووەوە، مـوحمەد وتـی بـا لێـرە هەوارەکەمان هەڵبدەین، بەڵام من ڕازی نەبووم.

لەوێ چوار مەتارەمـان پڕ ئاو کرد و سێ مریشکمان کڕی، لە ڕۆیشتن بەردەوام بووین. سەعات یازدە و چارەکێگ بەختیاربووین، کە دەشـتاییەکی جوانمـان دۆزیەوە، لەوێ هەوارەکەمـان هەڵـدا، لە دووری چـوار میـل باشـووری زەمیـر مـاینەوە، بە مەزنـدەی خـۆم، لەوێ هیچ سەربازێک و هۆزی غەیاسی قیشلەش نابینین.

عەلی بـۆ دۆزینـەوەی یاوەرێـک، بـۆ ئەوەی هاوڕێیەتیمـان بکـات پەرۆش بوو، ئەوانی تریش سەرقاڵی سازکردنی ڕەشماڵەکان بوون، ئیبراهیم و سالم چالاکانە ئیشیان دەکرد، کاروبـاری ئـاگرکردنەوە و چێشتلێنان ساز بکەن، حوشترەوانەکانمان عەلی و عەبدوڵا و فەرەج و پیاوە ڕەشە عەبدەکە بوون.

موحمەد ئەلمعراوی و عەلی پیاوێکی تریان بۆ دۆزیمەوە، منیش لەگەڵ ئەوە نەبـووم قبـووڵ بکەم پیـاوی چـوارەمم لەگەڵ بێت، سـێ حوشـترەوانەکە لە هـۆزی ئەلعقـیلات بـوون،[٤] بەختیـاربوون هەتـا

---

٤ ئەلعقیلات: چەند گرووپێکی نـاو هـۆزە عەرەبییە شارستانەکان بوون، زۆربەیان خەڵکی ئەلقسـیم بـوون، هەندێجار خەڵکی تریشـیان بەگەڵ دەکەوێت، کە لەو هـۆزانە بوون کاری بازرگانی هەمەرەنگ و هەمەجۆریان کردووە، هەروەها ئیشیان بۆ حـاجی و ڕێبوارەکـان کـردووە و بە کـاروانی حوشـتر، کالایـان لە دوورگەی عەرەبییەوە بـۆ میسر و شام و فەلەستین و عیراق و بەپێچەوانەش گواستوتەوە، پیاوانی ئەلعقیلات بە ئەمـانەت و ئـازایەتی و سـەبر و هاوکـاری و جـوامێریی و دڵسـۆزی و ڕاسـتگۆیی دەناسـران. گەریـدە و خۆرهەڵاتناسـان و خۆرئاواییەکـان لە گەشـتەکانییاندا لەبەر ڕەوشتە جوان و بەرزەکانیان پرس و هاوشانیان دەکردن.

ئەوەی شایانی باسە، یەکێک لە گەنجەکانی ئەلعقیلات بەناوی خەلیل ئەلـرەواف خەڵکی بریـدە بـوو، لە سـاڵی ١٩٣٧ی زاینـی لەگەڵ ئەکـتەری نـاودار جـۆن وایـن لە فیلمـی

سـەعات شەشـی ئێـوارە بـاران نەبـاری، رەشـماڵەکانمان هەڵـدا و خواردنەکانمان ساز کرد و ئەو گۆشتەی لە دیمشق لەگەڵ خۆمان هێنابومان کردمانە چێشت.

## رۆژی چوارشـەممە ١٧ی دیسـەمبەری سـاڵی ١٩١٣ی زاینی

شەوی رابردوو با و بارانێکی زۆر بوو، بەرۆژیش هەر خۆشی نەکردەوە، بۆیە نەدەکرا کاروانەکەمان بەردەوام بێت، پاش عیشا خەریکی دوروینەوەی جانتاکان بووم، بەدرێژایی رۆژەکە لەناو خیوەتە گەورەکەی پیاوان بووم و خەریکی خوێندنەوەی دواژمارەی تایمی هەفتانە بووم.

## رۆژی پێنجشەممە ١٨ی دیسمبەری ساڵی ١٩١٣ی زاینی

کەشەکە ساردبوو، بەفر گردەکانی داپۆشیبوو، بە دوو سەعات و چارەکێک خەریکی بارکردنەوەی حوشترەکان بووین، سـەعات هەشـت و ٣٥ دەقە بەڕێکەوتـین، رێگاکەمـان لەنـاو نـاوچە کشتوکاڵییەکە، یەکپارچە قووڕ و چڵکاو بوو، ماوەماوە حوشترەکان خلیسـکیان دەبـرد و بەردەبـونەوە سـەر زەوی، کە لە نـاوچەی باشـووری خیـوەتگەی رۆمانەکـان بـووین، لەوێ حەمەد ئەللافی بەگەڵ کاروانەکەمان کەوت و بووە هاوڕێی رێگاکەمان، دیار بوو

---

(پەیامنێری جەنگ) وەک پاسەوانێکی کۆچەری بۆ شێخێکی هۆزەکەیان رۆلی بینیوو، دەکرێ بڵێین ئەلرەواف یەکەم عەرەب بووە لە هۆلیود بەشداری کردووە... وەرگێڕە عەرەبییەکە.

ئەو پیاوە، لەگەڵ هەموو هۆزەکان بێجگە هۆزی ئەلزیاد و ئەلجملان دوژمنداری هەبوو، هۆزەکانی ئەو ناوچەیە خەریکی چاندن بوون، لەبەرئەوەی لەگەڵ ئێمە بوو، لە دوژمنەکانی لە هۆزی بنی حەسەن ترسی نەبوو. ئەوانەی بیریان لەوە دەکردەوە پیاوێکی ترمان بەگەڵ بکەوێت، وا ئەو بووە هاوڕێی کاروانەکەمان، رۆژانەکەشی یەک مەجیدی بوو، سەعد و موحمەد ئەلمحلمیش لە حکومەتەوە مووچەیان هەبووە. بنو حەسەن دەستەیەکی سەربەخۆ بوون، دەیانووت سەر بە غیاسن.

لە سەعات یازدە و نیو گەیشتینە ناو زەوییەکی بورکانی، بەناو بەردەڵانەکە رۆیشتین و سەعات دوو و نیو گەیشتینە تل ئەلعبد، لەوێ توانیمان دێمکە و مەتارەکانمان پڕ ئاو بکەین. لەناو بەردەڵان و بن کەندەڵانەکانی بەردیان تێدا نەبوو، گیا و سەوزاییمان دۆزیەوە، پیاوێک لەسەر پشتی حوشترێک لێمان نزیک کەوتەوە، ئەو سەر بە ئەلجملان بوو، هاتبوو بزانێت ئێمە کێین و چ دەکەین؟ خەڵکەکەی لە باشووری ئێمە هەڵیاندابوو. خۆرئاوابوونەکە زۆر جوان بوو، جووتیارێک جووتی دەکرد، کە منی بینی زۆر سەرسام بوو، ژەمێکی خۆش و باشی کوراگمان خوارد.

## رۆژی هەینی ١٩ی دیسمبەری ساڵی ١٩١٣ی زاینی

لەبەر سەرما، چەندجار لە خەو هەڵدەستام، پلەی گەرما دوو لە ژێر سفر بوو، بەفر سەرزەوییەکەی داپۆشیبوو، چواردەورمان تەمێکی تاریک بوو، رەشماڵەکانمان پێچایەوە و پاش یازدە سەعات و بیست دەقە لە تەمێکی بێزارکەری ناخۆش بەڕێکەوتینەوە.

تەمەکە کەمێک رووناکی کردەوە، ماوەی هەشت مەتر بەرچاوی خۆمان دەبینی، دەکرا چیاکەی خۆرهەڵاتمان ببینین، لەسەر خاکێکی کشتوکاڵی دەشتایی، بەڵام کەمێک بەردی بورکانی و هەندێک گردی تێدا بوو (گردەکانی خۆرهەڵاتی ئوبنهایم)، بەلای چەپی گردی ملحە قرنفل ڕۆیشتین، نیوەی گردەکە لەبەر تەمەکە دیار نەبوو، گەیشتینە نزیک کەڤرە رەشەکان، وادەزانم ئەو کەڤرانە زۆر کۆن نییە. کەشەکە شێدار بوو، لە سەعات دوو و پازدە دەقە، لە نزیک چیای مکحول رەشماڵەکانمان هەڵدا، پاش نیوەڕۆ کەشەکە فێنک بووەوە. سەرچاوەکانی ئاو زۆر لە رەشماڵەکانمان دوور نەبوو، لەوێ ئاومان هێنا، کەسمان نەبینی چونکە هۆزە گەورەکان بەرەو حماد کۆچیان کردبوو.

## رۆژی شەممە ٢٠ی دیسمبەری ساڵی ١٩١٣ی زاینی

دوێنێ شەو زۆر سارد بوو، پلەی گەرما بۆ حەوت ژێر سفریش دابەزیبوو، بەیانی سەعات حەوت لە خەو هەڵساین، خیوەتی پیاوەکان لەبەر شەختە زۆری نەمابوو شەق شەق ببێت، بۆیەش پێچانەوە و هەڵگرتنەوەی کاتێکی زۆری لێمان ویست، هەتا سەعات هەشت خەریکی بووین. لەگەڵ هەڵاتنی خۆر، نانی بەیانیمان خوارد، سەبر سەبریش تەمەکە دەڕەوییەوە، بەناو چەمەکانی مکحول رێگامان گرتەبەر، ناوچەکە وشک بوو، هەموو پووش و دارودەوەن بوو، لە دوورەوە چیای سییسمان لێوە دیار بوو، سەعات دوازدەی نیوەڕۆ گەیشتینە ئەو چیایە.

گەیشتینە هەوارەکانی ولد عەلی، کە موحمەد دوو پیاوی لەبەر مەڕەکان بینی دڵی توند بوو، وایزانی ئەوانە سەر بە زبادەکانن، کە لە چەمە وشکەکانی سییس ڕەتبووین، گەیشتینە چەمێکی بەئاوی تەڕ و زۆریش دوور نەبوو، هەر دوو میل دەبوو. لە باکووری خۆرهەڵاتیش چەند چەمێکی بەئاومان بینی، چەمەکە ئاوی تێدا راوەستابوو. لە خۆرئاوا و باشووری گردە بورکانییەکانیش، لەناو پەنا و گۆشەی ئەشکەوتەکان ئاومان بینی، جۆگەکان لە باشووری خۆرهەڵاتەوە دەگەیشتنە دوورگەیەکی گەورەی ئاو.

لە سەعات دوازدە و نیوی نیوەڕۆ، گەیشتینە سەر کەلاوەی شارێکی کۆن، لەوێ خیوەتەکانمان هەڵدا، سەر ئەرزەکە زبڵدان و پیسایی بوو، کەلاوەکان شوێنەواری کۆنە مزگەوتێکی بچووک و کۆشکێکی گەورەی بە بوورجی زۆر بوو، لەوانە بورجێکیان لە هەموویان بەرزتر دەردەکەوت، دیارە کۆشکەکە دوو نهۆم بوو، لە بەشێکی کۆشکەکە حەمامێک بە کەرپووچ و بەردی تێدا دروستکرابوو. مزگەوتەکە باشترین و جوانترین دروستکراوی بەردی ناوچەکە بوو، بەردی بناخەکەی بە بەردی داتاشراو دانرابوو، ژوورەکانی نهۆمی ژێرەوە و سەرەوەی بە بەردی تاشراوی سازکراوی باش دروستکرابوو.

چوومە سەر گردە بورکانییەکە، شوێنەکە روانگەیەکی باش بوو، بۆ دیتنی دیمەنی ناوچەکە و لەوێ چەند فۆتۆیەکم گرت، لە خۆرهەڵات و باشوورە چەند مێرگ و چۆمی ئاوم بینی، هیچ عەرەبێکم لێوە دیار نەبوو، لە دوورەوە چیای دروز و چیای سەفام لێوە دیار بوو، لە چیاکە دابەزین و چامان ساز کرد و چامان خواردەوە.

## رۆژی یەکشەممە ٢١ی دیسمبەری ساڵی ١٩١٣ی زاینی

بەیانییەکەی کۆتاییمان بە پیوانەکان هێنا، نزیکەی سەعات نۆ و نیو بەڕێکەوتین، لە دوورەوە دووکەڵی کۆچەرەکانم لە هەوارەکانەوە دەبینی، رەوە رەوە حوشتریشم لێوە دیار بوو، بۆ باشتر بینی هەوارەکە، چوومە سەر بەرزاییەک، لەوێیەوە بە دووربینەکەم سەیرم کرد، هەوارەکانم باشتر بینی، تێگەیشتم ئەوانە عەرەبی چیای دروزن، پاش سەعاتێک و نیو سوارێک بەرەو پیرمان هات، کە لە ئێمە نزیک کەوتەوە چەند تەقەیەکی بەئاسمانەوە وەنا، کە سوارەکە تفەنگەکەی لەسەر سینگی حەمەد دانا، حەمەد هاواری کردە سەری و قیژاندی، موحەمەد ئەلمعراوی لە سوارەکە نزیک کەوتەوە و پێی وت:

پیاوەکە ناوی خودا بێنە، ئێمەی میللەتی (شوام) و (عەقیل) و (قەناسیل)ین. ئەویش وەک شێت لە چواردەورەمان دەسوڕایەوە و دەیقیژاند و دەیووت:

ئێوە دوژمنی ئێمەن، ئێوە (قەوم)ن، نەیارن! ئێوە میللەتی (عەنزە)ن. داوای تفەنگ و فەرووەکەی لە عەلی کرد، ئەویش هەردووکیانی بۆ هاویشت، کۆمەڵە سوارێکی تر گەیشتین، کوفیەیان لەسەر نەبوو، یەکێکیان سەری رووت بوو، یەکێکیان پەتی حوشترەکەی موحەمەدی گرت و شیرەکەی هەڵکێشا و بەرووی من و موحەمەد راگرت، لە حوشترەکەم نزیک کەوتەوە و یخی کرد، چەند مناڵێک دەستیان لەناو هەگبەکەم راکرد و هەندێ شتیان لێ دزی، دەمانچەکانیان لە پیاوەکان وەرگرت و دەستیان بە تەقەکردن

کرد، داماو و دەستەوەستان دانیشتم و سەیری رەوشەکەم دەکرد، حوشترەکەم هەڵسایەوە. لەودەمانە جووتیارێکیان هاوار دەکات سەریان و دەیقیژێنێت، من ئەوانە دەناسم و ئەوانەش من دەناسن، من حوشترێکم لەوانە کڕیوە، ئیتر بەو هاوارە، هەموو قیژەقیژ و تووڕەییەکان نەما، هەموو شتە دزراو و تالانکراوەکانمان بۆ گەڕایەوە، دوو شێخیش لێمان نزیک بوونەوە و بەگەرمی بەخێرهاتنیان کردین و بزە و رووخۆشیمان بۆ گەڕایەوە، دیارە کە هۆزە عەرەبەکان ترسیان لە دوژمنەکانیان زۆرە، چووینە ناو هۆبە و هەوارەکانیان و ویستمان لەنزیک ئەوان بنکەمان دامەزرێنین، لەوەش مەبەستمان بوو لە مەترسی و هەڕەشەکان دووربکەوینەوە، دوایش داوامان لێکردن پیاوێکی خۆیان وەک هاوڕێی رێگاکە بدەنێ، ئەوانیش بەپەرۆشییەوە پرسیان لە رێگای خۆتان هیچ عەرەبتان دیبوو.

لەناو هۆبەی شێخەکانیان دانیشتین، بۆ هەر یەکێکیان پێنج مەجیدییەم پێبەخشین، ئێوارەکەی ئەوانیش میوانمان بوون، گوێم لە سترانەکانیان راگرت، یەکێکیشیان بەناوی عویش ئەبو عەلی بۆ ناردین، لەدیار ئاگرەکەش قاوەمان خواردەوە، ئەوان باسی کۆنە رێگایەکیان بۆ کردین لە کۆشکی برقعەوە بۆ کۆشکی ئەلئەزرق. عواد پرسی تۆ لەو کاروانە مەبەستت چییە و چ دەکەیت، منیش لە وەڵامدا وتم:

من حەز لە سەحرا دەکەن و سەحرام لە شارەکان زۆر پێ خۆشترە، ئەویش لە وەڵامدا وتی:

ئەوەیان راستە، ئینجا وتی:

من چوارده ڕۆژ لە دیمشق ماوەمەتەوە، وامدەزانی چوارده مانگە، هەستم دەکرد لەوێ بەند و ئەسیرم.

## ڕۆژی دووشەممە ٢٢ی دیسمبەری ساڵی ١٩١٣ی زاینی

هەتا سەعات هەشتی بەیانی بارانێکی خۆش دەباری، لمی بیابانەکە شل و چەور و چیڕ ببوو، بەڵام بایە بەتەوژمەکە زوو قووڕەکەی وشک کردەوە، سەعات نۆ و چل دەقە لە خەو هەڵسام، ڕەوشەکە ئارام و ئاسایی بوو، لەگەڵ ڕۆخی خۆرهەڵاتی کەندەکەی حوره دەڕۆیشتین، عویشی ڕێبەرەمان لەسەر پشتی حوشترەکەی هەڵکوڕمابوو، یەک قسەی لەدەم نەهاتەدەر، نازناوی ئەبو عەلی بوو، بەڵام ناوم نابوو ئەبو نەعوم.

سەعات دوو و بیست و پێنج دەقە لەنزیک ئوم ئەلدو هەڵماندا، هەوارەکەمان ئەرزەکەی بورکانی ڕەش بوو، قوومی زۆر بوو، بەرامبەرمان چەند مێرگ و گۆمە ئاوی لێ بوو، ئاسمانیش یەکپارچە هەور بوو، گردە بەردەڵانەکە وەک شوورەیەکی دژ بەرامبەرمان دیار بوو.

لە جیهان دوور کەوتبووینەوە، ئەرزەمان ڕاخستبوو و ئاسمانیش داپۆشیبووین، عەلی باسی ژنەکەی بۆ دەکردین، ئەو ژنەکەی لە بەغدا دەژیا، دەیووت ژنەکەم ڕەوشی باش نییە، ژنە سەگەکەی گەمە بە عەقلی دەکات و شێواندویەتی، موحمەد ئەلمعراوی دەیووت:

ژن هەیە سی هەتا چل جار شووی کردووە، ئەوەشیان مەقبووڵ نییە، من وادەزانم پیاو هەر یەک ژنی هەبێت، موحمەدیش دەیووت

ئەگەر ژن منداڵی نەبوو، واباشە پیاو ژنی دووەم بهێنێت، ئەگەر ژنیش تەڵاقدرا، دەبێ ماوەی سێ مانگ مێرد نەکاتەوە و راوەستێت، بەڵام ژنی عەرەب بەیانییەکەی تەڵاق دەدرێت ئێوارەکەی شوویێکی تر دەکاتەوە، موحمەد باسی کوشتنی هوبەری بە دەستی پیاوانی هۆزی حەربی بۆ گێڕامەوە.

پیاوێکی حەربی بە جلی هوبەرەوە[5] هاتبووە حائیل، موحمەد بن رەشید فەرمان دەدات بیگرن و رەوانەی ئەستنبۆڵی بکەن، بەڵام هیچی لەگەڵ ناکەن، سەندووقەکەی هوبەر رەوانە دەکەنەوە کە ناسنامە تایبەتییەکانی تێدا بوو، پیاوەکە پارەکانی دزیبوو.

## رۆژی سێشەممە ٢٣ی دیسمبەری ساڵی ١٩١٣ی زاینی

سەعات شەش کاروانەکەم بەڕێکەوت، کەشەکە زۆر سارد بوو، لەگەڵ خۆرهەڵاتن کەوتینە ناو تەمێکی چڕ. هەتا سەعات نۆ و نیو

٥ گەریدە و گەشتیاری فەرەنسی شارل هوبەر، دوو جار لەلایەن کۆمەڵەی جوگرافی فەرەنسی بۆ دۆزینەوەی دوورگەی عەرەبی فەرمانی پێ دەدرێت، جاری یەکەم لە ساڵی ١٨٧٨ تا ١٨٨٢ی زاینی و جاری دووەمیش لە ساڵی ١٨٨٣ تا ساڵی ١٨٨٤ی زاینی بووە، هوبەر نەبەردی و چالاکی دیاری لە بواری دۆزینەوەی دوورگەی عەرەبی هەبووە: نەخشەسازی کردووە، شوێنەکانی دیار کردووە، سەرژمێری دانیشتوانەکەی کردووە، هەروەها لە بواری شوێنەواریش کاریکردووە، لەو بوارەدا ماندووبوونی زۆر کێشاوە، ژیانی خۆی کردوتە قوربانی ئەو فەرمان و دۆزینەوانە، لە زۆر شوێنی دوورگەی عەرەبی کنە و پشکنینی کردووە، نەخش و وێنەی زۆری کۆپی کردووە، نووسین و بەڵگەنامەی شوێنەواری گرینگی دەستنیشانکردووە، ئەو کەڤر یان مسلیەی (تیما) دەدۆزێتەوە، کە وێنەی زۆری و دەقی ئارامیشی تێدا بووە، بەر لە کوشتنەکەی و بە ماوەیەکی کەم، هوبەر کەڤرەکە دەگەێنێتە فەرەنسا، ئێستاش کەڤرەکە لە مۆزەی لۆڤەر دانراوە.

بەپیادەیی لەگەڵ کاروانەکە دەڕۆیشتم، لە ئوم ئەلدو دەربازمان بوو، بەفرێکی سپی جلوبەرگی هەموومانی داپۆشیبوو، لە سەعات هەشت و نیو تا سەعات نۆ و چارەکێک، لە دەشتاییەکی تەختی وشکی بێ دار و سەوزایی رۆیشتین، سەعات دە و نیو تەمەکە رەویـیەوە، لەلای راستەوە ئەلحورەمان لێوە دیار بوو، کە لە باکووری خۆرئاوا کەناری دۆڵی موقات هەڵکەوتبوو، تا سەعات دوازدە و چارەکێک، لەناو دۆڵەکە رۆیشتین و گردی فرداسمان بڕی، کە دەکەوێتە بەرامبەری گۆڕەکەی بن مازی، یەکێک لە سەرۆک هۆزەکانی ئەلئیسا ئەوەی پێش بیست ساڵ حوشترەکەی کوشتبووی.

لەبن گردەکەی فرداس دەڕۆیشتین، عویش ئەبو عەلی بۆی گێڕامەوە چۆن هۆزەکەی پەلاماری هۆزی عەنزە دەدات، پیاوێک و ئەسپێک دەکوژن و چل حوشتریش بەتاڵان دەبەن، ئیتر لەو رۆژە دەبنە دوژمن، عەلی وتی لەو دۆڵە کاروانەکەی موحمەد ئەلبسام، کە لە دوو سەد حوشتر پێکهاتبوو و بەرەو نەجد دەڕۆیشت و مساعیدەکان هێرشی دەکەنەسەر و دەیانشکێنێت. گەیشتینە شوێنێک پێی دەووت ئەلغدیر، ئەو شوێنە جاران پڕ ئاو بوو، لەوێ ژمارەیەکی زۆری کوراگمان کرد، کە لەناو دار و پنچکەکان دەرچووبوون. لەگەڵ عەلی چاومان دەگێڕا شوێنێک دەستنیشان بکەین بیکەینە هەوار، عەلی وتی:

خاتوونەکەم با چاوەڕوانی کاروانەکانمان بکەین، با نەڕۆین، تۆ باش دەزانیت ئێمە چەکمان پێ نییە.

## ڕۆژی چوارشـــەممە ٢٤ی دیســـمبەری ســـاڵی ١٩١٣ی زاینی

دوایـی تێگەیشـتم و زانـیم لە هەوارەکەی دوێنـێ دەمـانچەکەم لەبیرکـردووە، داوام لە عەلـی کـرد بگەڕێـتەوە و دەمـانچەکەم بـۆ بهێنێـتەوە، بەڵام قبـووڵی نەکـرد بگەڕێـتەوە، حەمەد و عەبـدوڵا بەیانییەکەی زوو ڕۆیشتین بۆ هێنانەوەی دەمانچەکەم.

سەعات حەوتی بەیانی بەڕێکەوتین، سەعات نزیکەی یەکی دوایی نیـوەڕۆ گەیشـتینە کۆشـکی برقـع، بە دۆڵـی (موقـات) و (ئەلسـوابی) ناوچەکانی هۆزی عەنزەدا ڕۆیشتین، (مسیر) ڕۆیشتنی سێ ڕۆژ، لە باشووری (ئەلقارە) دوور بوو، ئەلقارەش ڕۆیشتنی شـەو و ڕۆژێک لە کۆشـکی (برقـع) دوور بـوو. هـۆزی عەنـزە لە (شـتاتە) کە ڕێگـای چـوار پێـنج ڕۆژ دوورە خورمـای لێـوەدەهێنن، شـوێنەکە هـیچ شوێنەواری کۆنی تێدا نەبوو، تەنها قەڵاتەکە بوو، کە نزیک قەڵاتەکە هەنـدێ گۆڕمـان بینـی، چەنـد ئێسـک و پروسـکیش لە نزیـک گۆڕەکانەوە بەدەرەوە بوون، چەند کۆنەبیرێش دەبینـران، خـاکەکەی بەردەڵانی بورکانی بوو، لەسـەر دیواری قەڵاتەکە نووسـینی کوفییم دۆزیەوە، ڕەنـگە مێـژووی نووسـینەکان بگەڕێـتەوە سـەردەمی خەلیفەی ئەمەوی وەلید بن عەبدولەمەلیک.

پاش ئەوەی چەند کوپێک چام خواردەوە، یەکسەر دەستم کرد بە فۆتۆکردن و نەخشەسازییەکان، کەشەکە فێنک بـوو، یەکەمجـار بـوو پـلەی گەرمـان بگـاتە سـێزدە، بە دووربینـەکەم سـەیری نـاوچەکەم دەکرد بۆ دۆزینەوەی شوێنەواریک، لەوێ هـیچ عەرەبێکمـان نەبینی، بەوە زۆر دڵشـاد بووین، لە نزیک هەوارەکەمـان پاشـماوەی تەرمێک

کەوتبوو، دیارە توورگ گۆڕەکەیان هەڵکۆڵیبوو، کە شەو داهات ئاسمان بوو بە یەکپارچە ئەستێرە و دەدرەوشانەوە، بە سەیرکردنی ئەستێرەکان دیمەنی جوانم لە ئاسمان بەدی دەکرد.

## ڕۆژی پێنجشەممە ٢٥ی دیسمبەری ساڵی ١٩١٣ی زایینی

بەیانییەکەی سارد بوو، دیسان پلەی گەرما دادەبەزێت و دەگاتە دووی ژێر سفر، ئاوەکە ببوو بە سەهۆڵ، بۆیە نەمتوانی دەموچاوم بشۆم، سەیرێکی نووسینە کوفییەکەم کردەوە، هەستم بە بوونی نووسینی یونانیش کرد، دڵنیابووم قەڵاتەکە یونانی بووە. بەیانییەکەی عەبدوڵا و حەمەد بەسەلامەتی هاتنەوە و دەمانچەکەی منیان هێنابووە. لەنزیک هەوارەکەمان لەسەر بەردەڵانێک نووسینێکم دۆزیەوە، بەڵام باش نەدەخوێندرایەوە، هەتا خۆرئاوانیش خەریکی کردنەوە و ناسینەوەی پیتەکان بووم، بەڵام بۆم نەکرا نووسینەکە بخوێنمەوە، کۆشکەکە بەرزی سێ نهۆم دەبوو. ئیبراهیم بە داری تەڕی ناو کۆشکەکە ئاگرێک دەکاتەوە، دووکەڵێکی زۆر لە ئاسمانا بەرز دەبێتەوە، بۆیە ئیبراهیم زۆر تووڕە بوو و وتی:

دووکەڵ و دەنگەدەنگ بەیانییان زۆر دەڕوات. بۆیەش لەسەر پێشنیاری ئەو ئاگرمان بە داری وشک کردەوە.

## ڕۆژی چوارشەممە ٣١ی دیسمبەری ساڵی ١٩١٣ی زایینی

لەگەڵ خۆرهەڵاتن بەڕێکەوتین، لەسەر بەرزاییەکی ئەلحورە، لەسەر پانایییەکی سپیگر دەڕۆیشتین، من و عەلی بەنیازی گەیشتن

به کۆشـکی ئەلـئەرزق دەڕۆیشـتین، سـەعات هەشـت گەیشـتین، کۆشکەکە لەسەر بەرزاییەکی بەردەڵان و لەناو باخێک لە دارخورما و قەمیش بوو، چواردەورەکەی کانی و مێرگ بوو، عەلیم لەناو باخەکە جێهێشت و چوومە ناو قەڵاتەکە، یان بڵێین کۆشکەکە، لە دەرگـای پشـتەوەی کە بە چەنـد بەردی گەورەی گـران دەوری گیرابوو چوومە ژوورەوە، کە چوومە ناو ژوورەکە، پیاوێکی دروزم بینی، بەگەرمییەوە پێشوازی کردم، رێزی گرتم، قاوەی لەبەردەمم دانا و وتی: فەرموو خاتوونەکەم قاوە بخۆرەوە.

دەستم بە نەخشەسازییەکانی قەڵاتەکە کرد، نەخشـەکانمان کۆپی کردەوە، لەودەمانە ژمارەیەک عەرەب لێم کۆبونەوە، ئەلجوفییشیان لەگەڵ بوو، قیژاندیانە سەرم و وتیان بوار نادەین ئێش لەناو قەڵاتەکە بکەیت، تا دیارییەکمان پێشکەش نەکەیت، یەک دێر لەناو دەفتەرەکەت بنووسیت دەفتەرەکەت دەسوتێنین، داوام لە عەلی کرد قسەیان لەگەڵ بکات و کێشەکەم بۆ چارەسەر بکات. دەرگاکەیان داخست و بواریان نەداین بچینە دەرەوەش، ویستم لە دەرگاکەی باشووری خۆرئاواکەی بچمە دەرەوە. عەلییش خەریک بوو کەشەکە ئارام بکاتەوە و قسەی لەگەڵ دەکردن، بەناچاری چوومە ناو قەڵاتەکە، دووبارە دەست دەکەین بەدانوستان، عەرەبەکان وتیان ناسر ئەلجوفی گەورە و سەرداری قەڵاتەکەیە، پیاوێکی پیر کە خاڵی ناسر ئەلجوفی بوو، منی بردە تەنیشتێکەوە و پێی راگەیاندم، بەر لە بوونی منیش، ناسر و یاوەرەکانی بەرپرسی ئەو قەڵاتەن. عەلی گەڕایەوە ناو قەڵاتەکە و منیش لەبن دارەکان چاوەڕوانم دەکرد، عەرەبەکان هەموویان گەڕایەوە و وتیان هەموومان لە خزمەتی تۆ دەبین، ئیتر دووبارە گەڕامەوە ناو قەڵاتەکە، چەند نەخشیان بۆم

هێنـا، وادەزانـم نەخشـی نـوێ بـوون، دەسـتم کـرد بە وێنەکـردن و کۆپیکردن، پلانەکەشم وابوو دەبێ پێش نانی نیوەڕۆ کارەکانم تەواو بکەم.

ژوورەکە پیس بوو، شوێنی ژیانی مرۆڤ و ئاژەڵەکانیشیان بوو، پـاش نیوەڕۆ پیوانەکـانم تەواو کـرد، چامـان خـواردەوە و سـەیرێکی دیمەنەکە گشتی ئاسۆکەم کرد، پاش نیوەڕۆ، کەشـەکە زۆر گەرمـی کردبـوو. پیـاوێکی قـژ چـڕی چاوشـین، لـێم نزیـک کەوتەوە و وتـی: دەمەوێ هەتا نەجد هاوڕێیەتییان بکەم. ئەو وتـی مـن پیاوی نوری ئەلشعلانم و زووتریش لەگەڵ عەبدولعەزیز بن رەشید کارمکردووە، پیـاوە دروزەکەی نـاو قەڵاتەکەش نـاوی فـارس بـوو، لەگەڵ چـواردە کەسی تر شەڕی سەربازە تورکەکانی کردبوو، ئەو لەگەڵ بـوو، کە سەلیم ئەلئەترشی برازای یەحیا دەکوژرێت، لەو شەڕەدا سێ تـورک و سێ لە دروزەکان دەکوژرێن، بۆیەش ئەو ئێستا تورکەکـان داوای دەکەن و هەڵاتـووە. سـەلیم دوو گـوللەی بەردەکەوێت، یەکێکیـان بە ملی و ئەوەی تریان بە سینگی دەکەوێت، موحمەد وتی:

یەکسـەر سـەلیم بەو دوو گـوللەیە مـرد، یـان دوایـی مـرد؟ فـارس وتی: یەکسەر نەمرد پاش سێزدە مانگ ئینجا مرد.

لەبەر ئەوەی سـەربـاز، لەو ناوچـانە زۆرن، بـۆیە ناوێرێـت بگەڕێـتەوە. لەودەمـانەی مـن لەنـاو عەرەب و دروزەکـان بـووم، کە سـاڵی ١٩١٣ی زاینیمـان بەڕێـدەکرد، لەوێ و لەودەمـانە ماسـی و مـراوی و بەرازە کێوییەکـانی نـاو ئەهوارەکـانم بەبیرهـاتەوە، لەبـن سـێبەر و هەژمـوونی ئیمپراتـۆرییە رۆمانەکـان و ممالیکەکـان بـووم، خـودا ورە و وزەمـان پـێ ببەخشـێت و مـوحبەت و چـاکەش دڵمـان بشواتەوە!

فارس باسی گەڕەکی ئەستنبۆلی بۆ دەکردین، لە دروزەکانی تێدا دەژیت، ئەوان مزگەوتێکیان لەبن ژێرزەمینێکدا هەیە، بە دەرگایەکی نهێنییەوە دەچنە ناو مزگەوتەکە، فارس دەڵێت: دروزەکان بەرەو حومس و چیای لوبنان و چیای دروز باریان کرد و رۆیشتن، باوکی ئەو لە تەمەنی سێ ساڵ دەچێتە چیای دروز و فارس لەوێ هاتووتە دونیا.

## رۆژی هەینی ٢ی ینایری ساڵی ١٩١٤ی زاینی

سپێدەکە فێنک و خۆش بوو، سەعات حەوت لە خەو هەڵسام، لەگەڵ عەلی و چوار پیاوی تر لەناو کۆشکەکە، لەناو بەردەکانا دەسوڕامەوە، بۆم دەرکەوت کۆشکەکە، لەسەر پایە و ستوونی مەزن و پتەو دامەزراوە، ستوونەکان، بە بەرد میحرابیان بۆ دانراوە، ژێرەوەی کۆشکەکە دیاربوو وەک ناشتنگە بەکارهاتووە، ژمارەیەکی زۆر لە هۆزی ئەلرولە (گەورەترین و بەهێزین هۆزی عەنزە بوون... وەرگێڕە کوردییەکە) لەنزیک قەڵاتەکە دەژین، کە زۆر دەبوون و کۆدەبونەوە هاتونەتە نزیک کۆشکەکە، کە باران لە ئەلحماد باریوە، لەوێشەوە بەرەو خۆرهەڵات رۆیشتوون، ئەو هۆزە بەتوانا و بەهێز بوون، بەنی سەخریش نەوێراون پەلاماریان بدەن. ئاوەدانییەکەی نزیک کۆشکەکە، سەر بە تیرەی ئەلشڕاڕات بوون، لە بەرامبەر ئارد و قاوە، ئەسپی دروزەکان بەخێوە دەکەن، هەر بەدوێک، لەو سەحرایە حوشترێکی سەرگەردانی دابڕاو بدۆزێتەوە، یەکسەر سەری دەبڕێت و گۆشتەکەی دەخوات، ئەوانە ژیانێکی زۆر کەساس و کوێرەوەری دەژین. یازدە مەتارە ئاومان لە حوشترەکانمان بار

کرد، لەنزیک گۆڕستانەکەوە بەڕێکەوتین، گاڤێکی باش ڕۆیشتین و کۆشکی عومرەمان لێ دەرکەوت، ماوەیەکی باش بەناو دەشتاییەک ڕۆیشتین، ماوەماوە نمران، بە دەنگە ژنانەکەی هەر دەیووت زۆرمان نەماوە، نزیکە و چ نەما، نمران وتی:

لێرە پیاوەکانی تیرەی بنی خالید، هێرش دەکەنە سەر خەڵکی ئەو ناوچەیە، دوو ژن و منداڵێک دەکوژن، ئیتر شەڕی نێوان عەرەب دەست پێدەکات. حوشترەکەی خۆم بە حوشترەکەی ئیبراهیم گۆڕیەوە، سەعات دووی پاش نیوەڕۆ، گەیشتینە کۆشکەکەی عومرە، کۆشکە نازدارە دڵگیرەکە، لەناو دەربەندی دۆڵێکی گەورەی پان بوو، ئەویش دۆڵی (بەتییم) بوو، هەتا سەعات چوار سەرقاڵی فۆتۆگرتن بووم، هەستم کرد زۆر هیلاک و ماندووم. گومبەتی کۆشکەکە سێگۆشەیی بوو، بنمیچەکەی لەسەر دوو ستوونی پاڵەوان بە ستوونی دیواری نەوی دانرابوون، ئەو کۆشکە، لەسەر شێوازی کۆشکی ئەلئەخێزری ناو عیراق دروستکرابوو، گومبەتەکانی بە قووڕێکی ناسک، کە لە بەرد نزیک بوو دانرابوو. خۆرئاوابوونەکە زۆر جوان بوو، یەکەم ڕۆژی فێنکی گەشتەکەمان بوو، خۆرەکە هەتا نزیکەی سەعات شەشی ئێوارە هەتاو بوو.

## ڕۆژی شەممە ٣ی ینایری ساڵی ١٩١٤ی زاینی

گەیشتینە کۆشکی ئەلحەرانە، سەعات یازدەی پێش نیوەڕۆ بوو، ماوەی نیو سەعاتێک خەریکی کۆکردنەوەی دار و لقی داری بەتەمەن و دەوەنەکانی تری دۆڵی ئەلبەتەم بووین.

## چوارشەممە ٧ی ینایری ساڵی ١٩١٤ی زاینی

به کەشـه خۆشـه سـەرفرازەکه شـادمان بووم، دیمەنـی دەشـت و گردەکـان بـاڵکێش بـوون، بەسـەر گردەکـانی نزیـک هەوارەکەمـان کەوتم، لەوێ شوانێکی ناوچەکه زۆر بەگەرمییەوه پێشوازی کردین، ئەو وتـی پەرۆش بووم سـەردانێکتان بکەم، بەڵام دەترسـام، نەوەک نەیـار و دوژمنەکانمـان بـن، داوای کـرد، له مـاڵەکەی ئەو نانیـک بخـۆین. دیـمەنەکه زۆر نـازدار بـوو. زیزیـا، دەکەوێـته ناوەنـدی دەشـتاییەکه، کۆشـکی ئەلمشـتا دەکەوته لایەکـی دەشـتەکه. مـن خەریکـی نووسـینی نامەکـام بـووم. عەلـی لەگەڵ سـالم و مـوحمەد بەرەو مادبـا رۆیشـتن، لەوێ هەوارەکەمـان هەڵـدا و بەدرێژایـی رۆژەکه لەوێ ماینەوه.

## پێنجشەممە ٨ی ینایری ساڵی ١٩١٤ی زاینی

رۆژەکه خـۆش بـوو، دوایـی بـایەک هەڵـدەکات. عەبـدوڵا دەڕوات بزانێت هاوڕێیەکـان بۆ نەگەڕانەوه و خەریکـی چ بـوون، عەبـدوڵا و عەلی و فتوح گەڕانەوه! به گەیشتنی فتوح، دڵمان خۆش بـوو، هێشـتا ئاکاری سست و نەخۆش دیار بوو. ئەو دوا نـامەی گەیانده دەسـتم: یەکێکیان له دیک له رۆژی ٢٣ی دیسمبەر نووسرابوو.

که نانی نیوەڕۆمان خوارد سواری پشتی حوشترێک بووم لەگەڵ عەلی چوومه کۆشکی ئەلمشتا یان شبحه.

کۆشکەکه دەرگاکانی بەرەو پشتەوه داکەتبوون، دەرگا و دەسک و نووسـینەکانی سـەر دیوارەکـانی، ئامـاژه بـوون، که قەڵاتەکه کـۆن نیـیه، که گەڕایـنەوه هەوارەکەمـان سـێ سـوارمان بینـی بەرەو

ڕەشماڵەکانمان دەڕۆیشتن، کە چووینەوە بینیمان سێ سەرباز لە دیار ئاگردانەکەمان دانیشتوون، پاش ئەو ژمارەیەکی تری سەرباز هاتن، ژمارەیان دە دەوازدە کەس دەبوو، هەموو سەربازەکان تووڕە دیار بوون، شاویش یوسفیشیان لەگەڵدا بوو، دیار بوو زۆر بۆ دۆزینەوەم گەڕابوون، لە ئەستنبۆڵەوە بروسکەیان بۆ هاتبوو، ئیتر بەوە لە مەترسییەکە تێگەیشتم.

پاش خۆرئاوابوون، فتوح دەگرن کە ناڕەزایی لەسەر راونان و ئازاردانمان دەردەبڕێت و پێیان دەڵێت: ئەوە مقبوول نییە، سەربازەکان دەگرن و لەناو قەڵاتەکەی زیزیای دەپەستن، هەروەها لە ڕێگا عەبدوڵاش دەگرن، ئەوم ناردبووە مادبا بۆ بەڕێکردنی بروسکەکانم، دەیگرن و دەینێرنە ناو قەڵاتەکە، چواردەورەمان بە پیاوەکانیان دەگرن، دەست دەکەن بەتاڵانکردنمان و چەکمان دەکەن.

## ڕۆژی دووشەممە ١٢ی ینایری ساڵی ١٩١٤ی زاینی

هەتا ئێستا هیچ وەڵامێکم وەرنەگرتوتەوە، چەند وێنەی نەخشەکانی ناو کۆشکی ئەلحرانەم دروستکرد، پاش نیوەڕۆ چەند فۆتۆی ناو کۆشکەکەم وەرگرت، بەڕێوەبەر محەمەد ئەلشرکسی سەردانی کردم، پیاوێکی کریستیانی خزمەتکاری خورییەکەی مادبا سەردانی کردم، ئەو وتی پیاوێکی شەرکسی مێووژیان لێ بردەوە، بەهاکەی سێ سەد مەجیدی دەبێت، منیش بەڵێنم دا کۆششێک بکەم ماڵە تاڵانکراوەکەی بۆ بگێڕمەوە.

## رۆژی سێشەممە ١٣ی ینایری ساڵی ١٩١٤ی زاینی

لەگەڵ بەڕێوەبەرەکە و یوزباشییەکە نانی نیوەڕۆمان خوارد، بەدرێژایی دانیشتنەکەمان باسی سکالای هاوڵاتیانم لە حکومەت کرد، ئەوان وتیان بڕیاری کۆچکردنی شەرکسەکان لە رووسیاوە بڕیارێکی هەڵە بوو، ئەسحاق بەسەرهاتێکی دوورودرێژی گێڕایەوە، کورتەکەی ئەوە بوو، کە ئینگلیز ئارەزوویان دەکرد شەرکسەکان سەربەخۆیی بەدەست بهێنن، مەملەکەتێکی تایبەت دامەزرێنن و دوورش بێت لە هەژموونی رووسیا، هەروەها وتی:

هەموو هۆزەکان دەبێتە شەڕ و ناکۆکییەکان زۆر دەبێت، ناتوانن سەرۆکێک بۆ خۆیان دەستنیشان بکەن، بۆیە رووسیا دەستیان بەسەر دادەگرێت. ئینجا هۆزەکان نوێنەری خۆیان و سەرۆکەکانیان رەوانە دەکەن، لە هوتێلەکان دادەبەزن و بێسەر دەسوڕێنەوە، شاژن ڤیکتوریا دەپرسێت ئەو شەرکسانە کێن، یەکێکیان بۆ رەوانە دەکات و داواشیان لێ دەکات لە هوتێلەکە بگوازنەوە و نەمینێن، بەڵام شاژن پێیان دەڵێت رووسیا خاکی شەرکسەکانی داگیرکردووە، هەندێکیان دەبنە بەگ و هەندێکیان دەکرێنە سەرباز و ژەنراڵ و ژمارەیەکیشیان دەبنە بەرپرس و دەسەڵاتداری حکومی لە رووسیا، بۆیەش بریتانیا دەست لەو جۆرە کار و سەرئێشانە وەرنادات. منیش وتم، تورکیا سوپا و ئوستووڵی ناوێت، ژەندرمە و بازرگانی و پۆلیسی دەوێت، چەپکە گوڵێکم بۆ هاوسەرەکەی ئیسحاق نارد: گوڵی مەخمەڵی تاریک و قەرەنفلی سوور، ئێوارەکەی داواکرام سەردانی مامۆستا پروتستانتییەکەی شاری ئەلسلت بکەم، شەوێکی جوان بوو، مانگ نیوەی شانۆکەی رووناک کردبوو.

## رۆژی شەممە ١٧ی ینایری ساڵی ١٩١٤ی زاینی

پێش سەعات پێنج لە خەو هەڵسان، سەعات شەش ئامادەی بەڕێکەوتن بووین، دوو مریشکمان دیار نەبوون، بۆیان گەڕاین و ماوەیەک لەسەر ئەوە دواکەوتین، مریشکێکمان لەناو خیوەتی پیاوەکان دۆزیەوە! هەروەها حوشترێکمان دیار نەبوو، دەبوایە لە حوشترەکەش بگەڕێن، بۆ یەکەم جار لە ژیانم دووپشکم بینی، رۆژێکی خۆش بوو، بایەکی خۆش و فێنک لە خۆرهەڵاتەوە دەهات، دوایی بایەکە توندتر دەبێت، گەیشتینە دەشتاییەکی بەرینی تەخت، دەشتاییەکە نیوەی زۆرتری بە داری کورتیلە داپۆشرابوو.

تالیب بن زەید لەگەڵ عەبدە لە هۆزی شەمر هاتنە ناو کاروانەکەمان، ئەو دەگەڕایەوە ناو هۆزەکەی، شەوەکەی لەگەڵ ئێمە مایەوە، سەیاح بە عەرەبییەکی روون و ئاسان قسەی دەکرد، قسەمان لەسەر زاراوەکانی هۆزە عەرەبەکان کرد، موحمەد بە شێوازێکی تیژ لاسایی زاراوەی هۆزی قەحتانی دەکردوە، وتی: من هیچ شتی خراپم لەسەر ئەوان نەبیستووە، ئەو وتی: لە نزیک حیجاز هەندێک لە هۆزی حەرب لەوێ دەژین.

سەیاح وادەزانێت کە خەڵکی باکوور بەزەحمەتی لە زاراوەی خەڵکی باشوور تێدەگەن، مەستەفا جووتیارێکی ئەبو غەوش بوو، ئەو وتی: من لەگەڵ ماڵ و مناڵەکانم حەوت ساڵ دەبێت هاتوومەتە زیزیا. بەیانییەکەی بەناو هەواری کریستیانەکانی مادبا رەتبووین، مێگەڵە مەڕەکانی ئەوانم بینی، زووتر مێگەڵ بزن و حوشتری هۆزی بنی سەخرمان بینبوو. لە رجیماتی عەلی ئاومان خواردەوە و

دیمەکانمـان پڕ ئـاو کـرد، لەو نـاوچەیە گـۆمی ئـاوی زۆر هەبـوو، سەیاح وتی:

کاروانەکەمان بەرەو دۆڵی سەرحان دەڕوات، پاش گاڤێکی کورت هەوارەکەمان هەڵدا، لەو دەڤەرە کەمێک دار و سـەوزاییمان بینی. بە یارمەتی موحمەد ناوی سەر نەخشـەکەی ئەسکەندەرم چاک کردەوە، ئەسـکەندەر لە سـاڵی ١٩٠٩ی زاینـی لەو نـاوچەیە بـووە، لەو سـاڵە وشکەسـاڵی بـووە، بـاران نەبـووە و زەوی یەکپـارچە خـوێ بـووە، سـاڵی نەحـس و نەهامەتییەکـان بـووە و هەمـوو حەلالـی خەڵـکەکە فەوتاوە.

پێش ئەوەی بگەینە سەرچاوەی ئاوەکە، ستوونێکی بەردینمان لە ناوەڕاسـتی دۆڵەکە دۆزیەوە، دیـارە مـۆری حەمەدی ئـامۆزای فەوازی لەسەرە، سەیاح وتی:

دەرئەنجـامی ململانێـی و ناکۆکییەکـانی نێـوان هـۆزی روله و موتعب بن کنج پیاوێک کوژرا، بەڵام ئێسـتا خەڵکی عەنـزە و بنی سـەخر نێوانیـان خـۆش و گەرمە، عەلـی ئامـاژە بە لیتشـمان[٦] و

٦ کۆلۆنیل جیرارد ئیڤلین لیتشمان (١٨٨٠_ ١٩٢٠ی زاینی) گەریدە و ئەفسـەری موخـابەراتی بریتـانی، لەنـاو دوورگەی عەرەبی گەشـتی زۆری کردبوو، لە هیند و لە شـەڕەکەی بـویر رۆڵـی هەبـووە. لە سـاڵی ١٩٠٩ی زاینـی یەکەمجـار هـاتووتە نیمچە دوورگەی عەرەبی، لەوێ ئاگاداری کوشتار و شەڕە دژوارەکەی نێوان هەردوو هۆزی عەنزە و شومری نزیک حائیل بووە، لە ساڵی ١٩١٢ی زاینی لە گەشتی دووەمی بۆ دەربـازبوون و تێپەڕبـوون بەنـاو روبعـی ئەلخـالی سـەردانی ریـازی کـردووە، بەڵام سـوڵتان عەبـدولعەزیز بـواری نەداوە گەشـتەکەی بکـات. ئەو ژیـانی پیشـەیی وەک ئەفسەرێکی سیاسی لە عیراق بەسەربردووە، عەرەب پێی دەڵێن نجیمان یان لجمن، ئەو لەکاتی داگیرکردنی بریتـانی بۆ عیراق سەرکردەی نـاوچەی بادیەی خۆرئاوا بوو، لە گیرتـرود بیل نزیک بـووە، لە سـەردەمی شۆرشـی سـاڵی بیست و دژایەتـی شیعە و

وەستانەکەی لە کویت کرد و سەربردەکەی گێڕایەوە، سەیاح وتی من هاوڕێیەت موسام کردووە کە بایەخی بە نەخشەسازی دەدا و وێنەی دەکێشا.

دیمشقییەکان پەیوەندییەکانیان لەگەڵ بیابان توند و دێرینە: سەعید بن فارس لە پایزی رابردوو لە باشووری جوف بوو بۆ کڕینی حوشتر لە شەڕارات، بەهارانیش لە تەبیق بازرگانی لەگەڵ عەرەبەکان دەکەن. لە فەلاح ئەلشمرییم پرسی ئایا باوکت لەژیاندا ماوە، ئەو وتی، لەگەڵ عەبدە رۆیشت و ئەو بردی و نەهاتەوە. بەڵام مامەکانی لە نەجد دەژین، خەریکی رۆیشتن بووین کە شەمەندەفەرەکە لەنزیکمانەوە رەتبوو.

سەیاح پەرۆش بوو نوێژەکانی لەکاتی خۆیدا بکات، ئەگەر لە کارواندا نەبین، شەوی رابردوو سەعات هەشت لە خەو هەڵسا و نوێژێکی کرد، لەودەمانەی باسی بەغدا و وڵاتی فارسمان دەکرد، ئەو حەمەد و سەلاواتی بە پەنجەکانی دەکرد و بەرزی و نەوی دەکردنەوە، نزای دەکرد و دەیووت الله ئەکبر.

---

سونەکان لە ساڵی ١٩٢٠ی زاینی دژ بە بوونی بریتانییەکان لە ناوچەکە بووە، ئەو کەسێکی کەللەرەقی لووتبەرز بووە، بەتوندی و ستەمەوە هەڵسوکەوتی لەگەڵ عیراقییەکان کردووە، لەگەڵ شێخ زاری ئەلمحمودی سەرۆک عەشیرەتی زوبعی شومرەکان نێوان ئاڵۆز دەبێت، بۆیەش پیاوەکانی تەقەی لێ دەکەن و شێخیش شیری لێ هەڵدەکێشێت و دەیکوژێت، دەڵێن کە دەیکوژێت ئەو دێرە شیعرەی وتووە:

هاوڕێیەکانم حەیف، چۆن دوژمن لە بەرامبەرامان وەستاوە و نایکوژین. رووداوەکە لەنزیک فەلوجە بووە، کوشتنی لیتشمان دەبێتە چەخماخەی رابوونی زۆری هۆزەکانی نێوان فەلوجە و هیت بەڕووی بریتانییەکان.

## رۆژی یەکشەممە ١٨ی ینایری ساڵی ١٩١٤ی زاینی

بەیانییەکی جوان و ساف بوو، پلەی گەرما نزیکەی شەش بوو، سەعات شەش و چارەکێک لە خەو هەڵسایین، تالیب حەزی دەکرد لە ماڵەوە داوەتێکم بکات، بەڵێنم پێیدا لە ڕێگای گەڕانەوەم سەریکیان لێ بدەم، پاشە سەعاتێک لەیەکتری دابڕاین. لە بولیات ڕەتبووین، بەناو دۆڵێک کە بەرەو تابا هەڵدەکشا ڕۆیشتین، لە دۆڵەکە گوڵی مەخمەڵی وردی جوانی تێدا بوو، لە کۆتایی دەربەندەکە، کەمێک شوێنەوارم بینی، خۆرەکە تیشکی گەرم بوو، پلەی گەرما لە سەعات سێ عەسر حەڤدەی سەدەی بوو. سەیاح وتی:

بنی سەخر لە هاویندا لە سێ خانوو و نزیکەی چوار سەد ڕەشماڵ لە بایر دەژین، ئەوانی تریش لە دۆڵی سەرحان و هەتا خۆرئاوای زیزیا هەوارەکانیان هەڵدەدەن و بە ڕەوەندی دەژین، ئەو پرسی ئایا ئێوە بە سەحرایە دەڵێن سەحرای بادیەی شام، من لە وەڵامدا وتم:

نەخێر، ئەو بیابانی دوورگەی عەرەبییە، ئەو وتی:

ئەوە ناوی سەحرای بادیەی شامە، چونکە لەناو سنووری دەسەڵاتی دیمشق و حکومەت بووە.

ئەو وتی بەدوەکان هاوین و پایزان بۆ ئاو و لەوەڕ بەرەو دیمشق دەڕۆن، بەڵام زستان و بەهارانیش لە بۆشاییەکانی ئەو بیابانە دەسوڕێنەوە. هەروەها سەیاح وتی:

سەرژمێری هۆزەکەیان، بنی سەخر بەو جۆرەیە:

رەشماڵنشـینەکانی تیـرەی فـایز پێـنج سـەد دەبـن، سـێ سـەد ماڵیشیان لە تیرەی عوسمانن، دوو سەد ماڵیشیان تیرەی حەدیسەن، هەروەها تیرەی خرسان و هقیش ژمارەیان دوو سەد ماڵ دەبێت.

بەیـانی زوو بەنـاو چەنـد مـاڵە گەورەی جبـووره کـۆچەر و حوشترەکانیان ڕۆیشتین، سەرمایەی سەرەکی ئەو هۆزە مەڕدارییە. زەوی نـاوچەکە یەکپـارچە بەردی سـەوان بـوو، لەبەر تیشـکی خـۆرەکە دەبریسکانەوە، داری (تنوب)یشـی زۆرە، کە حوشـتر هـیچ حەز لە خـواردنی نـاکەن، لەژێرەوەمـان ئـاوێکی سـافی خـاوێن دەڕۆیشت، هاوڕێیەکەمـان سالم نەخۆش دەکەوێت، پلەی گەرمای جەستە گەیشتبووە نزیکە چل پلەی گەرمی.

سەعات یەک گەیشتینە کۆشکی ئەلتوبە، هەتا سەعاتی سێ عەسر خەریکـی فۆتـۆگرتنی نـاو کۆشـکەکە بـووم، دەروازەکە و بەشـی سەرەوەی کۆشکەکە، زۆر لە کۆشکەکەی ئەلمشتا نزیک بوو، بەڵام بیناکەی ناو ئەو بیابانە زۆر نازداریش نەبوو، بێگومان لە سەردەمی ئەمەوییەکـان دروسـتکرابوو، هەورێکـی تەنـک داپۆشـین و دیمەنـی خـۆرەکە کە بەرەو ئـاوابوون دەچـوو زۆر نـازدار و جـوان بـوو، لەنزیـک کۆشـکەکە ژمـارەیەکی کەم گـۆڕی خەڵکـی تیـرەی هـۆزی سـەخری لـێ بـوو، لەسـەر کێڵەکـان هێمـای تـایبەتی هۆزەکەیـان بەسـەرەوە بـوو. کۆشـک و گۆرسـتانەکە بە بەردی لمـی نێـوان بەردەڵانەکە دیـار بـوو، هەوارەکەمـان لە شـوێنێکی جـوان هەڵدابوو، بەڵام پیاوەکان لە پەلاماردان ترسیان هەبوو، بیابانەکەی پشتەوەمان چۆڵ بـوو، هـیچ هـۆزێکی تێدا نەدەژیـا، کۆشـکی ئەلتونە دەروازەی ئەگەری پەلامـار و هێرشـی عەنزەکـانە، کە دوژمنداریان لەگەڵ بنـی

سەخر هەبوو: بەتایبەتی تیرەی فدعان و ئەلسەبعە، بەڵام ئەلعیسا و ئەلسردیە دوژمنداریان لەگەڵ ئەو هۆزە نەبوو.

## رۆژی دووشەممە ١٩ی ینایری ساڵی ١٩١٤ی زاینی

هەتا سەعات شەش و ٤٥ دەقە گەیشتینە کۆتایی دۆڵی ئەلغدف، لەوێ کانی ئاوی خاوێنی زۆرمان دۆزیەوە، مەتارە و دیمەکەکانمان پڕ ئاوی شیرین کرد، لەگەڵ یەکێک لە جۆگەی ئاوی دۆڵەکە رۆیشتین و لە ئەلمحیور پەڕینەوە، لە دووری حەوت کیلۆمەتر لەسەر بەردەڵانێکی بەرز، لەو بەردەڵانە تا سەعات نزیکەی دوازدە رۆیشتین، لەوێ دەرچووین کەوتینە سەر دەشتاییەکی تەختی پڕ لە وردەبەردی کلسی، لەوێ سیلیسوات و چیای وەقفی سوانمان لێوە دیار بوو.

دۆڵی ئەلقشەمان بڕی، ئەوەی دەگاتە ئەلمخروق، دوایی دەچێتە ناو دۆڵی سەرحان، لەلای راستمان بەردێکی گەورە هەبوو پێیان دەووت ئەلهادی. بەرەو دۆڵی ئەلزوە چووین، لەوێ هەوارەکەمان هەڵدا، پلەی گەرم لە ١ بەرزدەبێتەوە بۆ ٢١ی پلەی سەدەی. لەناو هەموو دۆڵ و کەندەکان رووەکی غەزا زۆر بووو، لەو کەندانە جۆرەها درک و داڵی ناوچەکە بەچڕی رووابوون، لەوانە شیح و شنان و رمیس.

پیاوانی هۆزی بنی سەخر بۆ هەڵمەت و تاڵانەکانیان، لە هەوارەکانیان بەرەو کەنارەکانی رووباری فورات و هەتا هەوارەکانی ناوچەی عانەش دەڕۆیشتن، هۆزەکانی ئەلرولە ئەلعماراتیان تاڵان دەکرد، موحمەد سەربردەی کوژرانی عەبدولعەزیزی بن رەشیدی بۆ گێڕامەوە و وتی:

ئەو لە هەڵمەتێکی دژ بە ئیبن سەعود کوژرابوو، وتی راستە سەریان بڕی و سەرەکەیان بەسەر رمێکەوە وەکردبوو، منالآنیش بەردەبارانیان کردبوو تا سەرەکە لەسەر رمەکە بەردەبێتەوە و کەللەسەرەکە، بە سەری پیاوە دەست بەڕەمەکە دەکەوێت و دەیکوژێت. هەروەها ئیبن سەعود وتی: عەبدولعەزیز بەمردوویی کەللەسەرەکەت پیاوێکی من دەکوژێت، تۆ بەزیندووییش پیاوانی ئێمەت کوشتووە، وا بەمردووییش یەکێکی ترت کوشت. موحمەد وتی:

ئەگەر ئەو پیاوە نەدەکوژرا، لە ژیاندا دەما، دەبووە عەنتەری زەمانی خۆی، پاش ئەوەی دەبێتە ئەمیری ئەمارەتی حائیل، حەوت ساڵ خەریکی تالآن و پەلاماردان بووە، بێ ئەوەی بچێتە ناو حائیل، بەلآم ساڵی هەشتەم دەچێتە ناو حائیل، لە یەکێک لە هەڵمەتەکانی نۆ هەزار حوشتر و بیست هەزار سەرەمەڕ تالآن دەکات و دەهێنێتەوە.

موحمەد ئەلمعراوی وتی:

من لەو هەڵمەتەدا چواردە حوشترم دەسکەوتبوو، کە گۆپاڵەکەم دەشکێت ئیبن رەشید دارەکەی دەستی خۆی دەداتە من، ئێستاش من دارەکەی ئەو بەکاردەهێنم و لەناو دەستم هەر ماوە، حەزم دەکرد زۆرتر گوێ لە قسەکانیان رابگرم، عەرەبەکان تەنها باسی هەڵمەت و شەڕ و تالآنکردن و کوشتنەکان دەکەن، رەشماڵەکانمان پشت لە باکە هەڵدا، کە سازییەکانمان تەواو کرد، ئاراستەی بایەکە گۆڕا و هەڕەشەی زۆری لەسەر ئاراميیەکە دەنواند. بەردەکانی سەوان ناڵی ولآخەکانی شپرزە کردبوو، موحمەد چووە بیرەکەی نزیک کەندەکە ئاو بخواتەوە، وتی تەرمێک لەناو ئاوەکە کەوتووە،

زۆرم تینـــوو بـــوو، بەناچـــاری ئاوەکەمـــان خـــواردەوە، بەڵام حوشترەکەم کە ئاوەکە بۆن دەکات نایخواتەوە.

لە ترســـی راورووت و تـــاڵانکردن زۆر وریـــا و بەئاگـــابووین، دزەکـان ئەگەر ئێمەیـان بەئامـادەیی و ئاگـاییەوە دەبینـی خۆیـان دەکردە میوان، بەڵام ئەگەر خەومان لێکەوتبوایە دزی خۆیان لێمان دەکـرد. سـەیاح وتـی هەمـوو هەڵـمەت و پەلاماردانەکـان لە وەرزی هاوین و پایز دەکرێتە سەر کۆچەرەکانی نزیک زیزیا. کە قسەکانی تەواو کرد، بۆ نوێژکردن عەباکەی لەسەر زەوی راخست. منیش پێم وت، نوێژ بکە خودا دەتپارێزێت. سەیاح هاواری کرد و وتی: هەموو پیاوێک دەبێ نوێژی خۆی هەر بکات.

لەو نـاوچەیە سـێ گـردۆڵکەی تیـژی کەڤـری هەبـوون، لەنـاو دەشتاییەکی چڕ بە دار و سەوزایی داپۆشراو بە وردەبەردی سوان هەڵکەوتبـوو، مـن دەپرسـم سرووشـت چـۆن ئەو جـۆرە نەخـش و دەرچوونەی داناوە.

گرووپێک لە پیاوانی بنی سەخرمان بینی، کۆچەر بوون، وتیان لێـرە دەربچـن و دووربـکەونەوە سـەرچاوەی ئـاو و لەوەڕ کەمتـر دەبێت، بەو هەواڵە دڵمان توند بوو، ترسمان گەیشتێ، چۆن ئاو و لەوەڕ بۆ بەردەوامی کاروانەکە تەواو بکەم، ئەوان وتیان ئەمشـەو نـا، بەڵام رەنـگە بەیـانی بـگەنە ئـاو و لەوەڕ، پـاش نیـوەڕۆ دوو حوشترسـوار لە پشـتەوە لێمـان بەدەرکەوتـن، دوایـی زانیمـان شـێخ جدعانی هقیش و پیاوەکەی بوو، ئێمە تازە لە سیلیسوات دەربازمان ببوو، ئەوان گەیشتنە ئێمە، هاتبوون بزانن ئێمە دز و جەردەین، مـن پێم وتن:

ئێمەش وامانزانی ئێوە نەیار و دوژمنن. شێخ وتی:

نەخێر، نەخێر، ئێمە دۆستین، حەمەد و سوپاس بۆ خودا ئێمە یارین! هەموو یاوەرەکانم دەترسان، بەڵام من نەدەترسام، من هەستم دەکرد شتێک نییە بمترسێنێت. گەیشتینە دۆڵە گەورەکەی بایر، دۆڵەکە چڕ و سەوز بوو، دارەکانی لقی باریکیان هەبوو، لە دۆڵەکە دەرچووین گەیشتینە بیرە بەناوبانگەکەی بایر، خەڵکی بنی سەخر هاوینان لەوێ دەمینێنەوە و ژیانی تێدا ئاساییە، شوێنەکە نزیکەی پێنج سەد رەشماڵی تێدا هەڵدرابوو، لەنزیک بیرەکەش دوا قەڵاتی بیابانەکە دیار بوو. هیچ ئەوروپییەک پێش کاروسرز سەردانی ئەو کۆشکەی نەکردبوو، هەرگیز فۆتۆی نەگیرابوو، لە کۆشکەکە سیما و شێوازێک بەدی نەدەکرا، کە کۆشکەکە تایبەتمەندییەکی بیناسازی و دێرینی تێدا بێت، رەنگە لە سەدەی هەشتی زاینی دروستکرابێت، ئێستا دەچمەوە ناو کەمپەکە و گوێ لە سەربردە و رازی پیاوەکانی دیار ئاگردانەکە بگرم.

## رۆژی چوارشەممە ٢٨ی ینایری ساڵی ١٩١٤ی زاینی

خەسڵەتی دروست و گونجاو لە سەفەری عەرەب وەک دەڵێن ئازایەتییە، بەڵام من وادەزانم سەفەرکردن لەو دەڤەرە سەبر و بەرگری گرینگترە، بەڵام چ بکەم سرووشت ئەو خەسڵەتەی بە من نەبەخشیبوو، سەبرم نەدەما و تەنگاو دەبووم، دەمویست لەو گەشتە ئەو خەسڵەتە فێرببم و پەیڕەوی بکەم، بەڵام دەترسام بوارم بۆ نەرەخسێت ئەوەیان فێربم. دەمویست ئیمڕۆ بەرەو باشوور بۆ سەردانی ئیبن جازی بڕۆم، بەڵام شەڕی نێوان درویشەکان و هەردوو براکە عەواد و عودە ئیبن جازی ناچار دەکات بەرەو

خۆرئـاوا بـڕون و ئـاوەدانییەکەش لەو دەڤەرە نامینێـت، وتیـان ئیـبن جازی لە ئەلتوورە.

بیابانەکە ڤالا ببوو، بۆ نەیارە و تالانکەرەکان کرابووە: هتیم و ئەلفقـرا و بنـی عەتـیە و حەرب و عەواجییەی یەکێک لە کوڕەکـانی سولیمانی هۆزی عەنزە پەلاماردان و تالانیان دەکرد. نەمدەزانی کام لەو چەتـانە هێرشـمان بـۆ دەهێـنن، ئـێمە لەنـاو رەشـماڵی پیاوەکـان کۆببـووینەوە، لەوێ ئەوان وتیـان بـاش نییە بەرەو باشـوور بچـین، ئەو رێگایە پڕ مەترسییە، حەرب وتی:

سوێند بە ژیانی ئەو سـپێدەیە نـاوچەکە مەترسـیدارە، داوا دەکەم و ئامۆژگاریت دەکەم بەرەو دۆڵی سەرحان نەڕۆیت.

بەهەرحاڵ هەموویان ئامۆژگاریـان کـردم ئەو رێگـایە نەگرمەبەر، واباشە روو لە خۆرهەڵات بکەین، لەوێیەوە بەرەو باشوور بچینەوە سـەرحان، بەوەیــان عەوادی بـراکەی حەرب دڵــی خـۆش دەبـوو، وایـدەزانی رێگـاکە ئـارام و بێ کێشـەیە. هەمـوو پیاوەکـان لە رێگـای باشوورەکە ترسیان هەبوو، لەوانە عەلییش دەترسـا، ئەگەرچـی ئەو کەسـێکی بەورە بـوو و بەئاسـانی شـپرزە نەدەبـوو. دەبـوایە مـن بە قسەیان بکەم و گوێ لە رێنماییەکانیـان بگـرم، ئەگەرنـا کردەوەیەکـی شێتانە دەکەم، چونکە رێگا باشـوورییەکە بۆ سـەرحان نەخشـەشـی نەبـوو، دەبـوایە بەخۆشـییەوە پێشـکەوتنی پـرۆژەکەی هێڵـی ئاسـنی حیجـازیش ببیـنم و بـزانم چەنـد رۆیشـتووە، دەمزانـی نزیکـی تیمـاء هەڕەشــە لە تەواوبــوونی لەو پــرۆژەیە دەکرێــت، وەکــیلەکەی بــن رەشــید وتــی: ئەگەر نەتــوانی لەو کــاروانەش بەرگــری بکەیــت، سـواربوونی شـەمەندەفەر بۆ دیمشـق زۆر لە سـەر پشـتی حوشـتر باشترە.

عەوادیش بەنیاز بوو ئیمڕۆ هاوڕێیەتیمان بکات، بەڵام ئیمڕۆ حوشترەکەی ئامادە نەبوو، لەبەر ئەوەی بەیانی دەڕۆیشتین، بۆیە دەبوایە شەو کەرەستەکانمان پڕ ئاو بکەین و خۆمان ساز بکەین، کە رووش لە خۆرهەڵات دەکەین، لەگەڵ عەواد دەڕۆین رۆژێک رێگاکەمان کورت دەبێتەوە... قسەش هەبوو کە من دەگەمە تیماء، ئیبن رەشید من رادەستی دەوڵەت دەکات، بەڵام هەواڵەکە زۆر دروست نەبوو.

نیوەڕۆ چوومە سەر گردە بەردینەکان، بەتەنها پیاسەیەکم لەسەر تیشە بەرزە بەردینەکان کرد، لەوێ و لەناو بەردەڵانەکان، هەستم بە بوونی بەهاری بیابانەکە دەکرد: خاکەکە بەرگێکی نازداری بە گوڵزار داپۆشیبوو، رەنگی سپی و سوور و ئەرخەوانی و دڕکە سپی داپۆشرابوو بە چیمەن، ئاوێزان ببوون... خەڵکەکە لێرە هەژارن، بەڵام هەستیان دەکرد گەنجینەی گرانبەهایان هەیە.

حەرب قسەیەکی هەبوو دەیووت:

نە ئەوەی کەمی هەیە فەوتاوە و نە ئەوەی زۆری هەیە پاشایە.

ئێستا سەرکەوتنی مانگە نوێیەکەم بەسەر ئاوابوونی خۆرەکە بینی، مانگ سێ شەوە بوو، شەوی رابردوو مانگ زوو ئاوابوو، درەوشانەوەی ئەستێرەکان رووناکیان هەبوو، خوانی ئێوارەکەمان رووناک بکاتەوە. لەتەنیشت سالم وەستابووم، دەستی بەرەو ئاسمان بەرزکردبووە و دەیووت:

حەمەد و ستایش بۆ خودا کە ئێمەی وەک بەدو دروست نەکرد. فەتوحیش هاوبیری دوعاکە بوو، کە خودا ئەوانەی لە بیابان دروست نەکرد و وتی:

باشە کێ تورکی دروستکردووە؟ ئەو وتی:

خودا.

منـیش پـێم وتـن باشــە کەواتە بەرەو دۆڵـی ســەرحان دەڕۆیـن، دەچیـنە دۆزەخ؟ مـوحمەد وتـی: مـن دەزانـم بەخـت بخـوێنمەوە و دەست لەسەر لم دابنێم، دەتوانم بەخت راڤە بکەم و ئاییندە بزانم.

## رۆژی پێنجشەممە ٢٩ی ینایری ساڵی ١٩١٤ی زاینی

بە هاوڕێیەتی عەوادی برای شێخی حەرب درویشەکان رۆیشتن، لە رێگـا چەنـد رەشـماڵمان بینـی، ئەوان ســەر بە تیـرەی ئەلشـراڕات بـوون، حوشــتریان زۆر بـوو، لەبـن رەشــماڵێکی گەورە قاوەمــان خواردەوە، رەشماڵەکە هەواری عودە ئەبو تـایە بـوو، وتیـان ئەو بۆ تالانی شـومەرەکان رۆیشـتووە. فۆتـۆیەکی عەلیـای خوشـکی عـودەم گرت، ئەو دوو ژنی شومەری هەبوو فۆتـۆی هەردوو ژنەکەم گـرت، دەڵـێن یەکێـک لە شـێخەکانی شــومەر لەگەڵ ئیـبن رەشـید دەبێـتە شەڕیان و هانا دەباتە بەر هەوارەکانی ئەلحویتات و دەبێتە هاوسێی عــودە ئەبــو تــایە و لەگەڵ ئەو دەچێــتە شــەڕ و پەلاماردانەکــانی ناوچەکـانی نەجـد، بـۆیە ئەو ژنـانە شــەرعی نـین. عـودە ژنێکـی لە ئەلحویتاتە و ژنەکەی تری لە ئەلرولەیە.

حەرب لەو نزیکانە کیژێکی بەتەمەن بچووک دەهێنێت، فۆتـۆیەکی ئەو ژنەم لەگەڵ کوڕەکەی لە ژنی یەکەمی گرت، قاسم وتی ئەو ژنە پوورمە.

وتیان ئەلرولە لە دۆڵی سـەرحان نیشـتەجێ دەبن، بـۆیەش عەواد نەوەک بیکوژن ناچێتە ئەو نـاوچەیە، زووتـریش وتیـان ئەو ناوێرێت بچێتە جوفیش لەوێش ئەوان دەیکوژن.

عەوادمـــان نـــاردە مـــاڵی مــوحمەد تــا یەکێکــی ســـەر بە هــۆزی شـــڕاڕەمان بـــۆ بـــدۆزێتەوە و زووش بگەڕێـــتەوە و دوانەکەوێـــت، موحمەد و عەواد و عودە گەڕانەوە حەجاجیان لەگەڵ بوو، من لەناو ڕەشـماڵەکەی عـودە ئەبـو تـایە گەورەکە، فۆتـۆیەکی ئەوم گرتبـوو. لەگەڵ خۆیـــان پێســـتی نەعـــامە و بەرخێکیـــان هێنـــابوو، بەیەکەوە شـــەوەکەی نانمـــان خـــوارد و شـــەو لەنـــاو ڕەشـــماڵەکانمان مـــانەوە. هاوڕێیە شڕاڕەکەمان بەگەڵ کەوت، وتیان لەنزیک مێرگەکانی (کلوە) چەند شوێنەوارێک هەیە، بەپەڵە ویستم بیانبینم.

موحمەد وتی: ئەی گوێگرەکـان، مـن فەرمـانێکی حکومی جێبەجێ دەکەم و باجەکـانی حکـومەت کـۆدەکەمەوە، میـری، نیـو مەجیـدی، هەروەهـا وتـی: مـن شـێخی دەوڵەتـم. لەوێ شـێخێکی تـری دەوڵەت هەیە، ئەویش ئیبن جازییە، کە نـاکۆکی دەکەوێتە نێوان حکومەت و حویتییەکان ئەو دەچێتە میسر، لەو شەڕەدا موحمەد دەیەوێ بەرەو میسر بڕوات بەڵام حکومەت بواری ڕۆیشتنی نادات.

## ڕۆژی هەینی ٣٠ی ینایری ساڵی ١٩١٤ی زاینی

ڕەشـماڵەمان پێچـایەوە و بەرەو هەوارەکەی مـوحمەد ئەبـو تـایە ڕۆیشتین، لەنزیک ئەوان هەڵماندا، ئای کە دیمەنێکی زۆر جوان بـوو! ڕەشـماڵەکانت لێـوە دیـارە، حوشـترەکان بە پەخشـانی دەلەوەڕان، شـــڕاڕەکان حوشـــتری زۆریـــان هەبـــوو، بەڵام هەواری جێگیریـــان نەبـوو، لەگەڵ ئەلحویتـات و بنـی سـەخر و بـی عەتـیە دوژمنـداریان هەبـــوو، هاوینـــان لەنزیـــک بیرەکـــانی قەراخ نەفـــووز دەمـــانەوە، لە مجهریە و فەجر گوزەرانیان دەکرد، موحمەد ئەبو تایە وتی:

ئێمە وەک حەیوانە کێوییەکان دەژین.

هەر یەک لە ئەلحویتات لە کەرەکەوە تا تبوک، بنو سەخر لە باکوور، حەرب لە باشوور کاروانی حاجییەکان دەپارێزن، هیلە یەکێک لە ژنەکانی موحمەد ئەبو تایە وتی: ئێمە یەک سەعات پشوودانمان نییە.

ژنەکە کەساس و داماو دیار بوو، دڵت بۆی دەسووتا، لەناو رەشماڵەکەی موحمەد مامزێک بەسترابووە، پیاوەکان لەدیار ئاگردانی قاوەخواردنەکە دیمەنەکەیان جوان بوو، جەزووەی قاوەیان لەسەر دەسووڕایەوە، پیرەمێردێک منگەیەکی کرد و وتی:

ئای خودایە لەو دونیایە!

چەند پیاوێکی شراڕات هاتن قاوەم بۆ تێکردن، مامی موحمەدیش هات، ئەو پیاوێکی بەتەمەن بوو، ئەو وتی: بابەگەورەی هۆزی ئەلحویتات یەکێک بووە لە ئەشرافەکانی مەکە، ئەو بە منالی رەوانەی عەقبەی دەکەن، لەوێ ژن دەهێنێت و دەبێتە باوکی هەمووومان.

ئەوان حوشترێکی خۆیان لە جەڵبەکەیان هەرگیز نافرۆشن، پارەش بۆ میرییە، ئەو پارەیەی لە ئیشکردنی ناو کێڵگەکانی زیزیا یان لە جیزە وەک خۆیان ناوی دەبەن و کەرک دەستیان دەکەوێت، کە موحمەد لە دیمشقی شام دەگیرێت واز لە تالانکردن و پەلاماردانەکان دەهێنێت، موحمەد دەیووت مردنم بە چاوی خۆم بینی بۆیە وازم هێناوە.

سەعودی قاوەچییەکە بەتووڕەییەوە ناڕەزایی دەربڕی و وتی:

نەخێر، بەگیانی تۆ و بە گیانی خوداش. ئەوان بڕوایان بە تاکی خودا و پێغمبەرایەتی موحمەد هەبوو، کە بنی سەخر دەگەنە دۆڵی

بـایر قوربـانی دەکەن، وەک چـۆن سـەعود وتـی قوربـانییەکە بـۆ مردووەکانمان نەبوو قوربانییەکە بۆ خودای مەزن بوو، سڵاوێک لە حجاج دەکـات و پێـی دەڵێت دەزانـین لە چ بەهرەداریت! حجـاجیش دەست بە گوتنی بوزیە و خوێندنی شیعرێک لەسـەر ربابە دەکات. ئینجا موحمەد بەسەرهاتی موحمەد بن رەشید دەگێڕێتەوە کە چۆن دوو لە خزمەکانی دەکوژێت و فڕێیان دەداتە نـاو بیرێک، هەروەهـا وتی:

ئیتر بەو جۆرە ئاگرەکە کرایەوە؟

یەکێکیان وتی: شێخ موحمەد ناوی خودا بهێنە.

پاش نوێژی رۆژی هەینی ئەمیر پێشوازی لە خەڵکەکە دەکرد، خەڵکەکە چوار ریز لەبەردەمی دادەنیشتن، حەمود بەردەوام لەسـەر سـەکۆیەک لەتەنیشـت مـوحمەد رەشـید دادەنیشـت، حجـاج ئەوەی شارەزای حائیل بوو وتی ئەشهد بەناو خودا وایە.

موحمەد روو لە من دەکات و دەڵێت:

چوار ساڵ بوو موحمەد ببوو بە ئەمیر و شـەوانە بە هـاوڕێیەتی دوو خزمەتکـــار لەنـــاو کۆڵانەکـــانی حائیـــل دەســـووڕێتەوە، دوو خزمەتکارەکە بەسـەر دیوارەکـان هەڵدەگەڕان تـا لە پەنجەرەکانیـان نزیک ببنەوە و گوێ لە ئاخاوتنی خەڵکەکە بگرن و بزانن باسـی چ دەکەن. کەواتە گوێیـان لەوە بـوو ئەگەر محـمەد ئەلزلعـانی یـان مـوحمەد ئەلمعـراوی یـان خاتوونەکەمـان (مەبەسـتی گیرتـرود بیـل) بوو، چۆن دژ بەو قسە دەکەن و ئەویش بەیانی رۆژی داهاتوو، یان فەرمانی گرتنیان دەدات یان سەریان دەبڕێت.

نـاو رەشـماڵەکەی مـوحمەد دیمەنێکـی جـوانی دەنوانـد، ئـاگرەکە دەدرەوشایەوە و بە بەرد بازنەیەکیان بۆ ریزکردبوو، لە دەرەوەش

بۆ راگرتنی رەشماڵەکە دوو بەردی گەورە دانرابوو، کە لە دوو بتی داتاشـــراو دەچـــوون، خەڵــکەکەش لە دەوری جەزوە گەورەکەی قـاوەکە کۆبببـونەوە، شــەش حەوت منـاڵیش وەک پیـاوی گەورەی بەشکۆ دانیشتبوون، دوێنێ شەو مێردمناڵێک لەسەر پشتی ئەسپێک سـەردانی خیـوەتەکەی کـردین، یەکێکـی تـریش هەر لە تەمەنـی ئەو بـوو، لەسـەر پشـتی حوشـترێک کە خۆی تونـد بە زینەکەی گرتبـوو هـاتە لامـان، کە کـوڕێکی بەتەمەن بچـووک سـواری ئەسـپ دەبێـت، وەک پیاوێک بەرامبەر ئامادەبووان هەڵسوکەوت دەکات.

مـوحمەد، پیـاوێکی کەتەی گەورە بـوو، بە دشداشـەیەکی سـپی و کوفیەیەی سەری و دوو برۆی رەشی لەتەنیشتم دانیشتبوو، بە دوو لێـوە ئەسـتوورەکانییەوە قـوومی لە شیشـەکە دەدا، پیـاوە عەبـدەکە فەرووێکـی قـووڵ بەرینـی درێـژی لەسـەر شـانم دانـا، ئەسـپێکیش لە دەرەوە بە گوریســـێکی درێـــژ بەســـترابووە، کە حوشـــترەکان لە لەوەڕەکـان گەڕانەوە دەفـری گەورە گەورەی شـیریان بـۆ هێنـاین، فەرخە حوشــتر و بەرخۆڵەکــانیش لەبەر رەشــماڵەکان پێکۆڵەیــان دەکـرد. کەشـەکە سـارد بـوو، مـانگیش وەک بەلەمـی سـەر کەنـاری رووبارێک بەئاسمانەوە بوو، هێدی هێدی بەرەو خیوەتەکەم بەپێیان رۆیشــتم، ئەســتێرەکانیش لە ئاســمان دەبریســکانەوە، مــن لەنــاو رەشماڵەکەی خۆمەوە سەیری ئاسمانم دەکرد، بینم چەند نیازکێک لە ناوەندی ئاسمانەوە هەڵدەوەرین و دەکەوتنە خوارەوە، هەستم بە تەڕایەتـی خونـاویش دەکـرد، کە بەیـانی زوو لە خەو هەڵسـام، بینیم ســـەرئەرزەکە یەکپـــارچە ســـەهۆڵ و شـــەختەیە، گوریســـەکانی رەشماڵەکەشم تەڕبوون.

## رۆژی شەممە ٣١ی ینایری ساڵی ١٩١٤ی زاینی

بەر لە خۆر هەڵاتن ئامادەبووین بەڕێبکەوین، من و عەلی و عەواد و یەکێک لە پیاوەکانی موحمەد بەناوی عودە، بەرەو کلوە بڕۆین، لەسەر زنجیرە گردێکی درێژ ڕۆیشتین، گرد و دۆڵەکان کۆتاییان نەدەهات، لەناو دۆڵەکەی نزیک هەوارەکەمان لە وەرزی زستان بارانێکی زۆر باریبوو، لەناو بیابان و سەر لمەکە گومێکی زۆر مابوونەوە، گۆمەکان پڕئاو بوون، ئیمساڵ وەک پار نەبوو، پار وشکەساڵی بوو و بارانی تێدا کەم باریبوو.

عەواد بۆی گێڕاینەوە کە ساڵی پار هەڵمەت و پەلاماری زۆریان لە ناوچەکانی فورات کردبوو، هێرشبەرەکان نزیکەی هەزار و دوو سەد حوشتریان بردبوو، تا تاڵانەکانی پێ بگوازنەوە، کاروانەکەیان سێ مانگ دەخایێنێت، لەو هێرشانەدا کەسیان نەکوژرابوو، بیابانەکە دەبڕن و سێ ڕۆژی لە دۆڵی حوران دەمینێنەوە، لەوێیەوە دەچنە قبیسە و ئینجا پەلاماری شێخ فهد بیک ئەلهذال لە ئەلرزازە دەدەن، دەسکەوتیان تەنها دوو سەد حوشتر بووە، دەسکەوتیان کەم بووە چونکە حوشترەکانیان دوور لە خۆیان دەلەوەڕان، بەڵام عودە ئەبو تایە نایەوێ بەو دەسکەوتە کەمە بگەڕێتەوە، بۆیە داوا دەکات هەڵمەتەکانیان فراوانتر بکەن، پیاوەکانی دەکاتە سێ بەش، دوو بەشیان دەگێڕێتەوە زێدەکەی خۆیان، چوار سەد کەسیش لەگەڵ خۆی دەبات و بەرەو باکوور هەڵدەکشێن، بەرەو حەلەب و پەلاماردانی ئەلفدعان و ئەلسبعەی هۆزی عەنزە دەڕۆن.

ئێمە لەناو خیوەتە گەورەکە دانیشبووین موحمەد بۆی گێڕاینەوە: هۆزی عەنزە لە حکومەت شکایەت ناکات بۆ گێڕانەوەی ماڵە

تالانکراوەکەیان، بۆیە ماڵە تالانکراوەکە، بە دەسکەوتی شەڕ ئەژمار دەکرێت، هەڵمەت و شەڕەکان دەسکەوتی زۆری نەبوو، ئەبو تایە مایەپووچ دەگەڕێتەوە. کەوتینە ناو دۆڵی گەورەی سەرحان و مێرگەکانی ئوم روقیە، لەوێ پیاوێکی سەر بە حویتییەکانم بینی، ئەو وتی لەسەر گردێک بەناوی ئەلزوایدە کۆشکێک هەیە، لەسەر قسەی ئەو چووین بۆ دیتنی کۆشکەکە. کۆشکەکە بە دیمەنی جوانەوە دەیڕوانییە سەر دۆڵەکە، لە شوێنێکی بەرز دروستکرابوو، کۆشکەکە لاکێشەیی و بە بەردی نەتاشراو دروستکرابوو، گومبەتەکەی وەک شانەی هەنگ چێنرابوو، کۆشکەکە بە دیوارێکی بازنەیی دەوری درابوو، کۆشکەکە نەکەوتبووە ناوەندی شوورەکە، هەتا سەر رۆخی گردەکە بەردیان بۆ ریزکردبوو. هەتا گەیشتنە کلوە رێگاکەمان بە بەردی لمی سوور داپۆشرابوو، لەناو مێرگێکی گەورە چەند کانییەک هەبوو، لە بەشی خوارەوەش شوێنەواری بەنداوێک هەستی پێ دەکرا.

دروستکراوی یەکەم خەزانێکی ئاو بوو، خەزانەکە چەند کونێکی هەبوو بۆ هاتنی ئاوی کانییەکان، هیچ نەخشێکم لەناو کۆشکەکە نەبینی، لە سەربانەکە تەختە بەردی گەورە گەورە و شوێنەواری تۆپێکی مورتر و وردەبەردیش هەبوو، لەسەر لێواری خەزانەکەش نووسینی کوفی دەبینرا، دەرگاکەش شوختێکی پێوە بوو، لەوێش هیچ نەخش و نیگارێک نەبوو، لەسەر یەکێک لە دەرگاکان، شێوازێکی هەرەمی لە کەچ و بەرد دەبینرا. لەناو کۆشکەکە هیچ کەوانەی تێدا نەبوو، چەند نووسینی عەرەبیش لەسەر بەردی خەزانەکەش مابوو.

حوشترە مێینە و بێچووەکانی لەو بەیانییە و لەنزیک رەشماڵەکان دیمەنێکی جوانی هەبوو، ولاخەکانمان بۆ ئاوخواردنەوە نارده سەر ئاوەکان، هەتا سەعات نۆ نەگەڕانەوە، پیاوەکان وتیان حوشترەکان لەسەر ئاوەکە نیشتەوە و یەخیان کرد و قبوولیان نەبوو هەڵبستنەوە، بۆیە بەناچاری بەجێمانهێشتن، شوێنەکەش، کاروانی شەش سەعاتە رێ لێمان دوور بوو. بۆ گەڕانەوەی حوشترەکان دەبوایە تا بەیانی چاوەڕوان بین! لەناو رەشماڵەکەی موحمەد دانیشتم، گوێم لە حجاج راگرت بە ربابەکەی گۆرانی دەووت، کە پەیڤەکانی باسی هەڵمەت و تالانەکانی ئەبو تایە بوون، هەروەها شیعرەکانی شانازی بە عەلیای خوشکیشی دەکرد، خوناو و وردەلمەکانیش دیمەنێکی ناوازەیان دەنواند. بەر لە گەڕانەوەی حوشترەکان، ئاومان بەرەو تەواوبوون دەچوو، عەرەبەکانیش ئاویان نەمابوو، پیرەژنێک هاتەلامان بە موحمەدی وت، مێردەکەی زۆر نەخۆشە و بۆ چاکبوونەوەی داوای یارمەتی دەکرد.

## رۆژی یەکشەممە ١ی فبرایەری ساڵی ١٩١٤ی زاینی

یەکێک لە پیاوەکانم شەو بۆ هێنانەوەی حوشترەکان رۆیشتبوو، بە سێ سەعات گەڕایەوە، تازە خۆر ئاوابوو، لەو ماوەیەدا قسەم لەگەڵ پیاوێکی شومەر دەکرد، ئەویش بەڵێنی پێدابووین لە گەشتەکەمان هاورێمان بێت، بەلام کە خۆمان پێچایەوە و ویستمان بڕۆین لە بەڵێنەکەی پەشیمان دەبێتەوە و بەگەڵمان نەکەوت، ئەو ناوی حوسین بوو لە تیرەی سنجارەی سەر بە هۆزی شومەر بوو. نیوەڕۆیەکی درەنگ بوو، لەگەڵ حەریمی موحمەد دانیشتبووم، لە

قوماشێکی سپی پەموو جلی دەدووری، خوشکەکەی حەمدە کیژێکی زراڤــی ناســک و زۆر جــوان بــوو، ئەو شــووی نەکردبــوو، چــوار خوشکی تریشی هەبوو، ئەوان شوویان کردبوو، قسـەم لەگەڵ یەک لە ژنەکانی کرد، کە کوڕێکی ببوو بەڵام مردبوو، مەستەفا لە عەلی ئەلعقیلی تووڕە ببوو، دەیووت زۆر بێزارم دەکات، ئەگەر واز لەو رفتــارەی نەهێنێــت، مــن کــاروانەکە تەواو نــاکەم و جێتانــدەهێڵم، بۆیەش من بڕیارمدا لە کاروانەکەم دووریبەخەمەوە، ئەو هاوڕێیەکی بەدکار بوو.

لەودەمانەش هەستم کرد سەیف دەگرێت، بۆیە وازم لەویش هێنا و ناردمەوەماڵەوە، ئەو وتی:

من لەناو ئەلجوابری بووم، لە منالێییەوە نەمتوانیوە لەناو خەڵکەکە رێگای خۆم بدۆزمەوە، بەڵام دوایی پەشیمان بومەوە و کوڕەکەم دەرنەکرد، هـاوڕێی کاروانەکەمـان موسـاعد ئەلشـراڕی بە دە لیرەی مەجیدی حوشترێکی بە کرێ وەرگرتبوو، ئێوارەکەی پارەکەم بۆ مــوحمەد بــرد، ئەویــش دە پیــاو دەکــاتە شــاهید، کە پــارەکەی وەرگرتەوە و هاوارێک دەکات و دەڵێت:

عودە، عەواد، حجاج، فلان... شاهیدی بدەن.

ئەوانیش شاهیدی دەدەن ئەگەر موساعد بێ نامەی مۆرکراوی مـوحمەد و مـن نەگەڕایەوە ئەو دەبـێ بیسـت ریـال بـدات، چـونکە مەرجەکەی ئێمە گەیشتن بوو بە ئەلجوف، موحمەد دەترسا نەواف شـەعلان لەوێ عەبدەکە بگێـڕێتەوە و بواری گەڕانەوەی نەدات، تـا نەواف رێــی پــێ دەدات. لەگەڵ ئەوەش لە مــورعی حوشــترێکمان کڕیبـوو، مـۆری ئەلـرولەی لەســەر بـوو، هەتـا ئەودەمــانەش بەرەو خۆرهەڵات دەڕۆیشتین، ئەوەش مەبەستی ئێمە بوو، موساعد سوێند

دەخوات کە ڕێگاکەمان سەرەڕێی تالآن و هەڵمەتی عودە ئەبو تایە. موحمەد وتی هەوارەکانی ئەلحویتات، تا رادەیەک ئارام و بێ کێشەیە، خەڵک دەتوانێت کیسەیەک زێڕی لەسەر سەری دابنێت و بێ ترس لەناو هەوارەکانیان بسووڕێتەوە، بەڵام پایزی رابردوو کاروانێکی بازرگانی غەزە لەگەڵ رەفیق حویتیی ئامۆزای رەفیق رووتدەکرێنەوە، ئامۆزا و بازرگانەکە دەکوژرێن و ماڵەکەش دەبەن، ئیتر پاش ئەو رووداوە، هەوارەکانی ئەلحویتات دەشێوێت، خوێن لەناو پیاوەکانی دەرژێت، سەعید دەڵێت عودە ئەبو تایە پیاوێکی مەجلیس خۆش و خاکەڕاییە، لەناو رەشماڵە تایبەتییەکەی قسە لەگەڵ هەموو کەسێک دەکات، لەگەڵ خەڵکەکەش دادپەروەرە، بەڵام ئەگەر بێزاری بکەن شێتانە تووڕە دەبێت.

پار شەڕاڕییەکان یەکێک لە هۆزەکەی دەکوژن، بکوژەکە لە دەستەی موحمەد بوو، بۆیەش موحمەد پیاوەکە دەگرێت، هەردوو دەست و پێی دەبڕێت و لە بیابانەکە جێیدەهێڵێت، تا بەو دەردەوە دەمرێت، موحمەد لە تالآنکردنەکانا دەسکەوتی زۆری لە حوشتر دەبێت، مۆریان دەکات و لەناو میللەتەکەش بەڕەڵایان دەکات، تا هەموویان لەبەردەم ماڵەکەی ئەو کۆنەبنەوە و زۆر دیار نەبن، کە حوشترەکانیش دەفرۆشێت پارەکەی لەکن بازرگانەکانی مەعان و کەرک دادەنێت.

ژنەکە حەمدە، هاتە ناو خیوەتەکەم و جگەرەشی دەکێشا، سەعید هات و پێی وت:

ئاگاداری خۆت بە، با موحمەد نەتبینێت جگەرە دەکێشیت، ژنەکە پرسی باشە لە تۆ دڵنیابم؟ ژنەکە وتی ئێمە لەبەر میوانەکانمان بەردەوام تووتنمان هەیە.

# رۆژی دووشەممە ٢ی فبرایەری ساڵی ١٩١٤ی زاینی

لە هەوارەکەی موحمەد بەڕێکەوتین و رۆیشتین، موحمەد نیو فەردە گەنمی پێداین، گەنمەکەمان خستە سەرپشتی یەکێک لە حوشترەکانمان، منیش بەرامبەر گەنمەکە، دووربینە زایسەکەم بە دیاری پێشکەشکرد، بەڵام ئەو لە بەرامبەر گەنمەکە دیاری زۆرتری دەویست، بەڵام باش بوو عەلی بەوەندە ئیقناعی کرد، هەموو داوای تووتنیان دەکرد. کەشە هەورین و سارد بوو، خۆریش لەبەر هەورە چڕەکە دیار نەبوو، عەرەبەکان، بەردەوام کۆچ دەکەن و ناوەستن، ژنەکانیش سازییەکانی کۆچەکە ئامادە دەکەن، بۆیەش ژنان گلەیی زۆریان لەو هەوارانە هەبوو، لەو هاتن و رۆیشتنانەدا بێزار بوون، لە دۆڵێک دەرچووین و چووینە ناو دۆڵێکی تر، لەو دۆڵەوە دەگەینە ئەلحوسا و بەرەو سەر گردەکانیش هەڵکشاین. لەناو چەند کەڤری گەورە گەورە هاتە سەر پێشمان، هەتا بنی دۆڵەکە بەردی گەورە گەورە ریزکرابوو، لەبن کەندەکەش رووەکی سەوزی نامۆم بینی، رووەکەکان هیچ رەگ و گەڵایان نەبوو، سەیر بوون لە رووەکی هلیونی گەورە دەچوون، ئەوەی جێگای سەرسامیش بوو رووەکان هەموو کەسک بوون، لەسەر گردەکان و هەتا بنەوە، دیمەنی رەنگینیان نەخشاندبوو: بەردە لمییە سوورەکان لە سەرووی کەڤرە بورکانییە بۆرەکان دەبینران. بایە توندەکەش هێرەی بەو بەردە لمییانە دەکرد، پەخشانی دەکردن و گەیشتنە سەر گردەکانیش، کاروانەکەمان لەوێ و لەنزیک دارە سدرەکان دانا.

دەستم کرد بە خوێندنەوەی رۆمانی(کارەساتەکەی شارلز ڤیفرل)، لەسەر گردە لمییەکە پیاسەیەکم کرد، وردە بەردەکانی سەر

گردەکـــــان بە پاشـــــەرۆی حوشـــــترەکان دەچـــــوو، دیمەنـــــی گردەســــــوورەکانی ســـــەر لــــــمە رووتەکە، لە رۆحـــــی مرۆڤـــــدا کاردانەوەیەکی قووڵی دەچەسپاند. کەشـەکە هەورین و گەردەلـوول بـــوو، حوشـــترەکانیش لەنـــاو کەنـــدەکە دەڵەوەڕان و پشـــتمان کردبوونەوە، یەکێکیان پشتی داماڵیبوو، برینی سەرپشتی بەدەرەوە بوو، قەڵەڕەشەکان بۆنیان کردبوو، دندوکیان لە برینەکەی دەگرت و زۆرتر زامدارتان دەکرد، بۆ چارەسەکردنی حوشترەکە، پیاوەکـان پشتی گوێ و لووت و کلیلی حوشترەکەیان ئاگر دەدا و دووکەڵیان لێ هەڵدەستان، بە پیاوەکانم وت:

کەشـەکە هەورە، بـاران دەبارێت، دەپرسـم دەبێ ببارێت؟ ئەوان وتیان:

خێـر و بەرەکەتەکە لەلایەن خـوداوە دەنێردرێـت، بەڵام دیـارە بارانەکە لە باشووری ئێمە دەبارێت.

## رۆی سێشەممە ٣ی فبرایەری ساڵی ١٩١٤ی زاینی

لەگەڵ عەواد لەیەک دابـڕاین، کـوفیەکم لە جـوخ پێشـکەش کـرد، ترســام نەوەک دیـــارییەکم بە کەم بزانێــت، لە کەنـدەکەی ئەلتیبـق (ئەلفـیە) بـۆ مێرگەکـانی غەزیـی نـاو دۆڵـی غەزیـی رۆیشـتین، کە لە مێرگەکەی ئەلفیە تا مێرگەکانی ئەلمسعود درێژدەبێتەوە، کە رێگـای یەک ســـەعات لە هەوارەکەمـــان دوور بـــوو. پـــاش ئەوەی بەشـــی خۆمان ئاومان هەڵگرت بەناو دۆڵەکە رۆیشتین، هەتا چیاکەی وعلە، کە بە پێـادە بیسـت و پێـنج دەقە دوور بـوو رۆیشـتم، بەردەوامـی ئەلتبیـق ریـــلان بـــوو، کە دەکەوێـــتە بەشـــی خـــۆرهەڵات، بەشـــە

خۆرئاواکەشی پێیان دەووت ئەلعفر و بەشی باکووری خۆرهەڵاتی پێیان دەوت ئەلحومر، واتە سوور یان رەش، لە ناوەڕاستیش لەناو دۆڵی ئەلعسرە، پێیان دەووت توور، لەوێ کەس دار نابڕێت بۆ سووتاندن، بۆ بە دەستگرتن وەک گۆپاڵیش. بەڵام ناوچەکە لەوەڕێکی باش بوو بۆ حوشتر و مەڕدارەکان. مێرگی گەورەشی لێ بوو، لە بەشی چەپی رێگاکەمان، لە ئەلفیە هەتا مغیرا، چەند مێرگی گەورە گەورە لە دۆڵی حەسیدە هەبوو، کە لە وەرزی باران بارینی وەرزی زستان، پڕئاو ببوون، بەڵام قووڵیش نەبوون، چوونە ناوەوەی جێگای ترسی زۆر نەبوون. ئەفسانەیەک هەیە، دەگێڕنەوە کە لە چواردەورەی گردی جدعان، کە با هەڵدەکات بۆنی عەنبەر پەخش دەکات، ئەو قسەیەش لەناو هۆزی ئەلشراڕات باوە و دەگێڕنەوە، ئەو هەوارەش زێدی رەسەنی خۆیانە و لەبن هەژموونی موحمەد بین رەشیدە، ئەویش دەیانپارێزێت و کەسیش پەلاماری سەروماڵی نەداون، بەڵام پاش مردنی ئەو، هۆزەکانی ئەلحویتات و خەڵکی باکوور پەلاماریان دەدەن، ئەوانەش لەو چوار ساڵەی رابردوو شەڕی گەورەیان لە نزیک گردی مقیح کردبوو, تێدا سێ سەد پیاو دەکوژرێن. ئیتر پاش ئەو شەڕە ئاشت دەبنەوە، دەبنە دۆست و هاوڕێ، موساعید چەند چیرۆکی لەسەر ئاژەڵان بۆ گێڕامەوە وەک: شێر و پڵینگ و ریوی (ئەبو ئەلحوسین)، کە چۆن ئەوانەی لەسەر پارچەیەکی گۆشتی کەروێشک دەبێتە شەڕیان.

ئیمڕۆ رووەک و داری سەوز و چیمەنمان لێ بەدیارکەوت، پاش دەربازبوونمان لەناو مێرگەکان، غادی بن رمالمان بەگەڵ کەوت، ئەو ماوەی پێنج ساڵ بوو، لەناو ئەلحویتات ژیابوو، ئێستاش دەیەوێت بگەڕێتەوە ناو حوشتر و دایک و باوک و خوشک و

براکانی هۆزەکەی، هاوڕێیەتی ئەو بۆ ئێمە و بۆ ئەویش باش بوو، بەختــی هەبــوو، چــونکە ڕێگــاکە ترســناک بــوو، کەس جــورئەتی نەدەکرد، بەتەنها مل لەو ڕێگایە بنێت و بڕوات.

ڕۆژەکە سارد بوو، بارانیش دەباری، من بە عەلیم وت:

خەڵک لە وڵاتی ئێمە، بەیانییان لە کەشـەی لەو جۆرە، جورئەت ناکەن بەڕێبکەون. ئەو وتی:

بەڵێ، (لەلای ئێمە شتی وامان نییە).

لەگەڵ فەتوح لەسـەر ئیسـلام و کریسـتیان قسـەمان کرد، فەتوح وتی:

ئاینی کریستیان لە ئاینی ئیسـلام باشترە، چونکە موسلمانەکانی جەژنیان کەمە، تەنها دوو جەژنیان هەیە، کاتی زانراو و دیارکراوی ئەو دوو جەژنەش بـــاش نـــازانن، بەردەوام بـــۆ دیـــارکردنی جەژنەکانیش پشت بە مانگ دەبەستن، ئەوان وەک ئێمە نین، ئێمە جەژنەکانمــان زۆرن و دروســت، کــات و ڕۆژەکانیــان بەوردی و بەدروستی پێشوەخت دەزانین.

شەوی ڕابردوو، فەلاح و فەتوح شەڕیان بوو، فەتوح دەیووت من کیســەیەکم لە دیمشـق کڕیبوو، تـا لە بیابـان لە نـاوی بخەوێت، ئەو بردویەتی ئەویش دەیووت سوێند بە خودا بخۆ، فەتوحیش دەیووت بۆ سوێند بە خودا بخۆم؟ ئەو باش دەزانێت؟ دەزانێت  پێویست بە سـوێندخواردن ناکـات، سـەعید و سـالم پێیـان بـاش نەبـوو سـوێند بخۆن، سوێند باش و پێویست نییە.

## رۆژی چوارشەممە ٤ی فبرایەری ساڵی ١٩١٤ی زاینی

هەموومـان دڵشـاد و کـامەران بـووین، ئەوەش لەبەر ئەوە بـوو, ڕێگای نەجدمان گرتبووە بەر، یان کامەران بووین، کە بیابانە چۆڵ و وشـکەکە زێـدی هاوڕێیەکـانم بـووو، بەوەش دڵیـان خـۆش بـوو، منیش وەک ئەوان کامەران بووم. نازانم بۆ دڵمان خۆش بوو!

هەسـتمان بە رۆحێکـی تـژی لە ورە و ئـارامی دەکـرد، ڕەنـگە ئەوەش لەبەر ئەوە ببووێت کە نـاوچەکە ئارامە و ترسـی تێدا نییە، خۆشحاڵ و بەختیار بووین لە نزیک هەوارەکەی ڕۆژی دووشەممە، چەنـد پیـاوێکی هـۆزی شـومەرمان بینـی، ئەوان نـزیکەی پێنج سـاڵ بـوو، لە هەوارەکـانی ئەلحویتـات مـابونەوە و دەیانویسـت بگەڕێنەوە زێـدی خۆیـان، ئەوان تێگەیشـتن کە ئـێمە بەرەو هەوارەکەی ئەوان دەڕۆیـن و ئارەزوویـان بـوو هاوڕێیەتیمـان بکەن، ئـێمەش یەکسـەر پێشـنیار و داواکەمـان قبـووڵ کـرد، هەردوولامـان سـوودمان لەو هـاوڕێیەتییە دەبینـی، ئەوانـیش جورئەتیـان نەدەکـرد، ئەو ڕێگـایە بەتەنها ببڕن، بۆ ئێمەش بـاش لەبەر ئەوان پیاوانی هۆزی شـومەر پەلامارمـــان نـــادەن، ئەوانـــیش بۆمـــان دەبـــنە زەمـــانەتێکی بـــاش. لەڕاستیش ئێمە کاروانێکی گەورە بووین: دوو ڕەشـماڵی ئەلشـراڕات و ئاژەڵەکانیـان (شـەش سـەرەمەڕ و بـزن) و ڕەوەیەک حوشـترمان لەگەڵ بـوو، نەمـدەزانی ئەوان بەرەو کـام هەوار دەڕۆن. کەشـەکە باران بوو، دوێنـێ بـارانەکە بەلێزمە دەبـاری، بەرۆژ بـارانەکە چەنـد سەعاتێک دەبـاری، کەرەستەکانمان لە مێرگەکـان پڕئـاو کـرد، بەرەو خۆرهەڵات و دۆڵێکی وشکی نیمچە نشێو ڕۆیشتین، دوایی بارگەمان دانا و هەوارەکەمان هەڵدا، باش بوو هەوارەکە وشـک و بێ ڕووەک

نەبوو: قەتاد و نەفل و پنچکی سەوزی لێبوو، ئەوانەش لە ناوەندی لمەکان دەرچووبوون و ببوونە خۆراکی ئاژەڵەکانمان، حوشترەکان بەتەنگاوییەوە دەیانخوارد.

هاوڕێیە شومەریەکە دڵی خۆش کردین، کە وتی هەوارەکانی بەردەممان لەوەڕی باشترە، وشەکانی درەوشانەوەیەکی لە هەناومان پەیدا کرد، بەدرێژایی ڕێگاکە حوشترەکانمان دەلەوەڕاند و زۆریان خوارد و باش تێربببوون. هیچ بواری تری برسیبوونیان نەمابوو، بارانە زۆرەکەی مانگی نۆڤمبەر زەوییەکەی باش ئاودابوو، مێرگ و گۆمەکان باش پڕ ئاو ببوون، بەیانییەکەی گەیشتینە سەر گۆمی ئاوی زۆر، کەرەستەکانمان پڕئاو کرد، بیابانەکەش دارێکی زۆری تێدا دەبینرا. هەستمان بە ئارامی و دڵنەواییەکی گەورە کرد، چونکە ئالیکەکەمان تەنها بەشی پێنج ڕۆژی تری دەکردین و بەس، دڵمان خۆش بوو چونکە ئەگەر ئالیکمان نەمینیت، هەموومان ڕووبەڕووی یەکتری دەمردین! ئیتر تەواو؟ ئێمە هێشتا لە ئەلتەبیق بووین، دوێنێ شەو بیرم لەوە دەکردەوە ڕێگای ئەلجوف نەگرینەبەر، نەوەک خواردنمان بۆ حوشترەکانمان دەست نەکەوێت، هەموو ئەگەرەکان بەرچاو بوون ئەگەر ڕەوشەکە وا بڕوات هەرگیز ناگەینە نەجد، هەموو بڕیارەکانی مەترسییان زۆر بوو، بەڵام باش بوو بەختیار بووین.

ئەوەیە ڕووی ڕاستەقینەیی بیابان، وەک چۆن لە کتێبە وێنەدارەکان دیارە، بیابان دروستکراوە لە بەردی لمی سوور کە دەرئەنجامی ئاوێتەبوونی ڕەنگی سوور و زێڕینە، بەڵام هەندێ جاریش بیابان وا دیارە، کە لە چەند گردۆڵکەیەکی لمی درێژی هاوریزی بەیەک بەرزایی و با و گەردەلوولیش سەری دادەپۆشێت.

بەشــە نشــێو و نەوییەکانیشــی کە بە ئەلنقـرە دەناســرێت، ســەر بە وردەبەرد داپۆشـــــراوە، دەرئەنجــــامی ئــــاوێتە و تێکەڵبــــوونی رووتکردنەوە بە با و خۆر بەردەکان، جۆرەها شێوە و بەرجەستەی ســەیر دروســت دەکەن. لە وەرزی بەهــارانیش رووی بیابـانەکە بە دیمەنێکی سەرەنجراکێشی زۆر جوانی رەنگین دادەپۆشێت، رەنگی زێـڕین و ســوور دەنـوێنن، هەنـدێ رووەک و گـوڵیش دیـمەنەکەی جوانتر و نازدارتر دەکات. ئەگەرچی بیابان رووبەری گەورە و بێ سنوورە، ئەگەرچی بیابـان ڤـالا و چۆڵە، بەڵام تژییە لە ئامرازەکـانی جـوانی، ئایـا ئامرازەکـانی جوانیەکـانی بۆشـایی و هێمنییەکەیەتـی؟ بەهەرحــاڵ مــن خۆشــمدەوێت، ئەگەرچــی کــاروانی حوشــترەکان، بەنەرمـی و لەســەرخۆش دەڕۆن و لەگەڵ پێـی خۆیـان و رۆیشـتندا دەڵەوەڕێن، ئارام و لەسەرخۆ بەرگەیان دەگرم، پەڵەیان لێ نـاکەم و پەرۆش نیم زووتر بگەمە قۆناخەکەم، هێشـتا کەشـەکە ساردە، زۆر ساردە.

ئیمـڕۆ بۆ یەکەمجـار و ئەوە چەنـد بەیـانییە، تەرازووەکەی پلەی گەرمـا ســەرووی بەسـتانە، لەو کەشـە سـەهۆڵبەندانەدا، بەیـانی زوو نانمـان خـوارد، بەدرێژایـی رۆژەکە بـایەکی تونـد و دژواری دەهـات، ئەوەش وزە و هەژمـوونی تیشـکی خـۆرەکەی لاواز و کـز کردبـوو، رووەکی بیابانەکە بۆنێکی نازدار و خۆشـی پەخش دەکرد، عەلی پێی وتم دەزانی:

ئیمـرۆ بـایەکە، بـۆنی عەنـبەری لەگەڵە، گەیشـتینە هەوارەکەمـان، ئەوان لەســەر زەوییەکـی تەختـی لمـاوی، لەنـاو وردەبەردی شـکاوی پەخشــان هەڵیانــدابوو، یــاوەرە کۆچەرەکــانی هــۆزی ئەلشــڕاڕات، ئێـوارەکەی شـیری بزنیـان بۆمـان هێنـا. لەبەرئەوەی مـن لە مـاڵی

موحەمەد ئەبو تایە ئەوەندە شیری حوشترم لەناو دەفری داری گەورە خواردبووەوە، تامم لە شیری بزنەکە نەدەبینی، بەر لە خۆرئاوابوون، حوشترەکانمان گەیشتن و چووم سەردانم کردن و چاوێکم لەناویاندا گێڕا.

## ڕۆژی پێنجشەممە ٥ی فبرایەری ساڵی ١٩١٤ی زاینی

ئەو بەیانییە، هەموو گردە لماوییەکان بە شەختە داپۆشرابوون، گردەکانی خۆرهەڵات بەرزتر بوون، بە شکانەوەیەکی دژ بەرەو خۆرئاوا دادەبەزین، لە تەعوسی ئەلنقرە دەربازمان بوو، کە بریتی بوو لە زنجیرەیەکی درێژی گردۆڵکەی لماوی، دیاربوو بە تەعوسەکانی سویوینی بەسترابوونەوە.

لە سەعات هەشت و چارەکی بەیانی، گردەکانی ئەلهاویی کەوتنە پێشمان، ئەوەی لەگەڵ سویوینی نێوانی دەکردین، لەسەر خاکێکی دەشتایی رووت دەڕۆیشتین، سەعات نۆ و نیو گەیشتینە گردەکات بەرامبەرمان، قلیبی سویوینیمان لێ بەدەرکەوت فۆتۆیەکم گرت، لێرە گومی ئاوی بارانی زۆر هەبوون، مێرگی گەورە نەوی لە نشێوە نەوییە بەردەڵانەکە ئاوی لێ کۆببووەوە. لە سەعای یازدە و سی و دوو دەقە، لە نشێوەکە دەربازمان بوو، لە باشووری خۆرهەڵات ملیحمان لێ بەدەرکەوت، کە بریتی بوو لە ژمارەیەک گردۆڵکە، بە ئامێری ئاراستەکان، زانیم ١٣٥ پلەیە، لەو شوێنەش هەموو پیوانەکانم بۆ ملیح وەک شوێنەکانی تر وەرگرت، لە خۆرهەڵاتەوە زنجیرەیەکی درێژی گردمان لێوە دیار بوو، پیوانەکەم بۆیان وەرگرت دەرکەوت ١٢٦ پلەیە، بە پیوانەی پلەی ١١٩ گردێک

بەناوی بارود ئەلملح دیارە، لە ناوەڕاستی ئەو گردانە بیرێک هەیە، بیرێکی تریش لە بارود ئەلملح هەیە.

## ڕۆژی دووشەممە ٩ی فبرایەری ساڵی ١٩١٤ی زاینی

ڕۆژی شەممەی ڕابردوو ڕۆژێکی خۆش بوو، لەناو مێرگ و سەوزاییەکی گوڵزاردا ڕۆیشتین، شەو چوومەوە ناو خیوەتەکەم، لەسەر سیسەمەکەم پاڵکەوتم، پیاوێکی سەر بە هۆزی ئەلحویتات میوانمان بوو، وتی من بۆ ڕاو لەو دەڤەرە دەخولامەوە، بەنیازی مامزێک پەرۆش بووم، هەوارەکەیان سەعاتێک و نیو لە ئێمەوە دوور بوو، بەیانییەکەی سەرێکمان لە هەوارەکەیاندا، تیرەکەیان ناوی ظاعنون بوو، شێخەکەیان ناوی موحمەد بوو، پەرۆش بوو، ئێمە لەنزیک ئەوان هەوارەکەمان هەڵبدەین. ئەو زستانەکەی لەگەڵ عەرەبی کوڕی سولێمان لە هۆزی ناوداری عەنزە بووە، ئەو وتی: شێخەکەمان ڕێگای پێنج سەعاتە ڕێ بەرەو خۆرهەڵات دوورە، ئەو بزانێت ئێمە لەو هەوارە ماوینەتەوە یان نەبیستبێت، دەبوایە سەرێک لەو شێخە بدەین، تا پیاوێکی تیرەکەیان هاوڕێیەتیمان بکات، بۆیە کاروانەمان بەرەو خۆرهەڵات برد، نزیکەی نیوەڕۆ سەعات یەک، گەیشتینە هەوارەکەیان. شێخەکە هاوسۆزییەکی باشی بۆمان نەنواند، لەگەڵ خواردنەوەی یەک قوومە قاوە دەستی کرد بە لێپرسینەوە:

پرسی چ لەو وڵاتە دەزانیت، لەو گەشتە مەبەستت چییە، پاش ئەوەی لە میوانداریيەکەی خورماشم خوارد، هەڵسام چوومەوە ناو خیوەتەکەم، ئەو لە مەجلیسەکەی هەڵدەستێت و شوێنم دەکەوێت،

هەموو کەلوپەلەکانی پشکنینم، بەختیار نەبووم، یەکسەر چاوی بە دووربینە زایسەکەم دەکەویت، یەکسەر سەرەنجی رادەکێشێت، ویستی هەموو شتەکانم ببات، بەڵام من قبووڵم نەکرد، شەو هاوڕێیەکم دانوستانی لەگەڵ دەکات، پاش ئەوەی قبووڵ دەکات، برازاییەکی لەگەڵمان بنێرێت من قبووڵم کرد دەمانچەیەکی بدەمێ، بەڵام بەیانی گەڕایەوە و داوای دووربینەکەی کردووە، هەڕەشەی لێکردین ئەگەر دووربینەکەی پێشکەش نەکەم کەسمان وەک هاوڕێ ناداتێ، بەوەش رووبەڕووی مەترسیش دەبینەوە، ئەو قسەیەشی رووبەڕوو بە من نەوتبوو، بەڵام بە هاوڕێیەکانم فەتوح و سەعیدی وتبوو، ئەو وتبووی هەرگیز رووی نەداوە ژنێکی کریستیان بەو وڵاتە رەتبووبێت، بۆیەش ئەو بواری نادات بڕوات، من نەمدەزانی هەڕەشەکانی بەڕاستی جێبەجێ دەکات، یان هەر قسەیە و بەس، ئەوەش گومانە و نازانم دەرئەنجامەکەی چ دەبێت، بەڵام دەبێت من گومانەکان بڕەوێنمەوە، تا بتوانم بەردەوام بم و بەڕێبکەوم، هاوڕێیەکەم سەعید دابونەریتی عەرەبەکان باش شارەزا بوو، ئەو پیاوەشی باش دەناسی، بە چرپە بە گوێی فەتوحی وتبوو، وا باشە دووربینەکەی بداتێ ئەگەرنا چارەنووسمان باش نابێت، دەرئەنجام دەمانچە و دووربینەکەی لێ ستاندین و رووتیکردینەوە.

هاوڕێیە شومەرەکانیش، لە ئێمە باشتر نەبوون، سێ مەجیدییە وەک خاوە لەوان وەردەگرێت، من لە دوورەوە چاوەڕوانی دانوستانەکەم دەکرد، لە دەرەوە بووم و لە سەرما دەلەرزیم. ئیتر بەو شێوەیە بواری دەربازبوونی ئێمەی دا و بەڕێکەوتین، لەگەڵ سێ کەسی هەوارەکەیان، سەیاحی برازای و دوو پیاوی ئەلفەقیری خۆی بەڕێکەوتین: فەقیرەکانیش حامیدی برای شێخ و زاهیر بوون،

دەڵێن پیاوانی ئەلفەقیر لە سولێمان دڕەندەترن، لەوەش دەترساین بگەینە هەوارەکەیان و دڵنیانەبووین هەر چەند دوو پیاوی ئەوانیشمان لەگەڵدا بوو، دەترساین شێخەکەیان یەکێک بۆ رووتکردنمان رەوانە بکات، زووتر و بەیانییەکەی لە ماڵەکەی سەیاح یەکێکیان ئێمەی دیبوو، دیارە کە ترسمان نەماوە و ئینشلا وا بێت! هیشتا رێگای هەفتەیەکمان مابوو بگەینە نەجد، ترسمان لە گۆڕانەکانی رێگاکە هەر هەبوو، ئینشلا خێر دەبێت! گەشتەکەی ئەو رۆژەمان ناخۆش و بەکێشە بوو، تەنها گردە لماوییەکان و بەردە پرشنگدارەکانمان دەبڕی، رێگاکە هیچ دیاردە و نیشانەیەکی تێدا نەبوو، ڤالا و بەترس بوو، بەڵام بە دیتنی هەندێ شوێنەوار و پاشماوەکانی نەعام ئارام بومەوە، بەڵام نەدەکرا بیرەوەری و بەسەرهاتەکانی بەیانی، کە شیاوی گومان و ترس بوون لەبیر بکەین، کە بە ئارامی گوزەری کرد، ئەوەش کامەرانی کردین. من لە شێخ موحمەد بن فەندییم پرسی، ئەو لە تیرەی ئەلفەقیر بوو (الفقرا) کە باسی خەلیلی[٧] دەکرد، ئەوتان لەبیرماوە کە بێرەدا رۆیشتووە و میوانی باوکتان بووە، ئەو لە وەڵامدا وتی: بەو خودایە، ئەو پیاوێکی باش بوو.

---

٧ خەلیل، شارلز داوتی (١٨٤٣_ ١٩٢٦ی زاینی) گەریدە و گەشتیار و زانای ئینگلیزی بوو، لە ساڵی ١٨٧٦ی زاینی سەردانی دوورگەی عەرەبی کردووە، لەو گەشتە ناوی لە خۆی نابوو خەلیل، لە ساڵانی ١٨٧٧ و ١٨٧٨ی زاینی لە سەردەمی دەسەڵاتی ئەمیر موحمەد بن رەشید سەردانی حائیلی کردووە، ئەو پیاوێکی لووتبەرز و بەدکاریش بوو، بەڵام ئەمیر موحمەد دەیپارێزێت... وەرگێڕە عەرەبییەکە.

## رۆژی سێشەممە ١٠ی فبرایەری ساڵی ١٩١٤ی زاینی

سەعات شەش و چارەکێک بەڕێکەوتین، بوارەکانمان وردەبەرد و گردۆڵکەی لم بوو، وەک ڕێگاکەی دوێنێ بوو، سەعات هەشت و پێنج دەقە لەسەر گردەکەی (بیضات البیت) پیوانەکانم وەرگرت، ڕەنگە ئەو ناوەش دروست نەبێت. لە سەعات هەشت و نیو و پێنچ دەقە حەلوان و ئەلخنفەمان لێوە دیاربوو، لە سەعات نۆ و ٤٦ دەقە ژمارەیەک پیوانەی حەلوان، سنام، ذوبیان و مشیدیەم دەسکەوت (بەڵام لە پیوانەی دوو شوێنەکەی دوایی دڵنیا نەبووم، لە رووی پێوانەش زۆر گرینگ نەبوون)، بەدیوی راستەوە و بە ئاراستەی تەعوسەکان کە دوا بەشی خۆرئاوای باشووری نەفوودە، تیماء یەک رۆژە رێی کاروانەکەمان بوو، ڕێگاکەمان دەکەوتە لای چەپمان.

لە سەعات دە و ٥٥ دەقە گردەکانی سلیسواتە بەردینەکان دەکەوتنە دیوی چەپمان بوو، چەند پیوان و نێوانم لە شوێنێکی دروستکراو بە مەزندە کرد، لە مێرگی ئوم تورفەی وشک دەربازمان بوو، لەسەر بەرزایی سیلیسوات و لە سەعات یازدە و ٤٥ دەقە پیوانی ترم وەرگرت، دووبارە و لە سەعات دوازدە و نیو، لە حەلوان و سنامیش پیوانەکانم وەرگرت. تا لە مێرگەکان گوزەرمان کرد، ئێمە بەسەر خاکێکی داپۆشراو بە وردەبەردی رەشدا دەڕۆیشتین، لە سەعات یازدە و ٥٠ دەقە سیلیسواتمان تێپەڕاند و دەگەیشتینە گردەکانی ئەلعسافیە، کە دەکەوێتە دیوی باشووری دۆڵی نییال. لە دۆڵەکە زۆرتر لە سەد بیر (قلیب) هەبوو، بەڵام بیرەکان وشک بوون، بە باران ئاویان دەبوو، ئەگەر بارانەکەش زۆر بوایە و ئاوەکەش بەناو کەندەکە دەڕۆیشت،

ئەوجارە هەست دەکەم پیوانەکانم بۆ حەلوان و سنام و ذوبیان راستن. سەعات یەک و نیو گەیشتینە هەوارەکانی ئەلفقیر لە دۆڵی نییال، کە لە ئەلعسافییەوە سێ سەعاتە رێ بوو، بەبارانی باران، گۆمەکانی عروس پڕئاو دەبوون، موساعید بۆی روونکردمەوە چۆن خەڵکی ئەلشراڕات، کە باران دەبارێت لە درزی بەردەکان خۆیان مات دەکەن تا تەڕ نەبن، یەکێک لە درزەکانی نیشاندام، وتی ئێرە بۆ خۆپاراستن لە هەتاو و گەرمی خۆر باشە. ئەلفقیر لەودەمانە دوژمنداریان بەس لەگەڵ هتیم هەبوو، حامید و زاید وتیان:

ئێمەی ئەلفقیر لە شومەر دەترسێن، چونکە ئەوان هەڵمەتەکانی ئەبو تایە دەناسن، دەزانن هێرش دەکەن و ئاگاداریشیان ناکەنەوە، موساعیدیش هەستی بە ترس دەکرد، ئەوەی شایانی باسە تیرەی زاهیر، بەشێکە لە تیرەی سەرحانی ئەلفقیر. بەدرێژایی رۆژەکە بایەکی سارد لێی دەداین، کە هەواریشمان هەڵدا هەتاوە گەرمەکە دەیسوتاندین، زەوییەکە بە چیمەن و گیاوگۆڵێکی زۆر چڕ داپۆشرابوو، لەسەر هەڵبژاردنی رێگاکەش ناکۆکییەکی زۆرمان کەوتبوو ناو، عەلی و غادی دەیانویست رێگای مورد ئەلعسافیە بگرینە بەر، ئەوان دەیانووت ئەوەیان لە رێگاکانی تر کورتترە، کە ئێمە جاران کاروانەکانمان دەبرد ئەوە رێگامان بوو، بژار و ناکۆکییەکەش رەنگە لە ترسی شومەر بوو، چونکە تیرەی ئەلسوید لە شومەرەکان، لە ئەلشبکە بوون، کە عودە ئەبو تایە پەلاماری دابوون، یان لەبەر ئەوەیان بوو کە دەیانووت، رێگاکە هەتا تەواو دەبێت سەخت و هەوراز و نشێوی زۆرە، لایەنی دووەم دەیانووت رێگای گۆمەکان بگرینەبەر، منیش وامدەزانی هەردوو رێگا وەک یەک دوور بوون و جیاوازییەکیان نەبوو. وتیان ئەمیر ئێستا لە

حائیل نییه و له نزیک ئەلحیاتییەیە، وادەزانم ئەوەش بۆ من زۆر ناخۆش بوو، وتیان ئەو هەموو پیاوەکانی له هاتنی من ئاگادار دەکاتەوە، ئینجا نازانم مەبەستی بووە، من به ناوچەکانی ئەوان برۆم یان بوارێکی تر بگرمەبەر، بەڵام نەمدەزانی هەواڵەکان چەندیان راست و چەندین هەڵبەستراو بوون، خۆر ئاوا دەبێت و مانگ دەردەکەوێت.

## رۆژی چوارشەممە ١١ی فبرایەری ساڵی ١٩١٤ی زاینی

سەعات شەشی بەیانی بەڕێکەوتین، کەشەکە هەورین بوو، کاروانەکەمان بەرەو دیوی بەرامبەری دۆڵەکە سەرکەوت، سەعات شەش و ٢٠ دەقە هەتا سەعات نزیکەی دە، لەسەر خاکێکی بەردەڵان دەڕۆیشتین، هیچ گیا و پووشێکی بۆ لەوەڕ تێدا نەبوو، ئاراستەکەمان بەرەو خۆرهەڵاتی تەعوسەکان (گردی لم) و دەوروبەرەکەی بوو، بەرەو خۆرئاوا و لەسەر گردە لمییەکە دەڕۆیشتین، ڕێگاکەمان دەبێتە لم و بەردی نەما. سەعات دە و نیو گەیشتینە گۆمەکانی ئەلفسفس، خاکەکەی نەوی بوو، گردی لمی و ژێرەوەشی توند و رەق بوو، لەلای گۆمەکان راوەستاین و ئاژەڵەکانمان ئاودا، کەرەستەکانمان پڕ ئاو کرد، ئەوەشمان تەنها بە نیو سەعات ئەنجامدا. ناوچەکە چۆڵ و ترسناک بوو، بەڵام کە ئاوەکەم بینی دڵشاد بووم، چونکە ئەگەر ئاومان دەستنەکەوتبوایە، دەبوایە بەرەو خۆرئاوا و ئەلبید بەڕێبکەوین، ئەوەش لە تیماء نزیک بوو و کاتێکی زۆرمان بەفیرۆ دەچوو. زاید دەیویست نزیکەی سەعاتێک لەوێ و له نزیک ئاوەکە بمینێینەوە، لەوێ دار و

دەوەنیش هەبوو، بەڵام من وتم دەبێ هەر بڕۆین، کە بەسەر یەکەم تەعوسە گەورە لماوییەکە کەوتین، تەعوسەکانی نەفوود، لە سەعات یەک و نیو چەند پیوانەیەکی ئاراستەکانم وەرگرت. لەلای چەپەوە لەوەڕی زۆرمان هاتەپێش، گیا و پووشێکی زۆر هەبوو، داری (ئەلحمات) و (ئەلعلندا) و (ئەلرمث) هەموویان تەڕ و ناسک و داری (ئەلقتاد)ی دڕکاوی لێ بوو، موحمەد ئەلمعراوی بە جرفش ناوی دەبرد، داری (ئەلغضا) و (الارطی) کە حوشتر نایخوات، رووەکی (ئەلعلقا)ی سەوز ئەوەیان تەنها لە نەفوود هەیە و بەس. سەعات دوو و ٤٥ دەقە گەیشتینە هەوارەکەمان، رۆژەکە زۆر جوان و خۆش بوو، حامیدی پاسەوانەکەمان کە لە تیرەی ئەلفقیرە وتی: پیاوەکانی تیرەکەمان رێگای حەجاجەکان لە دار ئەلحمەراوە هەتا مەدائین (مەدائین سالّح)، لە وەرزی حەج دەپاریزن، لەو پاسەوانییەدا جلوبەرگ و ئەرزاق و پارە و خواردنیشیان دەست دەکەوێت.

عەبدولرەحمان فێرببوو ئامێز ئامێز گیا و وێنجەی دەهێنا و بۆ ئالیکی وڵاخەکانیان دەیفرۆشتەوە حاجییەکان، بەڵام ئێستا ئیشەکەی کز بووە، چونکە حەجاجەکان بۆ ئەو سەفەرە سواری شەمەندەفەر دەبن، لەسەر زەوییەکی لماوی زەرد هەڵماندا، کەوتینە ناو دیمەنە شادمانەکەی نەفوود، ئەوەی شایانی باسە پاراستنی کاروانی حاجییەکان لەسەر ئەستۆی (بەنی سەخر و ئەلحویتات و بەنی عەتیە و ئەلفقیر و ئەلئیدا و بیلی و جهنیە و حەرب و ولد سلێمانی لە هۆزی عەنزە لە تیرەی موعاز بن وائیل و هەردوو هۆزی کۆنی تەمیم و قەحتان) بوو. سێ لە هاوڕێیەکانم مۆری تفەنگەکانیان کە نیشانەی تاجیانVR پێوە بوو نیشاندام، منیش پێم وتن:

ئەگەر شێخ کەسێکی جوامێر بێت، هاتنی هەموو جۆرە چەکێک بۆ ناو دوورگەی عەرەبی قەدەغە دەکات، زید پشتیوانی بیرۆکەکەی کردم و وتی: قەسەم بەو خودایە، ئەوە لە هەموو شتێک باشترە!

ئینجا خەڵکەکە دەگەڕێتەوە سەر چەکە کۆنەکانیان، وەک رم و بەرد، چیتر تفەنگ نامینێت، سەیر کە ئەسپە رەسەنەکانیشمان نەماوە، دەگمەن بووە، تۆپخانەش تەنها لەلای ئبین رەشید هەیە، ئیبن شەعلان لە ناوچەی ئەلجوف یەک تۆپی باشیان هەیە، هەموو یاوەرەکانم بەدروستی و بەردەوام نوێژەکانیان دەکرد، بەڵام لەکاتی نوێژکردنەکانیان عەباکانیان لەبەر نەدەکردەوە.

## رۆژی پێنجشەممە ١٢ی فبرایەری ساڵی ١٩١٤ی زاینی

سەعات شەشی بەیانی بەرەو ئەلەسبی بەڕێکەوتین، پیوانەکانم بۆ ذوبیان و ئەلشبکە و عرنان و گردەکانی غەنیم وەرگرت، رێگای سەعاتێک لە تیماء دوور بوو، هەروەها بۆ ئەلمحمیریەی نزیک تیماء و گردە لماوییەکانی پێشەوەی نەفوود، کە لە دوای خۆمان جێمانهێشتبوو، بیرەکەی حیزانی بەرامبەرمان وەرگرت. گردوڵکە لماوییەکان (تەعوس) بەرەنگی زەردە چواردەورەی نەفوودمان گرتبوو، کە لە سێ لاوە لە خەرەندێک دەچوو، دیوی چوارەمیشی کەندێکی قووڵ بوو، شوێنەکە هیچ رووەکێکی بۆ لەوەڕ لێ نەبوو. ئەو کەنارە لمیینانە لە خۆرهەڵاتەوە بەرەو خۆرئاوا نشێو دەبونەوە، ناوەندەکانیشیان کەند و دۆڵ بوون، لەناکاویش دەبووە خەرەندی زۆر قووڵ.

تەعوسـەکان قـوچەکی سـەری تیـژن، لە خـۆرهەڵاتەوە بەرەو خۆرئـاوا هەڵکەوتـوون، بەرەو بـاکووریش نشـێو دەبـنەووە، کە بە سـەر تەعسـی ئەلسـەبی دەکەوتـم، فتـوح هـاتە لام و وتـی: حوشترێکمان یخ بووە و هەڵناستێتەوە. من و موحمەد ئەلمعراوی و فەلاح دەست بەئالیکەوە بۆی گەڕاینەوە، حوشترەکە لەسەر تەنیشت وەک تەرمێک کەوتبوو.

موحمەد وتی: ئەو فەوتا، ئای خودایە؟ منیش وتم: باشتر.

موحمەد سەری بڕی و بە چەقویەکی تیژ دەماری وداجییەکەی بڕی، ناوی خودای لێ هێنا و وتی بسم الله، الله اکبر. حوشترەکە بە نەخۆشییەک مرد پێیان دەووت (ئەلتەیر)، بەختمان باش بوو، ئەو یەکێک بوو لە حوشترە لاوازەکان. شوێن پێی زۆری مامزی ئەلمهامان بینی، یاوەرەکانم سێ مهایان دیبوو، بەڵام ناتوانن بیانپێکن، هەروەها شوێن پێی عەرەبیشمان بینی، کە هەوارەکەمان دانا و کۆبووینەوە لە دوورەوە چەند حوشترێکمان بینی. یەکێکم نارد بزانن ئەوانە کێین و لە خوداش دەپاڕامەوە هەواڵی ناخۆشمان بۆ نەهێنێتەوە! قووم و لمی بیابان ئەگەرچی ورد و نەرمیشە، بەڵام بەربەستی لە کاروانەکەمان دەکات، پێ حوشترەکانمان لەناو قوومەکە ختم دەبوون... نیوەڕۆیەکان هەتاوەکە زۆر گەرم دەبێت، باش بوو پاش خۆرئاوابوو شنەبایەکی خۆش دەهات.

موحمەد باسی نەبەردییەکەی خۆی بۆ گێڕامەوە، کە نامەیەکی لەلایەن والی موحمەد سەعید پاشا لە دیمشقەوە دەباتە موعان، سێ رۆژ بوو والی لە حەج گەڕابووەوە، موحمەد وتی:

لەگەڵ کـازیوە بەڕێکەوتم، بەیانی رۆژی دووەم گەیشتمە ئـوم ئەلجەمل، کە عەنزەکانی تێدا دەژین، سـەعات هەشـت گەیشـتمە

موعـان، وتـی لەویٚ مـوحمەد بـن جـازی و هەشـت سوارحوشـتری (هجـان) و ژمـارەیەک سـوارم بینـی، ئەوانە دوژمنمـان بـوون (قـوم)، کێشـەمان لەسـەر حوشـتر هەبـوو، لە دۆڵـی ئەلحسـاء و موعـان رووبەڕوویـان بـومەوە. لەودەمـانە خەڵکەکە تفەنگیـان نەبـوو، بەڵام ئیبن جـازی تفەنگێکـی میسـری نـوێی هەبـوو، مـوحمەد ئیـبن جـازی، منـی راگـرت و پرسـی تـۆ کێیـت؟ ئەویـش کـاروانەکەی راگرتبـوو تفەنگیشی پیٚ بوو، قیژاندم:

من موحمەد ئەلمعراوییم و تۆش ئیبن جازییت.

ئەو وتی:

ئەگەر رمەکەت بهاوێژیـت، منـیش گوللەیەکـت تێـدەگرم، هەردووکمان بەیەکەوە دەمرین، ئیبن جـازی هـاواری کـرد و رمێکـی تێگرتم و وتی:

ئەو سـەگە لەنـاوبەرن. سـیٚ لە پیاوانەکـانی لە پشـتەوە رمیـان تێگـرتم، یەکێکیـان بەسـووکی زامـداری کـردم، بەڵام ئـازاری نەدام. موحمەد ئیبن جازی، دەست دەبات بۆ تفەنگەکەی ئەلحویتی، ئەویش گوللەیەکی پیٚوە دەنێت، لەبن هەنگەڵی دادەڕوات، مەبەستیشـی بـوو لە قاچی موحمەد ئیبن جازی بدات و گوللەکەش لەنێوان قاچەکانی رەتدەبێت. ئینجا ئیبن حجازی سوار دەبێت و کـاروانەکەی دەبـات و یاوەرەکانی دەڕۆن، ئەوان چەند سەعاتێک هەڕەشەیان لە ژیانم کرد و زۆری نەمابوو بمکوژن، سەعید پاشا پیٚی وتم:

خـودا لە ئاژاوەکـانی ئەلحویتـات تـۆی پاراسـت. مـن لە تیـرەی ئەلهقـیش و ئەلخریشـان حوشـترێکم بەدیـاری وەرگـرت، یەکێـک لە شـێخەکانی ئەلجەبـل لە عەنزەکـانی موعـان، بەرەو سـەعید پاشـا دەڕۆیشت ئەویش حوشترێکم بە دیاری دەداتیٚ.

## رۆژی هەینی ١٣ی فبرایەری ساڵی ١٩١٤ی زاینی

شەو پلەی گەرما، هەتا رادەیەک بەستان سارد بوو، رۆژەکە هەور هەور بوو، سێ لە یاوەرەکانم لەگەڵ عەواد بن حبرون ئەلعواجی گەڕانەوە، وتیان ئێمە ناتوانین چیتر لە کاروانەکە هاوڕێیەتییت بکەین، ئەوان ترسیان لە شومەرییەکان هەبوو، دڵنیا نەبوو عودە ئەبو تایە هێرش دەکات، یان لە ناوچەکە دوورە، موساعید لەوە دەترسا بە گەیاندنی هەواڵ و زانیاری بۆ ئەلحویتاتییەکان تاوانبار کرابێت. کرێ رۆژانەکەی عەواد یەکە مەجیدی بوو، ئەوانەی بەجێیانهێشتین و رۆیشتن پارەم بۆ سەرەفکردن، موساعید و زاید و حامید رۆژانەکەیان هەشت مەجیدی و جلوبەرگیش بوو، ئەوان پێنج رۆژ بە مەرجی تایبەتی زۆر گونجاو لەگەڵم بوون. لەسەر بەرزاییەک سەرکەوتین، لە سەعات هەشت پیوانەکەی ٥.٢٦ و لە سەعات نۆ و چارەکێک بۆ پلەی ٢٦.٤ دابەزی. لە سەعات نۆ و نیو حەلوانمان لێ بەدەرکەوت، دەتوانین پیوانی هەر یەک لە: عرنان، حیزا، حلون و البیر وەربگرین، بەسەر گردۆڵەیەکی تەعوسی کەوتم، لەوێ پیوانەکانی بیرەکەی حیزانم وەرگرت، پێیان دەڵێن زبران، بەر لەوەی هەوارەکەمان هەڵبدەین گەیشتینە چاڵێک لە شێوەی ناڵی ئەسپ، کە لایەکیان زۆر لە لایەکی تری هەڵدێرتر بوو. ئیبن رەشید وتبووی من کاروانێکی گەورەم ناردووە، بۆ هێنانی کەلوپەل پێویستەکان، رەنگە چەک بێت؟ کە لە حکومەتی عوسمانی بۆ المدائن (مەدائین ساڵح) بوو، رەنگە بۆ ئاودان ئیمڕۆ لە حیزان بوەستێت، رەنگە لەبەر ئەوە بێت پیاوەکان منیان جێهێشت و

ڕۆیشـتن، ڕەنـگە هەواڵەکەش لەلایەن عەبـدوڵا بـن جلـولەوە پێیـان گەیشتبێت.

بەیانییەکەی یەکێک لە پیاوەکان گەڕایەوە، جلی نوێی لەبەر بوو، کە لەلای یەکێـک لە بازرگـانی هەوارەکـانی ئەلعـواجیە کڕیبـووی، مـوحمەد ئەلمعـراوی دەیناسـی، بەرەچەڵەک خەڵکـی مەشـهد عەلـی (نەجەف) بوو، ناوی سادق ئەبو ئەلعجینە بوو، ئیمڕۆ لەو نـاوچەیە رووەکـی نەسـی هەبـوو، لەگەڵ نەسـی، حمـات و رمـت و العلقـا و ئەلعلنـداش هەبـوو. عەلـی وتـی... ئەلاهـا. فەتـوح ئەبـو لەیـلا لەبـن فەرمانی تۆیە ئەبو قاسم! ئەستغفرلا! تەمەن فێڵێکە و دەرفەتیش هەر رۆژێکە.

## رۆژی شەممە ١٤ی فبرایەری ساڵی ١٩١٤ی زاینی

پـێش خـۆردەرکەوتن، سـەعات پێـنج و پەنجـا دەقە بەڕێکەوتـین، دیـمەنەکە زۆر نـازدار بـوو، لەوێ دیـارە کە رووناکی بەر نەفـوود دەکەوێت، هەتاوەکە دەگاتە سەر بەرزایی تەعوسەکانی نزیک زبـران و دەگـــاتە بـــنەوەی تەعوســـەکانیش و چاڵاییەکـــانیش بە ســـێبەر داپۆشرابوون.

بە خۆرهەڵاتن لەسەر ژمارەیەک تەعوسـەکانی زبـران ڕۆیشـتین، بەسەر تەعوسێک کەوتم، کۆششێکی زۆرم کرد، تا بەسەر یەکێکیان کەوتـم، کەرەسـتەکانی پیوانیشـم هەڵگرتبـوو، پیوانەکـانی جبـل بـرد، بیـرەکەی حیـزان، حلـوان، اللقـحە، دوو خـاڵ لە ناوەڕاسـتی ظلمـا و دەشـتاییە بەرزەکـانی کەنارەکـانی نەفـوودم وەرگـرت. گەیشـتینە بەردەڵانێک، لەوێشەوە گەیشتینە عرنان و جبل المسمی و تەعوسـی

گەورەی فبران. سەعات نۆ و دە دەقە، هەوارەکەمان بە دووری نیو میل یان کەمتر لە زبران، لەوێ پیوانەکان ٣٠٦ پلە لە گەڕانەوەش بۆ تەعووسەکە پیوانەکە ١٨٠ پلە بوو. لەسەر پشتی حوشترێک چوومە حیزان، سەعات دە و بیست و پێنج دەقە، گەیشتینە لای بیرێکی ناو چاڵێکی قووڵ، لەگەڵ دابەزین بارومترەکەم دوو پلە دابەزی، یەکێک لە بیرەکان بەکەلک بەکارهێنان دەهات بیرەکەی حیزان بوو، درێژی گوریسەکەی ئاومان پێی هەڵکێشا ٤٨ هەنگاو واتە ٣٧ مەتر بوو. لە باشووری ئەو بیرە، بیرێکی تر بە ناوی حیزاء هەبوو، بیرەکە داخراوی مردوو بوو، لە سەردەمی موحمەد بن رەشید، هۆزی ئەلرولە بیرەکە دەگرن و ناوچەکە کۆنترۆڵ دەکەن، رێگا لەسەر شومرەکان دەبڕن، بەڵام موحمەد بن رەشید هۆزی ئەلرولە دەردەکات و بیرەکەش پڕدەکاتەوە، بیرەکەی حیزاء ئاوی لە بیرەکەی حیزان کەمتر بوو، ئیتر لەودەمانەوە بیرەکە بەکارنەهاتووە، هەموو بیرەکە بە بەردی چاککراوی چوارگۆشەکە هەڵهێنرابوو، بەڵام بەشی بنەوەیان، بە بەردی رەق داپۆشرابوو، دوو ستوون و بەکرەیەکی ئاسن و گوریسێکمان هێنا، بۆ دەرهێنانی ئاو لە قووڵایی بیرەکە. زووتر عەرەبەکان بەهەمان شێوە ئاویان لە بیرەکان دەرهێناوە، لەسەر بەرزایی تەعسەکە، هەواری تیرەی ئەلعواجیەمان لێوە دیار بوو، سەرەتا ویستیان بواری فۆتۆگرتنەکەم نەدەن، بەڵام یاوەرە شومەرەکە هانیدام بەردەوام بم لەسەر وێنەگرتنەکە. گۆڕی شیخ مەشعان ئەلعوجی باوکی شێخی تیرەکە، لەنزیک بیرەکە بوو، لە یەکێک لە شەڕەکانیان لەگەڵ تیرەکانی تر دەکوژرێت، هەر لەوێ دەنێژرێت، کێڵی گۆڕەکە هیچ نیشانە یان نووسینێکی لەسەر نەبوو، لەگەڵ غادی و براکەی گەڕاینەوە ناو

هەوارەکەمـــان، ئەوەنـــدەی ڕۆژەکە مـــابوو، بە خۆشووشـــتن و پاککردنەوە سەرقاڵ بووین، پلەی گەرما بیستی سەدەی بوو، بایەکە بـۆ تـۆز و غوبـار وروورژێـنەر نەبـوو. حوشـترەکانمان بە گیـا و ڕووەکـی چواردەورەمـان خۆیـان تێـر کـرد، ئێسـتا ئـێمە لەسـەر سنووری نێوان هەردوو هـۆزی عەنـزە و شـومەرین، لە قلبـان و بە سەرەوە، خەڵکەکە سـەر بە شـومەر بـوون، تیـرەی ئەلفندەی سـە بە هۆزی عەنزە ئاو لە گۆمەکەی حیزاء دەخۆنەوە، لەگەڵ شـومەرەکان بـرادەرەن، عواجییەکـان دوژمنـداریان لەگەڵ شـومەر نەبـوو، بەڵام دوژمنـداریان لەگەڵ تیـرەی هتـیم هەبـووە، سـێ سـاڵ بـوو لەسـەر لەوەڕ دەبێتە شەڕیان، لە شەڕێکیان چل پیاو کە زۆربەیان عەنزە و لە هەمـوو تیرەکانیـان بـوون، لەنـاو تیـرەی هتیمـیش سـی پیاویـان دەکوژرێت.

هاوینـان شـێخەکەی ئەلعـواجی لە بیضـاء نثیـل دەبێـت، یەکێـک پرسی ئایا من نەسرانییم، منیش لە وەڵامدا وتم:

من ئینگلیزم.

شـــێخەکەی لەو هەوارە بـــرا گەورە ســـولێمان ئیـــبن خلـــف ئەلعواجییە، ئەویش ئامۆزای شێخە گەورەکەیان مەشعانە، شێخیش کـوڕێکی نـاردبوو بزانێت ئـێمە پێویسـتمان بە هـیچ نییە، لە ڕێگـای ڕۆیشـتنمان، غـادی باسـی ئیـبن ڕەشـیدی بە چـاکە بـۆ دەکـردم، هەروەهـا وتـی ئەو بۆ میللەتەکەی لە عودە ئەبو تـایەی ئەلحویتـات باشترە، ئەوان ئاگـادار بـوون لە هەڵمەت و پەلاماردارەکـانی عـودە، بەڵام شومەرەکانیان لەوە ئاگادار نەکردەوە، ئاماژەش بە عودە ئەبو تایە دەکەن و دەڵێت:

ئەو پیاوێکی باش بوو، کە موجەندی براکەی غادی نەخۆش دەکەوێت، بۆ چارەسەری دەیبەنە نەخۆشخانەی ڤیکتوریا لە دیمشقی شام، موجەند هەموو زاراوەکانی دەزانی. کە بەیانییەکەی رەشماڵمان بینی عەواد تەنگاو و پەرۆش بوو، بچێتە ناو ماڵەکان و هەندێ زانیارییان لێ وەربگرێت، ئێمەش لەسەر قووم مۆر و نیشانەمان دەنەخشاند.

## رۆژی دووشەممە ١٦ی فبرایەری ساڵی ١٩١٤ی زاینی

ئیمرۆ زۆر نارەحەت و خەمبار بووم، نەمدەتوانی راز و هەستی ئەودەمانە بە نووسین دەرببڕم، دیارە نەمتوانی گوزارشت لەو رەوشە بکەم! نەمدەزانی خەمبارتر دەبم، یان باشتر دەبمەوە؟ گومانم لەوە پەیدا کردبوو، ئایا ئەو کارەی من دەیکەم، شیاوی ئەو هەموو دەردەسەری و کەساسییە. من زۆر گوێم نەدەدا بە مەترسییەکانی ئەو گیانبازییە، لەوەیان بێ پەروا بووم، بەڵام دەمپرسی باشە ئەو کارەی من و ئەو گیانبازییە سوودی دەبێت. لە قیبلەنامەکەم دیار بوو، کە ئەو وڵاتە پێش منیش ناسرابوو، بەڵام دەکرا چەند ناوێکی نوێ بخەمە سەر نەخشەکە، ناوی چەند شاخێکی سەخت و دەشتی وشکانی و دوو بیری بیابانی زۆر قووڵ، کە رۆژێکیان ئاوی بۆ دابینکردین، رەنگە ئەوانە تەنها گۆڕان و دۆزینەوەکانی من بێت.

نەمدەزانی پێشوازی و دیدی ئال رەشید، ئەگەر لەسەر شێوازی باڵاترین و باشترین بەڕێوەبردنیش بێت، چ دەبێت کە دەگەمە هەوارەکەیان، گومانم هەبوو، دەبێ بوارم بدەن بەئاسانی بەرەو

بەغدا بگەڕێمەوە، بەڵام لەورۆژانە دەسەڵاتی بنەماڵەی رەشید لاواز بووە، وەک جاران هەژموونیان نەمابوو. ریگاش بۆ بەغدا زۆر جاری تر گیراوەتەبەر و ئاساییە، نەمدەزانی گەشتکردنیش بۆ نەجد سوودی دەبێت، یان زیادکردن و دانانی راستییەکی ترە بۆ زانیارییەکان، بەڵام شتێکی شیاوی باس و بەرچاویش زۆر ناکات، بەئارامی و باش گەیشتمە ئەو راستییەی دەمویست، دەبوایە لەو نەبەردییە یەکێک لەو دوو رێگایە هەڵبژێرێم بۆ گەیشتن بە دوورگەی عەرەبی. یەکەمیان رێگای ژیانی بیابان Arabia Deserta وەک چۆن داوتی تێدا ژیابوو: ئاوێتەبوون بە ژیانی ئاسایی خەڵکی ناو بیابانەکە، دەبوایە چەند مانگ و ساڵیش بمینێمەوە، ئیتر بەو شێوەیە و لەو کاروانەدا شتێک هەر فێر دەبم، بەڵام دیارە کە من ناتوانم ئەو رێگایە بگرمەبەر، چۆنکە بۆ ژنێکی وەک من ئەوەیان مەترسی زۆری تێدا دەبێت، (وەک چۆن داوتی ژیاوە). رێگای دووەمیش وەک چۆن لیتشمان Leacman تێدا ژیاوە و سواری حوشترێک بووە، یان لەسەر پشتی ئەسپێک و بە رێنمایی بۆسلەیەک بۆ دیارکردنی نەخشەکان، ئەوەندە و بەس و بڕۆم، لەوەشیان هەندێ سوود و دەسکەوت هەیە، دەتوانم شتێک لەسەر رووبەرێکی دیاریکراو و لە ماوەیەکی دیار ئەوە بکەم، بەڵام من دڵنیا نەبووم، بەهەرحاڵ ئەوەیان ناکەم. دەرئەنجامی گومان و بڕیارەکەم، وا باشترە لە شارە شارستانەکان پۆست و کارێک بگرمە دەست، کە تێدا کەمێک شارەزاییم هەیە، دەزانم چ دەکەم و بەرهەمم چ دەبێت، ئەگەرچی شتێک شیاوی نووسینەوە و هەڵوەستەکردن بێت نایدۆزیتەوە و ناگاتە دەستت، راستییەکەی دیمەن و بەسەرهاتەکانی ئەو کاروانەش، رووبەرووی هێرشی

پیاوانی هۆز و ڕێگرەکان دەبێتەوە، یان ڕەنگە لەو کاروانەدا بێئاوی هیلاکت بکات، یان شتێک لەو جۆرە پەریشانت بکات، باشە ئەو کارە ئەو هەمــوو مانــدووبوون و باســکردنەی دەوێــت، ئەوەی لەو دە ڕۆژەی داهـاتوو ڕووبەڕوومـان دەبێتەوە شـیاوی بـاش نیـیە وەک: باسکردنی دوو بیری ئاو، لەڕاستییدا نـاتوانم بیر لە شـتێکی شـیاوی بـاس بـکەم. بـۆیە مـن وا هەسـت بە خەمـۆکی و نائومێـدی دەکەم، دەترسـم کە دەگەمە کۆتـایی خـاڵەکە سـەیرێکی دواوە بکەم و بڵـێم: ئەوەی کـردم شـیاوی بـاس و گرینـگ بـوو. یـان ڕەنـگە ئاوڕێـک بـدەمەوە و بڵـێم: ئەوەی کـردم تەنهـا کـات بەفیـڕۆدان بـوو؟! بەڵام ئەوەی دەبێتە ڕاستی و بەرجەستە، ناکرێ بگەڕێمەوە و دەبێ بچمە پێشــەوە و شــیرەکە بڕیــاری خــۆی داوە. وادەزانـم کە مـن ژنێکـی گەوجم کە ملم لەو نەبەردی و سەرگەردانییە ناوە، خۆم هاوێشتوتە نـاو گێژاوێک کە ئیشـی مـن نییە، دیـارە مـن ئـازادی تەواوم نییە لە ڕاپەڕانـدنی ئەو کـارانەی شـیاوی بـایەخ و نیـازی تـایبەتی خـۆمن، بەوەش من زۆرتر نارەحەت دەبووم، کارەکە هـات و چـارەش نەمـا، وەک زۆربەی هــزرە هۆشــمەندییەکانمان. ئەو رامــانە ئەو شــەوە لەگەڵ مەترسییەکانی ئەو ڕێگایە کە نزیکن لە ڕاستی و ڕووداوەکان یەخەی گرتووم. هیوادارم شتێک ڕووبدات: شـتێکی سـەرەنجراکێش، هەڵمەتێک، پەلاماردانێـک، بـۆ نمـونە شـەڕێک! شـتێک دوور بێـت لە زانین و پسپۆرییەکەم، من لە شوێنەوارناسی پسپۆڕم و هیچ لەسەر شەڕ نازانم ئەوەیان سوودی بۆ شەڕەکان دەبێت؟ شـەڕ دەتوانێت کـاتەکە بگۆڕێت و قازانجیشـی کەمە، هەرگیـز مـن خـۆم وەک کیـژە پاشایەک نەبینووە، کە دەبوایە من لێرە ئەو کارەکتەرە بم، ڕۆڵی ژنە داماوەکانی دوورگەی عەرەبی.

## رۆژی پێنجشەممە ١٩ی فبرایەری ساڵی ١٩١٤ی زاینی

دوێنێ شەو، هیلم دەیویست لێمان دووربکەوێتەوە و بەشداری کاروانەکەمان نەکات، بەڵام ئیقناعمان کرد، پێمانووت ناکری لە بەڵێنەکەت پەشیمان ببیتەوە و تۆ سوێندی شەرەفت خواردووە، بۆیە وازی لە بیرۆکە دەهێنێت، نیو مەجیدییم دا بە عەواد و ریالێکی فەرەنسییم دا بە غادی بۆ ئەوەی هاورێیەتی کردبووین لە دەربازبوونمان لە هەوارەکانی عەنزە، پیاوانی شومەرەکان بۆ ماڵئاواییکردنمان نەهاتن، گەڕانەوە ماڵەکانیان و ئێمەیان جێهێشت. کەشەکە هەورین و سارد بوو، ئاراستەی بایەکی توند بەرەو باکووری خۆرئاوا بوو، هەتا نیوەڕۆ هەورەکە هەر چڕ بوو دوایی پەرتەی پێکرد، بڕیارمدا ئاراستەی ئەلجلد بگرم و بڕۆین، بەڵام هیتم دەیووت، ئەو رێگایە مەترسی تێدایە، دەمزانی رێگاکان بەرەو نەفوود مەترسی هەیە، کۆتاییەکەی نەفوود پێی دەڵێن ئەلستحیە، موحمەد ئەلمعراوی و هیلم بەردەوام دوو بۆچوونیان لە دیارکردنی رێگاکەمان هەبوو، منیش هەڕەشەم لێ دەکردن بۆچوونەکانیان یەکبخەن و ئاراستەکەمان بکەنە یەک ئاراستە. پاش سەعات دە، هیلم دەیویست بەوەستین و هەوارەکەمان هەڵبدەین و دەیووت:

هیچ لەوەڕێکمان لە پێشمان نییە، هیچ عرفج و شتی وا، لەو رێگایەدا نییە، من تا گەرمییەک بگاتە لەشم، بەپێخواسی لەسەر لمەکە دەڕۆیشتم، شوانێکی شومەرمان بینی، بە دەستی ئاماژەی بۆ دەکردین، لەو نزیک کەوتینەوە و سڵاومان لێ کرد، بەپەلە چەند پرسیارێکی لێ کردم:

_ ژنەکە ئەوە بەرەو کوێ دەڕۆیت؟

بەرەو پێشەوە.

_ ئەوانە کێن لەگەڵ تۆ؟

لە شومەرەکانی ئەلسویدی ئەلسندن.

_ تۆ لە کوێ هاتوویت؟

لە دیمشقی شامەوە کوڕەکە!

دەستم کرد بە وەرگرتنی ئاراستەکان، بەیانی زوو دەستم پێکردبوو، سەرەتا لە ئەلردیفە و باکووری ئەلضلعانی چیای ئەلمسمی، سەعات دوازدە و نیو لەنزیک ئەو چیایە رەتبووین، لەوێ نەجدمان لێوە دیار بوو، ئای کە دیمەنێکی زۆر جوان و ترسناکیش بوو، ئاماژەی بە عەدەم دەدا، پاشماوەی بەردی رەشی لماوی، تیشەشاخی چیای ئەلمسمی لە ئاسۆی خۆرهەڵاتەوە دیار بوو. لەناو دەشتاییەکی وشکدا دەڕۆیشتین، کە دەکەوێتە نێوان گردۆڵە بەرزەکانی باشوور، لەپشتەوەمان زنجیرەکانی حبران بەپچڕپچڕی دیار بوو... هێشتا بایەکی ساردی دەهات، دوورکەوتینەوە و دیمەنە جوانەکانی ضلعان و غرامیل لەبەر چاومان ون نەدەبوو.

## رۆژی سێشەممە ٢٤ی فبرایەری ساڵی ١٩١٤ی زاینی

بەیانی سەعات شەش موحمەد ئەلمعراوی و عەلی بەرەو حائیل بەڕێکەوتن، پاش دە دەقە، ئێمەش بۆ رۆیشتن کۆبوینەوە، شەو بارانێکی زۆر باریبوو، بەیانییەکی جوان و خۆش بوو، لەناو گردەکانی ئەلضلعانی گرانیتی لە ئەلنهاید و بەدرێژایی ئەلسبروە و گردەکەی خلف لە سەعات هەشت و ٤٥ دەقە بەڕێکەوتین. لەکاتی دەربازبوونمان لە ئەلضلعان پیوانەی شوێنێکم دانا، نازانم زووتر

پیوانەکانی بۆ کرابوو یان نا، شوێنەکە ناوی مودیریە بوو، وادەزانم ناوەکە دروست نییە؟ لەوێ سەعات هەشت و ٥٥ دەقە، بۆ ئاو وەرگرتن لە گۆمێکی گەورەی نێوان بەردەکان، هەتا سەعات نۆ و نیو ماینەوە، ناوچەکە بە بەردی گرانیت داپۆشرابوو، شوێنێکی کەسکی زیندوو بوو، وردە گوڵزاری رەنگین و دار و دەوەنێکی زۆر لەناو بەردەڵانەکان دەرچووبوون. ناوچەکە داری ئەلتلحی گەورەی تێدا بوو، بەئاسانی بۆنی گوڵی ئەلبعیثرانە زەردەکانت دەکرد. سەعات یازدە و ٤٥ دەقە، بەلای کۆشکەکەی ئیبن رەشید رۆیشتین، ئەو کەم لەوێ دەمایەوە، زۆرتر بۆ سەردانی میللەتەکەی دەچووە دەرەوە، کۆشکەکە لەناو باخێکی خورمای گەورە بوو، سەعات دوازدە و ٣٥ دەقە، گوندێکی لاچەپم لە دووری سێ کیلۆمەترەوە بینی، لە سەعات دوازدە و ٤٥ دەقە بەناو گردەکان گەیشتینە سمیراء، نێوان ئێمە و حائیل دەشتاییەکی بەرینی راست لە گرانیت و بازلتی بەردی بوو، لە بەشی باکووری خۆرهەڵاتیش چیای ئاجا هەڵکەوتبوو، کە ئێستا کەوتووتە لای راستمان. لە دووری دوو کیلۆمەتر هەڵماندا، لەوێیەوە دەمانبینی، هێشتا گەشتەکەمان هەتا رادەیەکیش خۆش بوو، سەعید بۆی گێڕامەوە، ئەو لە تەمەنی پازدەساڵییەوە، ئێستاش تەمەنی چل ساڵە، گیانبازی زۆری لە رۆژانی بازرگانییدا کردووە، ئەو قازانجەکەی لەگەڵ بازرگانەکان نیوە بە نیوە بەشکردووە، نیوەکەش لە بەرامبەر ماندووبوونی کرێنەکە بووە، لەو حاڵەتەدا زیانیشی بەردەکەوت، بەڵام ئەگەر بەشێک لە سێ بەشی هەبووایە، حەقی بەسەر زیانەکان نەبووە، بەڵام لە نیوە بەنیوەکەدا زیانی بەردەکەوت. بازرگانی حوشتر و مەڕ و روونی کردووە کە لەورۆژانە نرخی بەرزە، ئەوە لە نەجدیش بەرز بووە،

چونکە ململانێی لەنێوان کڕیارەکانی ئەلعقیلات گەرم و زۆر بوو، بازاڕی میسریش باش بوو، بازرگانەکان لە دوو سەد هەتا سێ سەد جونیەی ئیسترلینی لە فرۆشتنی هەزار کالا قازانجیان دەکرد. قازانجی فرۆشتنی ٥٠٠ سەرەمەڕ لەنێوان ٧١ هەتا ٨١ جونیە دەبوو، بۆ سەرەحوشتریش هەر وابوو، بۆ هەر مێگەلێکیش دوو شوانی عەرەبی پێویست بوو، هەندێ مێگەڵە حوشتری شومەرەکان لە کاروانێکا بۆ دیمشقی شام، بیست هەتا سی مەجیدییە بووە، بازرگانەکانی مەڕ زۆر مەترسیدار بووە، ئاسایی بوو لە ڕێگادا ون ببن و تووشی فەلاکەت ببن. جارێکیان لەنزیک موسل، سەعید مێگەلێکی تەواوی مەڕی لێ ون دەبێت و پەریشان دەبێت، ئەو وتی:

دەرئەنجامی ئەو زیان و فەوتانە ئەژنۆم دەشکێت و توانای ڕۆیشتنم نامینێت، بەڵام پاش گەڕانی دوو ڕۆژ، مێگەڵەکەی دەدۆزێتەوە، تا بازاڕەکەش پڕ حوشتر نەکات، بۆ هەر کاروانێک لەنێوان سەد تا سەد و پەنجا حوشتری بردووە.

موحمەد ئەلبسام وتی من لە هەر کاروانێکدا تەنها سەد و پەنجا سەرم بردووە، بەڵام ئەلمعراوی لە هەموویان لەو بازرگانییە زیرەکتر و بەتواناتر بووە، جارێکیان پێنج سەد سەرە مەڕ دەکڕێت، لە بازاڕەکەی دیمشق هەمووش دەفرۆشێتە پیاوێک هەرگیز نەدیبوو، تەنها متمانە هەبووە و بەس، فرۆشتنەکە دەکرێت و هەر لەسەر بڕواکردن لەسەر نرخەکەش ڕێکدەکەون. جارێکیان لە پیاوێکی سەر بە تیرەی ئەلرولە دەپرسن:

کە مردیت و دوو مەلائیکەتەکە هاتنە سەرت و پرسی کار و کردەوەکانت دەکەن، وەڵامت چ دەبێت؟ ئەو دەڵێت:

من هیچ ڕۆڵم نەبووە، کەسێکی مردوو بووم، قسە و بڕیارەکان هەمـــوو لەلای ئیـــبن ئەلشـــعلانە، ئەو شـــێخ و گەورەمـــانە، بـــڕۆ پرسیارەکە لەو بکەن.

## ڕۆژی چوارشەممە ٢٥ی فبرایەری ساڵی ١٩١٤ی زاینی

سـەعات شـەش و نیـو بەڕێکەوتینـەوە، بەرەو حائیـل ڕۆیشـتین، پیاوەکانم پەرۆش بوون بگەنە حائیل، پاش سێ چارەکە سـەعات، سێ پیاو بەرەو ڕوومان هاتن، یەکێکیان عەلی هاوڕێمان بوو، بەپەلە لەسەر پشتی حوشتر دەهاتن، وتی:

هەموو شتەکان بەئارەزووی ئێمە دەبێت، هەروەها وتی: ئیبراهیم ئەلسبهانمان بینی، زۆر بەخشندە بوو، بەگەرمی پێشوازی کردم و شانازە بە گەیشتنی تۆ.

دوو سوارەکەی بە ئەسپەکانیان لەگەڵ عەلی هاتنە لامان، لە ئێمە نزیـک کەوتـنەوە، یەکێکیـان عەبـدێکی ئیـبن ڕەشـید بـوو، ڕمێکـی بەدەستەوە بوو، زۆر بەگەرمی پێشوازییان کردین، بەتـایبەتی مـن، دوایـــی ئەوی تریشـــیان بەنـــاوی حەســـەن ئەلضـــایفی گەیشـــت، دەڕۆیشتین و گردۆڵە دوند تیژەکانمـان دەبینـی، کە بەسـەر گردێک کەوتین حائیلمان لێ بەدەرکەوت، شـاەرکە بە شـوورەیەکی قووڕی نەوی دەوری درابـوو، دیـار بـوو دیـوارەکە نـوێ بـوو، لەســـەر شـــوورەکە چەنـد بـــورجی لووســـکراویش هەبـوو، بورجەکـــان لە سەربانی ماڵەکانی شارۆچکەکە بەرزتر بوو.

بە بەرزایــــی شــــــوورەکەش دارخورمـــــا هەڵچووبــــوون، دەشـــتاییەکانیش بە بەردی گرانیتـــی ســـوور داپۆشـــرابوو، بەشـــی

باشـووری شـارەکە چـۆڵ بـوو، لەسـەر شـوورەکە سـوڕاینەوە و گەیشـتنە بەر دەرگـای قفـار یـان شـار، شـەقامێکی بەریـن بەرامـبەر دەرگـاکە هەبـوو، لەلای چەپـمەوە مـوحمەد ئەلمعـراوییم لەبەردەم دەرگای ماڵێک بینی. لەسـەر پشـتی حوشـترەکەم دابەزیـم و بەپێیان بە کۆڵانێکی نشێو بـۆ گۆڕەپانەکە، دوایـی بـۆ هـۆڵێکی سـەرگیراو بە سـەعفی خورمـا راوەسـتا، لەسـەر دار پـاڵەوانێکی خورمـای سـپی، دیوارەکەشـی بە رەنگـی سـپی و نەخشـین بە پەنـد و ئامۆژگـاری بە هێڵی سوور و شین و ئەرزەکەشی بە مافوور و بالیف داپۆشرابوو، دیوارەکـان بە نەخشـی لـق و گەڵا وێنـاکرابوو، پەنـجەرەی بچـووکی دوو ریـزی یەک لەسـەر یەک تێـدا بـوو. لە گۆشـەیەکی ژوورەکە و لەسـەر چەنـد سـەرین دانیشـتم، کۆشـکەکە کۆشـکی مـوحمەد ئیـبن رەشـید بـوو، کە بـۆ سـەردانی کـاروانی حاجییەکـان هـاتووتە ئەو کۆشــکەکە، کە حــاجییەکە لە گۆڕەپــانە گەورەکەی بەرامبەریــان کۆدەبونەوە، کەسایەتی دیار و ناسراوی زۆر لەو کۆشکە پێشـوازی کـراوە، پیاوەکـان رۆیشـتین بـۆ دەستنیشـانکردنی شـوێنی هەڵـدانی رەشماڵەکانمان، مـن چـوومە سـەربانی کۆشـکەکە بـۆ دیتنـی دیمەنـی حائیل. کوڕە عەبدەکە عەتالا، داوای لێ کردم بێمە خـوارەوە، ژنێکـی پیـریش هـاتە نـاو سـالۆنەکە، ژنەکە کراسـێکی پەمـۆی سـوور لەبـن عەبـایەکی رەش هەتـا سـەر لەبەردا بـوو، ژنێـک لەدوای دەڕۆیشـت، ژنەکە کراسـێکی پەمـۆی تەنکـی سـوور و ئەرخەوانـی و جلبـاب و دەسـتماڵێکی میسـری زێڕینی نەخشـینی لەبەردا بـوو، خەنـاوکەیەکی لوئلوئی بێگەرد و دانەدانە زمرود و یاقوتی لە گەردەنـی ئالاند بـوو، چەنـد خەنـاوەیەکی درێژیشـی لە ملـی هەتـا سـەرسـینگی هێنـابووە

خـوارەوە، مەچەکـی پـڕ بـازنە و پەنجەکـانی ئەنگوسـتیلەی زێـڕی بێگەردی کێش گرانی نوقمکراو بە ئەلماسی تێدا بووە.

ئەو ژنە تـورکی شەرکسـی بـوو، بەڕەچەڵەک تـورک بـووە، بە منالی لە ئاستنبۆل ژیاوە، رەوانەی لای ئەلشریف کراوە، دوو ساڵ لە مەکە لەگەڵ ئەو ژیاوە، ئەویش نازانێت بۆ رەوانە کرابـوو، رەنگە بۆ ئەوە بووە فێری زمانی عەرەبی بێت، ئیتر بەو جۆرە ئەو ژنە دەگـاتە ئێـرە و لای عەبـدولعەزیز ئیـبن رەشـید زمـانی تـورکی لەبیردەکات. بە زمانی تورکی بە منی وت:

ئیبراهیم منـی نـارد نەوەک تـۆ عەرەبـی نەزانیـت، مـن بە زمـانی تورکی قسەت لەگەڵ بکەم، ژنەکە نـاو مـاڵەکەی پێ نیشـاندام، ژنـان لەنـاو سـالۆنەکە دانیشـتبوون و شـوێنی دروسـتکردنی قاوەشـی لـێ بوو: دوو شـوێن دەرەوە و نـاوەوە، سـالۆنەکە زووتـر بـۆ پێشـوازی گەورە شێخەکانی عەرەب بووە.

بەشێکی کۆشکەکە بریتی بوو، لە ژووری بچووک بچووک و بۆ ژنەکـانی مـوحمەد ئیـبن رەشـید، ئەوکە هـاتووتە ئێـرە، هەر ژنە و ژوورێکـی تـایبەتی هەبـووە، حەوشـەیەکی گەورە و دوایـی یەکێکـی بچـووکی هەبـوو، لە حەوشـەکە، داری لیمـۆ و هەرمـێ و سـێو تێـدا چاندرابوو، هەیوانە گەورەکەی شوێنی دانانی تلسکۆبی و قورئانێکی گەورەی کـۆنی تێـدا بـوو. کـۆڵانەکەی سـەرێکی کـراوە و سـەرێکی داخرابــوو، بنمــیچەکەی بە ســەعفی دارخورمــا و کــاریتەی قەدی دارخورما گیرابوو، ژنە تورکەکە باسی ئاستنبۆلی بۆ دەکردم وتـی: لەوێ ترمـوای و گالیسـکەی تێـدایە، هەمـوو جـۆرە خـواردەمەنییەک هەیە، ئینجا وتی: حەمد و ستایش بۆ خودا گۆشـت و خورمـای زۆر و هەرزانی هەیە، بەڵام ئاستنبۆل تەنها خورمای حائیلی کەمە! لەوێ

روون هەرزانە. ژنە تورکەکە لەناو عەرەب ژیابوو، خەسڵەتی ئەوانی هەڵگرتبــوو، جلـــی ئەوانـــی لەبەر دەکـــرد، وەک ژنە عەرەبـــیش بەپێخواســی دەڕۆیشــت، قــژە درێــژەکەی لە ناوەڕاســتەوە قــژەکەی کردبووە دوو بەش، بەو شێوە قژەکەی داهێنابوو، برنج و گۆشتی بە پەنـــجە و نـــاو لەپەکـــانی دەخـــوارد، واتە چەقـــۆ و چەنگـــاڵی بەکارنەدەهێنـا و ماسـتی فڕدەکـرد! ژنە تـورکەکە، ئێـرە بە وڵات وماڵی خۆی دەزانی و نیازی بوو هەر لێرەش بمرێت، نایەوێ بە قەد نووکی میرولەیەک لەو هەوارە دووربکەوێتەوە، هەرگیزیش چاوی لەوە نییە و نایەوێ بگەڕێتەوە ئاستنبۆل.

ژنەکە بە منـی وت لەگەڵ خـۆت بمـبەوە ئاسـتنبۆل، مـن لەوێ کاروبارەکـانم جێبەجـێ دەکەم، سـولتانی عوسـمانی عەبدولحەمیـد، چـوار ژنە شەرکسـی بـۆ مـوحمەد ئیـبن رەشـید ناردبوو، دوو لەو ژنـانە، پـاش مردنـی مـوحمەد گەڕانەوە، ئەو ژنە و ئەوی تریشـیان لێـرە دەژیـت، شـووی بە پیـاوێکی خەڵکـی ئەلسـماوە کـردووە. کە پیاوەکان گۆڕەپانەکە چۆڵ دەکەن سالم هـات و داوای لە مـن و ژنە تـورکەکە و لوئلـوئە کـرد، بچینە خـوارەوە تـا سـەیری رەشـماڵەکەم بکەیـن، چەنـد کەنیـزە و ژنـی عەبـدی جـوان بەدوامـان کەوتـن، ژنە تـورکەکە، هەمـوو ناومـاڵ و کەرەسـتە و کورسـی و کەرەسـتەکانی مەتـبەخەکەی بە ژنە عەبـدەکان نیشـاندا، پێـی وتـن ئەوان چـۆن و بـۆچی بەکـاردەهێنرێن، بە دەسـتی ئامـاژەی بە قـاپ و دەفرەکـان دەکـرد، چـۆنیش بەکـاردەهێنرێن، زۆر بەوردی راڤەکـانی دەکـرد، ژنێکی زمان شیرین و لووس بوو، ئەگەرچی هەندێجاریش قسەکانی درۆ بوون، ئەو وتی:

مـن بـۆ دۆزیـنـەوەی مێردێـک هـاتووم. ئەدی تـۆ هیچـت نیـیە. لوئلـوئەش وەکیلـی مـاڵەکەیە، هەمـوو کاروبارەکـانی نـاو مـاڵەکە رادەپەڕێنێـت، ئەو لەگەڵ مێـردەکەی لە سـەردەمی مـوحمەد ئیـبن رەشـید لێـرە دەژیـت، مێـردەکەی لەگەڵ عەبـدولعەزیز ئیـبن رەشـید دەکوژرێـت. ژنێکـی عەبـد و کـوڕەکەی عەتـاللە خزمەتـی دەکەن، دەرگاوانەکەی عەبدێکە بەنـاوی سـەعید، ئەویش وەک دیلی شـەڕ و تـالان، وەک چـۆن حوشـتر و ئەسـپ دەبەن عەبـدەکانیش دەبەن، عەبدە لاوازە کەساسەکە، داریان بۆ کۆدەکاتەوە و ئاویش لە بیرەکە دەردەهێنێـت، بەڵام عەبـدە بەتوانـا و بەهێزەکـان بـۆ کوشـتار و شـەڕەکان بەکـاردەهێنرێن، پیـاوە خەسـێنراوەکانیش لە ئاسـتنبۆل و مەکەی مـوکەرەمە دەیـانهێنن، پیاوێـک بەنـاوی سـاڵح هەبـوو، ئەو خەڵکی حائیل بوو، چاودێری کۆشکەکەی دەکرد، پاش نـانخواردن، ژنە تـورکەکە داوای کـرد بچـمە لای و بەیەکەوە دابنیشـین، ژنـانی حەریم هەرگیز لەناو کۆشک ناچنە دەرەوە.

ژنە تورکەکە وتی: من لێرە بووم کە عەبدولعەزیز کوژرا، باسـی شـین و گریـان و پرسـەکەی بـۆ کـردم، ژنە عەبـدەکەش هـات لە تەنیشتمان دانیشت.

ژنەکە وتی: من نوێژی نیوەڕۆم نەکردووە. ژنە تـورکەکە وەڵامـی دایەوە و وتی:

دەبـی بچیـت نـوێژەکەت بکەیـت، دەبـیّ نـوێژەکەت بکەیـت بـڕۆ. سەعاتێک دوای نیوەڕۆ تێپەڕیبوو کە ئیبـراهیم پێی راگەیاندم لەبەر نارەزایی پیاوانی ئاینی ناکرێ بچیتە دەرەوە.

چوومە هەیوانەکە، لەوێ دانیشتم، پیاوە عەبدە درێژەکەی لەپێش ئیبراهیم دەڕۆیشت لێم هاتە ژوورەوە، ئینجا ئیبـراهیمیش هـات، ئەو

کوفیەیەکی ئەرخەوانی سووری لەسەر عەگاڵێکی زێڕین لەسەر بوو، عەبایەکی نەخشین بەزێڕی لە قەدی ئاڵاندبوو، شیرێکی بۆیەکراو بە زیوی بە کەمەرییەوە بوو. ئیبراهیم بۆنێکی خۆشی لە خۆی دابوو، دەموچاوە باریکە درێژەکەی و ریشی شێوەی پاشایەتی کەمێک پێوە دیار بوو، ددانەکانی رەنگیان گۆڕابوو، دوو چاوی بەکەلی رەشی هەبوو.

ئەو باسی گەریدەکانی سەردانی حائیلیان کردووە بۆ کردم، وەک ئەللیدی ئان بلونت [8] یولیوس ئوتینگ [9] و شارلز داوتی، باسی ناوچەی بریدەمان کرد، کە ئێستا لەبن قەڵەمڕەوی ئیبن سەعودە، بەڵام عەنیزە لەبن هەژموونی شازادەیەکی سەربەخۆیە و زکاتیش ناداتە ئیبن رەشید، بەشێکی هۆزی عەتیبە لەگەڵ ئیبن رەشیدن،

---

٨ ئەللیدی ئان بلونت ١٨٣٧_١٩١٧ی زاینی Ledy Anne Blunt ژنە گەریدەیەکی ئینگلیز بووە، بایەخی بە ئەسپی عەرەبی رەسەن داوە، لە ئینگلترا تەویلەیەکی بۆ ئەسپی عەرەبی کردوتەوە. لە ساڵی ١٨٧٨ی زاینی لەگەڵ مێردەکەی سەفەرێکی بۆ بادیەی شام و عیراق کردووە، لەناو هۆزە کۆچەرەکان ئەسپی کڕیوە و رەوانەی ئینگلترای کردووە، کتێبێکی لەسە ئەو گەشتە بەناوی هۆزە کۆچەرەکانی فورات Bedouin Tribes of the Euhrates نووسیوە، ژن و مێردەکە هەمان ساڵ گەشتێکی تر بۆ حائیل دەکەنەوە، ئەو گەشتەش لەناو کتێبی گەشتێک بۆ نەجد تۆمار دەکەن A Pilgrimage to Nejd... وەرگێڕە عەرەبییەکە.

٩ یولیوس ئوتینگ ١٨٣٩_ ١٩١٣ی Julius Euting زاینی زانا و خۆرهەڵاتناسێکی ئەڵمانی بووە، چەند ساڵ بەڕێوەبەری کتێبخانە زانکۆی ستراسبۆرگ بووە، ئینجا لە سەنتەری توێژینەوەی خۆرهەڵاتی کاریکردووە. لەگەڵ زانا شارل هوبەر سەردانی دوورگەی عەرەبی دەکات، تێدا هەزارەها نەخشی ئارامی و نەبتی و سەبەئی دەدۆزێەوە، لە ساڵی ١٨٨٣ دەگاتە حائیل. وەرگێڕە عەرەبییەکە.

بەشـــەکەی تریـــان لەگەڵ ئیـبن ســـەعودن، هەنـدێک لە خەڵـکەکەش هەردوولایان بەیەک چاو سەیر دەکرد.

چـام دەخـواردەوە، کە ژنە تـورکەکە و لوئلـوئە هـاتن، کەوتیـنە ئاخاوتن، ژنەکە زۆر حەزی لە قسەکردن بوو، ئەمیری بە سولتانی خـودا نـادەبرد. عەلـی و ســەعود کوڕەکـانی حمـود و ســاڵح ئیـبن سـبهان، چـوار بەرخـی نەجـدی رەش و فەردەیەک برنجیـان بـۆ نـاردین، ئێـوارەش ژنە تـورکەکە لەگەڵ ژنە عەبـدەکە گەڕانەوە نـاو کۆشک، ژنەکە بەردەوام بۆ وەڵامدانەوەی ژنە تـورکەکە دەیـووت لە خزمەتدام. ژنە تـورکەکە وتـی: چەند ساڵە قـاچم ژان دەکـات، بۆیە بەپێ نەڕۆیشتووم، ئێوارانیش لەنێوان شـوورە درێژەکە و شـوورە قووڕەکە دەڕۆم، دەترسم بکەومە ناو بیرەکان ئەگەرچی هەندێکیان کوێربونەتەوە.

## رۆژی پێنجشەممە ٢٦ی فبرایەری ساڵی ١٩١٤ی زایینی

شەش حوشترمان بە ٣٦ جونیە و بەگوێرەی نرخی کڕینەکانیـان بە زەرری ١٥ جـونیە ئەســترلینی فرۆشــت، حوشــترێکمان مــرد، ئەوەش زەرری هەشت و نیو جونیەی لێداین، سـەرجەم زیانەکەمـان لە سنووری بیست و سێ و نیـو جـونیە بـوو، سێزدە حوشـترمان مـایەوە، بـۆ لەوەڕ لەگەڵ شـوانەکانی و عـودە و ســەیف ناردمـانە نەفوود، وتم با لەوێ بن، تا لە نەخۆشـی گەڕووبـون چاک دەبنەوە. لەبـن هەیـوانەکە دانیشـتم و خەریکـی نووسـینی نامەکـانم بـووم، لوئلـوئە و ژنە عەبـدە بچـووکەکەش سـەردانیان کـردم، لەنـزیکمەوە دانیشـتین و کەوتیـنە قسـەکردن، پـێش نیـوەڕۆ ئەمیـرە بچـووکەکە

عەبـدولا ئیـبن تەلال لەگەڵ عەبـدەکەی هـاتن، ئەو گەنجێکـی نـازدار بـوو، چـاوە ڕەشــەکان بە کـل بـوون، عەگـاڵێکی نەخشـین بە زێـڕی لەســەر بـوو، هەسـتم دەکـرد نیگاکـانی خەمگینـە. پـاش نیـوەڕۆ بـرا بچـووکەکەی ئەمیـر مـوحمەدیش هـات، ئەویـش نیگـا و رامـانەکەی خەمگـــین دەردەکەوت و شـــەرمنیش بـــوو، ئەو دەســـتی منـــاڵێکی بچـووکی بنەمـاڵەی ئەلجبـری گرتبـوو، ئەوەی مـوحمەد بەبیـانوو و تـــومەتکردن ویســـتویانە بیکـــوژن، خەڵکێکـــی زۆر لەو خـــانەوادەیە دەکوژێت، ئەوانـم بـردە نـاو ڕەشـماڵەکەم و کەرەسـتە و کەلوپەکـانم نیشاندا. تا ساڵح هات، ئەوان دانیشتن سێو و پارچەیەک پسکویتیان خـــوارد، چـــووینە نـــاو ڕەشـــماڵی پیاوەکـــان لەوێـــش دانیشـــتین، لە موحمەدم پرسی خوێندەواریت هەیە، دەنووسیت و دەخـوێنیتەوە، لە وەڵامـــدا وتـــی: بەڵـــێ دەچـــمە قوتابخـــانە. عەبـــدوڵا خوێنـــدنی تەواو کردبـوو، ئەو وتـی: مـن دەتـوانم چـۆن بخـوێنمەوە ئـاواش بنووسـم، هەمـوو شـتێک دەزانـم، دەتـوانم بەسـەر دارخورمـاش بـکەوم، دوو عەبدیش خزمەتکاری بـوون. سـاڵح وتـی: بـانگی نـوێژی عەسـر درا، ناچن، موحمەد نوێژ ناکەن؟

هەردووکیـــان لە دانیشـــتنەکە هەڵســـان و لەتەنیشـــت یەکتـــری ڕۆیشـتن، وەک دوو پیـاوی بچـووک دیـار بـوون و جلـی درێژیـان لەبەردا بـــوو، موحمەدیـــان بســـکی درێـــژی هەمـــوو، بســـکەکانی لە هەردوولای ســـەری هـــاتبوونە خـــوارەوە. هەردوو کـــوڕەکە، منـــاڵی تەلال و ســـەعود بـــوون، ئەوانـــیش چـــوار ژنیـــان هەیە، ئەگەرچـــی تەمەنیان نزیکەی بیست سـاڵێک دەبێت، کـوڕە بچووکەکەیـان کـوڕی موتعـب بـین عەبـدولعەزیز بـوو، هەر ئەویـش لە نەوەکـانی عەبـدوڵا ئیـبن ڕەشـید لە ژیانـدا مـاوە. پـاش چـاخواردنەوە لەگەڵ سـالم و

سەعیدی عەبد چووینە دەرەوەی شارەکە، لەسەر بەردەکەی ئەمعن دانیشتم بۆ سەیرکردنی نووسینەکانی سەر دیوارە نوێیەکە، هێلکاری بوو: عەبدوڵا ئیبن سالّح و شتی تر... لەناو شوورەکە، کێڵگەکانی گەنمەشامی تێدا وەک گەوهەر دەبریسکایەوە، بەشی ناوەندەکەی لبە و دەرگاکەی بەرەو باشووری خۆرهەڵاتیش ناوی لبە بوو، شوورەکە پێنج دەرگای هەبوو. ئەگەرچی ناو شوورەکە زۆری باخ و باخچە بوو، بەڵام چەند رووبەرێکی ڤاڵای تێدا بوو، لە باشووریش چەند باخ و رەزی گەورەی بەشووره و بورجیش هەبوو، رەزەکان بادامی گوڵدار، یان خۆخ بوون، لە ناوەڕاستیش بورجە بەرزەکەی برزانیش دیار بوو. دوو مانگ بوو سەعود بۆ هەڵمەت و تاڵانکردن دەرچووبوو، دەرچوونەکەی ئەو لە سەرەتای بارانە خۆشە زۆرەکە بوو، هەڵمەتەکەش بەناوی هەڵمەتی باران دەناسرا، وتیان رەنگە چەند مانگێک دوابکەوێت، پیاوەکانی لەگەڵ ئەو بۆ هەڵمەتەکە دەردەچن ژمارەیان هەشت سەد کەس دەبوو، جووتیارەکان لە بەرامبەر پارە و قەرەبووکردنەوە لەو راژە بەشداریان نەدەکرد. کە ئیبن رەشید دەچێتە ئەو نەبەردیانە، چەند مێگەڵی حوشتر و ئەسپی یەدەگ بۆ کاروباری پێویست لەگەڵ خۆی دەبات. هەموو پیاوە بەشدارەکان چەک و زەخیرەی پێویستیان بۆ دابین دەکات، بۆیەش ئەوان بە بەشداریکردنەکە خۆشحاڵ دەبن، ئیستا بەنیازە هێرش بکاتە سەر هۆزی ئەلروله، ساڵی پار هێرش دەکاتە سەر هۆزی بنی سەخر، ئەو هەڵمەتەکانی لە وەرزی هاوین ناکات، بەڵام لەو وەرزە هەڵمەتەکانی بۆ شوێنە نزیک و بەردەستەکان دەکات، سالّح لەتەنیشت رەشماڵی پیاوەکان شوێنێک

بۆ نوێژکردن و میحرابەکەی دەستنیشان دەکات، چەند بەردێک بۆ شوێنی ئیمام و دوو هێڵیش لەسەر زەوی بۆ نوێژکەرەکان دادەنێت.

ئیبراهیم عەبدەکەی ناردبوو لە تەندروستیم بپرسێت، شەوەکەی لەنـــاو خیـــوەتەکەی پیاوەکـــان دانیشـــتم، مـــوحمەد ئەلمعـــراوی دیارییەکانم بۆ ئیبراهیم دەبات کە بریتی بوو لە : کوفیە، عەبایەکی ئاوریشـم و دوو پاکێت شـیرنەمەنی. ئەوانەی بەرخ و برنجەکەیـان بۆمـان نـارد بـوو دیـاریيم بۆیـان نـارد. سـاڵح باسـی کارەسـات و کەساسییەکانی ئەلرەشیدی بۆ کردم، کە سعود لە مەدینەی منەوەرە دەگەڕێـتەوە دەبینێـت هەمـوو مناڵەکـانی خـانەوادەی ئەلرەشـید لە تیـرەی ئەلعبیـد کـوژراون، دیـارە کە حمـود بـراکەی ماجیـد ئیقنـاع دەکات، دەستی بە خوێنیان سوور نەکات، ئەویش دەڵێت من دەسـتم بە خوێنیان سـوور نـاکەم، بۆیە هەموویـان دەخنکێنێت، سـاڵح وتـی: ئەوەش فارس و غزای بوو. موتعب لەسەر دەستی سولتان، لەنزیک قفـار دەکوژرێـت و لاشـەکەی دەهێنـدرێتەوە لەنـاو بیرێکـی بـرزان دەنێژرێت. کوڕە بچووکەکەی عەبدولعەزیز موحمەد، بە دەسـتی ئەو کوژرابـوون، بـۆ بەزەیـی لێیـان دەپـارێتەوە، حمـود ژیـانی سـەعود دەپارێزێـت، موضـی خوشـکی حمـود و ژنـی مـوحمەد بـوو، کە مێردەکەی دەمرێت عەبدولعەزیز مارەی دەکاتەوە، ئەلسبهان وەزیـی موحمەد بوو.

## رۆژی هەینی ٢٧ی فبرایەری ساڵی ١٩١٤ی زاینی

ئەوانەم لەناو دەفتەی بیرەوەرییەکانم نووسی: کە بەیانی لە خەو هەڵسام، پیوانەکانی پانیم وەرگرت، کەمێک لەگەڵ لوئلوئە پیرەژنەکە

قسەم کرد، چەند وێنەیەکی ناوماڵەکەم وەرگرت، ئێوارە کە تاریک داهات ئیبراهیم ئەسپێک و دوو عەبدی بۆم نارد ئەوانیش: حەسەن و عید بوون. لەسەر پشتی ئەسپەکە، لەناو کۆڵانە تاریکەکان پیاسەیەکم کرد، کۆڵانەکان چۆل و خاوێن بوون، بەدرێژایی شوورەکە، ماوەماوە جوولەی ژنانم دەبینی، کە عەبای رەشیان لەسەردابوو. یەکێک لە پیاوە یاوەرەکانم فانووسێکی هەڵگرتبوو، بەردەم دەرگا دارە گەورەکانی بەرەو بازارەکە دەکرانەوە رەتبووین، دەرگای کۆگا بازرگانییەکان داخرابوون، مزگەوتەکەی ناو بازارەکە دەگەیشتە دەروازەکەی کۆشک. لە مزگەوتەکە هەتا دەروازە دارەکەی کۆشکەکە، کورسی یان سەکۆی دروستکراو لە قوور و لە هەردوولای شوورەەی دەرەوەی کۆشکەکە هەبوون. بە کۆڵانێکی تەسکی نێوان دوو شوورەکە کە دەگەیشتە دەروازەیەکی تر رەتبووین، عەبدێک دەرگاکە دەکاتەوە. لە ئەسپەکە دابەزیم و چوومە ناو سالۆنە گەورەکە، کە لە هەیوانەکە دیوارێکی قوور جیایدەکردەوە، لە سەرەوەی شوورەکەش چەند قونگرەیەکیش دیار بوو. هەیوان (روشن)ەکە گەورە و بەرین و نازدار بوو، بنمیچەکەی بە ستوونی بەردی گەورەی داپۆشراو بە کلس و تیجانی چوارگۆشە راگیرابوو، ئەرزەکە کلسی بوو، بەڵام وەک مەڕمەڕ دەبریقایەوە، بە مافووریش راخرابوو، لەبن دیوارەکانیش سەرین ریزکرابوون. ئیبراهیم بەرامبەر ئاگردانەکە دانیشت، خەڵکەکە هەموو هەڵسانەوە و منیش لەتەنیشتی دانیشتم، ئەو باسی کاروانەکانی ئارامی رۆژگارەکەی گێڕایەوە، لەبن یەکێک لە بالیفەکان دەفتەرێکی دەرهێنا، تێدا رووداوە دیار و بەرچاوەکانی بە مێژوو و ساڵ بە ساڵ لەسەر مێژووی ئەلرەشید نووسیبووەوە، کۆشکەکە لەلایەن

ئیـبن عەلــی دروســتکرابوو، ســەردەمەکە ســەرەتای نــاکۆکی و ململانێیەکــانی نێــوان تیرەکەیــان ئەلرەشــید بــوو، شــوورەکەی دەرەوەش لە سەردەمی عەبدوڵای باوکی موحمەد دروستکراوە.

ئینجــا لەنــاوەوە و بەش بەبەش ئــاوەدانییەکە تەواو کــراوە، شومەرەکان لەیەک نەوە نییە، بەڵام ئەلجعفەر ئەلرەشید لەو تیرەیە دەگەرێتەوە بۆ قەحتان لەنزیک یەمەن، ئینجا دەست دەگرن بەسەر هەوارەکەی کەسب لە نەجد.

لەبەر ئەوەی من ئارەزووی شوێنەوارەم دەکرد، بۆیە ئیبراهیم باسی ستوونێکی بەردینی کۆنی بۆ کردم، کە دەکەوێتە ناو گرد و تەپۆڵەکـان و چـوار ســەعاتیش لە شــارۆچکەکە دووره، هەروەهــا باسـی وردە بەردی نەخشـینی لاکێشـەیی بۆ کـردم، کە رێـی چـوار رۆژ دوورە و دەکەوێــتە نــاوچەی درب زبیــدە و وتــی: هەمــوو بەردەکــان جــوان دیــارن و نووســینی بزماریشــیان لەســەرە. لەودەمانەش کوڕەکان دوو کووپ چای بە لیمۆیان بۆمان هێنا، دوو فنجانە قاوەی نایابیشمان خوارد، هەروەها ئیبراهیم وتی بەندەر حەوت کیژی هەیە و هیچ کوڕی نییە، بەڵام نایف یەک کوڕی هەیە.

## رۆژی شەممە ٢٨ی فبرایەری ساڵی ١٩١٤ی زاینی

ژنە تورکەکە جارێکی تریش هاتەوە لام، بەیانییەکەی بەیەکەوە دانیشتین، ئەو هەموو سەربردەی ژیانی خۆی بۆ گێڕامەوە: ئەو کیـژی ســەربازێکی شرکسـی بـوو، بـاوکی دایکـی تەڵاق دەدات و ئەویش لەگەڵ دایکی دەگەڕێتەوە وڵاتەکەیان، ژنە تورکەکە وتی: داپیرم خودا ئەو ژنە بباتە ناوەندی دۆزەخ، ئەو زۆر رقی لە دایکم

بوو، ئەو دەستی هەبوو لە دەرکردنی دایکم و لە ماڵەکە دەربکرێن، ژیانێکی کەساس و داماوانە بژین. ڕۆژێکیان ژنە تورکەکە براکەی لەباوەش بوو و ڕێگای لێ ون دەبێت، خەڵکیش هەڵیدەگرنەوە و دەگاتە بۆرسە لەوێش دەیفرۆشن. ژنەکە دەگێڕێتەوە کە جارێکی تر براکەی نادۆزێتەوە، براکەی ناوی مستەفا بوو، لەسەر یەکێک لە پەنجەکانی پێی چەپی نیشانەی لوولدانێک بۆ سەر پەنجەیەکی تەنیشتی هەبوو، بە دەستی پەنجەکانی لوول دەدا، تا شێوەی پەنجەی براکەی پێم نیشان بدات، بەردەوامیش لە یەکێک دەگەڕێت ناوی مستەفا بێت و پەنجەی پێی لوولدرابێت.

ئەو وتی من فرۆشرامە خەڵکی ئاستنبۆل، بە کاروانێکی شەش ڕۆژە دەگەمە ئاستنبۆل، شەوێکیان لەسەر پشتی ئەسپێک دەگەمە شارەکە، من دەبەنە ماڵی پیرەژنێک، هەتا گەورە دەبم و کاتی شووکردنم دێت، دووبارە دەمفرۆشنەوە، من دەبەنە سەر کەشتییەک، گوایە دەریام نیشان دەدەن، لەوێ دەمینێمەوە و دەفرۆشرێمەوە عەرەب، یەک وشەش لە زمانەکەیان تێنەدەگەیشتم، لەسەر کەشتییەکە خەوم لێدەکەوێت، (ئەی ژنە نازدارەکە، ئینجا ژیانی چەرمەسەری و ئەشکەنجەم بینی)، ئەو لەوێ کەس ناناسێت و ماوەی ٢٥ ڕۆژ لە وێستگەی پشکنینی تەندروستی کرنتینا دەمینێتەوە، لەناو کەشتییەکە ئەوەی دەمرد تەرمەکەیان فڕێدەدایە ناو ئاوی دەریا، دەڕوات و دەگاتە جەدە و شەوێکیان دەیبەنە ماڵێک، لەوێش ڕەوانەی مەدینەی منەوەری دەکەن، دوو ساڵ وەک خزمەتکاری کیژێکی ماڵی ئەلشریف دەمینێتەوە، کیژەکە دایکی شرکسی بوو، هەموو ژنە خزمەتکارەکانی ماڵەکە شرکسی بوون، بڕوایان بەوان دەکرد، ئەو هەرگیز لەو ماڵەوە نەچوویتە دەرەوە و

ماڵی پێغمبەریشی (مزگەوتی نەبەوی) لەو شارە نەدیبوو، بەڵام بۆ گەشــتیاری دەچــوونە ئەلتــاییف، لەو مــاڵەوە دەگــوازرێتەوە لای پیرەژنێک بە ناوی هدیە، ژنێکی نازداری پایەداری زۆر دەوڵەمەند بوو لە مکەی موکرەمە دەژیا. ژنە دەوڵەمەندەکەی خاوەنی، حەز دەکات لەو کوڕەی مارەی بکات کە بەخێویکردووە، کوڕەکە فارس بوو، لەگەڵ ئەو دەژیا، گفتی ئەوەشـی پێدەدات خشـلی زۆری بۆ بکات، کیژەکە لەگەڵ ژنەکە بەیەکەوە نان دەخۆن، لە یەکەم نیگاش عاشـقی کـوڕە فارسـەکە دەبێـت، بەو پرۆسـەیەش زۆر کـامەران و بەختیـار دەبێـت، ئینجـا هەمـوو بەیەکەوە بەرەو نەجـد بـار دەکەن، لەناو مـاڵێکی لاچەپی شـارەکە دەژین. لەودەمـانە وەکیلی ئەمیر بۆ دیتنی هـدیە سـەردانیان دەکات، کوڕە فارسـەکە نەیدەزانی ئەوەیان پلانـێکە بۆیـان داریـژراوە، ژنە تـورکەکە وتـی، کە پیـاوەکە دەڕوات گومـان لە مەسـەلەکە دەکەم، بـۆیە دڵـی لە مـاڵەکە دەکوشـرێت و دووردەخـرێتەوە، بە هـاوار و فیغـانەوە راپێچـی دەکەن و دەیـبەنە بـازاڕ و ئەویـش هەر هـاوار دەکـات: ئـای لەو عەرەبـانە، ئـای لەو عەرەبـانە! ئەو عەرەبـانە نینـۆک درێـژانە، هەمـوو پێخواسـن، کـوڕە فارســـەکەش، کەمێــک بەدوای ژنەکەی رادەکـــات و بە گریـــان و فیغانەوە دەمینێتەوە، دەگاتە بەردەرگای کۆشک و بواری کوڕەکە نادەن بچێتە ژوورەوە، کیژەکە لە ژوورەوە رۆژەکانی سـەرەتا هـیچ نـاخوات، بەڵام پاش هەفتەیەک ئاسایی دەبێتەوە. دوایی پێ دەڵێن ئەمیـر دەیەوێـت ئەو لەنـاو کۆشـک بمینێـتەوە، دەتوانێـت لەنـاو باخچەکان پیاسەش بکات و خواردنی باشی بۆ دەهێنن، ئینجا ئەمیر موحمەد ئیبن رەشید دەیبینێت و پێی دەڵێت: مـن وەک کیژی خۆم ئاگـام لێـت دەبێـت، ئینجـا کیـژەکە وەک پیـاوێکی نمـونەیی و بـاش

ئەمیــری خۆشــدەوێت، کەســیش لەو نزیــک نــابێتەوە، ئینجــا ژنە تورکەکە وتی:

لە ســەردەمی ئەو، کەشــەکە بۆ ئەو ئـارام و خـۆش بـوو، بەڵام ئێستا کە ئەمیر دەچێتە شەڕ و هێرشەکانی، هەموو پەلاماری دەدەن و ئازاری دەدەن. هەموو ژنەکانی خەڵکەکە جاریەیان هەبوو، بەڵام ژنە شـێخەکان چەنـدین جاریەیـان هەبـوو، ژمارەیـان دەگەیشـتە دە هەتـا پـازدە کیـژە جـاریە و زێـڕ و خشـلی زۆریـان هەیە، ئەویـش خشلی زۆری هەیە لەوانە خەوناکەیەکی تورکی باش، هەر ئەوەشی لە مل بوو کە یەکەمجار بینیم. هەمـوو ژنەکـان لەبن دەستی فـاتیمە بـوون، ئەو ژنێکی خوێنـدەواری زەیـرک بـوو، بەڵام موضـا نەزان و بێدەســەڵات بــوو، ژنە شــێخەکان بەدرێژایــی رۆژ یەک ئیشــیان نەدەکـرد، ژنە تـورکەکە بـڕوای بە وەهـابیەت هێنـابوو و خوێنـدن و نووســینی دەزانــی، هەر پێـنج فەرزەکە نوێژەکـانی بە ملکەچیـیەوە دەکرد، مانگی رەمەزانیش لە سەعات پێنج تا دەی هاوینـان، سـەعات دە، لە وەرزی زسـتانیش هەتـا سـەعات یـازدە خەریکـی تەراویـح دەبــوو، لەکــاتی بەرووژووبــوونیش ســەر و جەســتە و هەردوو قاچەکانی ژانیان هەبوو، نوێژکردن لەسـەر هەمـوو موسـلمانی ژن و پیاو فەرزە، لەو مـاوەیەدا، لە بـانگی بەیـانی هەتـا بـانگی مەغریـب، نە دەخــۆن و نە دەخــۆنەوە. پــاش نیــوەڕۆکە چەنــد فۆتــۆیەکی ژنە تـورکەکە و هەیـوانەکەم وەرگـرت، باسـی ژیـانی ئەوروپـام بـۆ کـرد، ئەویش چەندین جار بەکلۆفەوە بۆ لوئلوئەی دەگێڕایەوە، ئەو پرسـی جیــاوازی نێــوان کریســتیان و موســلمان چیــیە، منــیش وتــم: جیاوازییەکە لەنیوەی ئیماندایە.

ئەوانیش شێلگێرانە دەیانویست باسی نیوەکەی تریان بۆ بکەم، منیش بەشی دووەمم بۆ باس نەکردن و وتم: دەکرێ هەموو شتێک بە زمانت بڵێیت، بەڵام پەیڤەکە لەناو دڵ دەرناچێت، کە چووینە دەرەوە وتیان هەندێ لە ژنەکانی ئەلسبهان هاتوون تۆ ببینن، من چاوەڕوانم کردن بەڵام نەهاتن، دوایی وتیان کە دەرچوون سولێمان بە ئێمەی وت خۆر ئاوابووە و شەوە. ئیبراهیم عەبدێکی لەگەڵ هەندێ دیاری بۆ دیتنم ناردبوو، ژنە تورکەکە، بە منی وت لێرە خەڵک وەک سەگ سەیری دەکەن و مامەلەی لەگەڵ دەکەن. وەک چۆن هەڵسوکەوت ئینگلیز و تورک دەکەن، ئەوە لەگەڵ ئێمە ناکەن، عەبدولعەزیز لە هەڵمەتکردن بۆ سەر ئیبن سەعود و لەنزیک هەوارەکەیان دەکوژرێت، کە لەوێ هێزەکەیان هەڵدەدات، پیاوەکانی پێی دەڵێن با پاسەوانەکەمان باشتر و زۆرتر بکەین و ئاگر بکەینەوە و نەخەوین، بەڵام گوێ لە ئامۆژگارییەکانیان ناگرێت، ئیبن سەعود وتبووی کەس جورئەتی ئەوە ناکات، هێرشم بکاتەسەر. نیوەی شەو دوژمنەکانیان هێرش دەکەن و هەموویان لەشکرەکە دەبینن، بەڵام کەسیان جورئەت ناکات عەبدولعەزیز لە خەو هەڵسێنێت، دوایی یەکێک لە پیاوەکانی دەیەوێ بە جوولاندنی پێی بەئاگای بهێنێت، وتی ئەو لە خەویش هەڵسابوو، هەر بڕوای نەکردبوو، کە پەلامارەکە لێیان نزیک دەبێتەوە، گەمارۆیان دەدەن ئەو بەپەلە بەرەو ئەسپەکەی رادەکات، وادەزانێت پیاوەکانی لەو نزیک بوون پیاوەکانی خۆیەتی، بەڵام ئەوان دەستەکەی ئیبن سەعود بوون، دوژمنەکانی گوێیان لە دەنگی دەبێت و دەیکوژن.

## ڕۆژی یەکشەممە ١ی مارسی ساڵی ١٩١٤ی زاینی

ئیمڕۆ ئیبراهیم ئەسپێکی بۆ ناردم، هاوکات دیارییەکانی بۆ ئەو و زامیلم ناردبوو گەڕاندەوە، خەزنەدارەکەش پرسی ئەوەیان لەلایەن تۆوە یان لەلایەن موحمەد ئەلمعراوییەوە بووە، پاش گاڤێکی کورت ژنێک دەست بە زەمبیل دەرکەوت، سواری ئەسپەکە بووم و چوومە ناو باخەکە، کە پڕ لە خۆخ و بادام و سێو بوو، گەشتێکم بەناو شوورەکانی شارەکە کرد.

تەنها هەردوو گۆڕەپانەکەی لبدە و سماح شوورەکراون، کە چووم لەسەر خوانی نیوەڕۆ دانوستان لەگەڵ ئەلمعراوی بکەم، ماوەیەک لەگەڵ لوئلوئە دانیشتم، وتی پاش وەرگرتنی ڕەزامەندی تایبەتی ئیبراهیم، هەمووتان ئێوارە دەعوەتی منن!

سەعات پێنج و نیو گەڕامەوە، کەشەکە زۆر گەرم و بێ هەناسە بوو، کاتی عیشا ژانەسەرێکم گرتبوو، زوو چوومە سەر جێگەکەم، بەڵام نەک بۆ نووستن، ژنە تورکەکە بە دەستی ژنێکی عەبدە هەندێ نارنج و لیمۆ ناردبوو، پێش نیوەڕۆش گەشتی پێغمبەرەکانم خوێندەوە، لەناو ماڵەکەم هەستم دەکرد هاوسەنگییەک لەنێوان ڕۆمان و پۆلس[١٠] هەیە، بەوەش هەستم بە ئارامییەکی دەروونی خۆش کرد.

---

١٠ پۆلس ئەلترسوسی یان قەدیس پۆلیس، کریستیانەکان ئەو بە پێغمبەری نەتەوەکانی دەزانن، بە بالاترین مرۆڤی ئەو ئاینەی لە ئاسیای بچووک و ئەوروپا دەزانن، یار و نەیاری زۆر هەیە. پۆلس ماوەیەک لە باکووری دوورگەی عەرەبی ژیاوە، ڕەنگە لە بادیە شام بووبێت، دوایی دەگەڕێتەوە دیمشق، لەوێ جوولەکە

## رۆژی دووشەممە ٢ی مارسی ساڵی ١٩١٤ی زاینی

لەگەڵ گەردەلوولەکە نم نمیش باران دەباری، لەگەڵ پیاوەکانی پلانی بەرنامەکەم شرۆڤە کرد، چوومە بەرهەیوانەکە و بەرنامەی کارەکانم نووسی، جارییەکان بە تاک و بە کۆ دەهاتن و قسەیان دەکرد، منیان بێزار کرد، پێم وتن شوێنەکەم بۆ چۆڵ بکەن، رۆیشتن و وتیان بە قوربانت دەبین! قەڵەرەشەکان لەسەر سماح بەئاسمانەوە بوون، هەروەها باڵندەی گەورەی کرکس (رەخمە)ش کە دەنگی لە باڵندەی کورکورە دەچوو. شەو گوێم لە دەنگی شوومی کوندەبەبوویکی بچووک بوو، بەنەرمییەوە دەنگی دەهات، بەیانییەکەش کەڵەبابێک لە نزیک رەشماڵەکەمەوە، منی لە خەو هەڵساند، کەڵەشێرێکی بچووکیشمان بۆ خواردن کڕیبوو، گۆشتەکەی زۆر چیڕ بوو، بەڵام جەرگەکەی باش بوو دەخورا، لەو شوێنە ترسناکە کەوتبومە ناو کەشێکی خێزانی گەرم. بەر لە خۆرهەڵاتن نوێژی بەیانی، شەوانەش هەردوو نوێژی مەغریب و عیشا لەکاتی نوێژدا، گوێم لە سەلاوات و دەنگی خوێندنی قورئان دەبوو، دەنگەکە نەرم و زۆر جوان بوو، لە سالمم پرسی لە نوێژکردنا چۆن سوجەدە دەبەن، ئەو وەڵامی دامەوە و وتی لە دیمشق خەڵک بۆ وەڵامی سڵاوکردن، نوێژیان دەبڕن و دوایی نوێژەکەیان تەواو دەکەن، بەڵام لەکاتی نوێژکردن جووڵە و نیشانەکردن نوێژ بەتاڵ دەکات.

---

دژایەتی دەکەن و دەیکوژن، کە لەلای حاکمەکە شکایەتیان لێ دەکەن ئەوان لە شارەکە دەردەچن و دەربازیان دەبێت... وەرگێڕە عەرەبییەکە.

ئەبـو قاسـم (مـوحمەد ئەلمعـراوی) پـاش ئەوەی قسـەی لەگەڵ ئیبـراهیم و فـاتیمە مـونەقەبەکە کردبـوو هـات، وتـی ئەوان وتوویـانە ئاگامان لەوە نییە، پارەی ئێوە بۆ لای ئێمە تەحویل کرابێت. ئەوەش مانای ئەوە بوو کە ئەوان پارەکەم بۆ سـەرف ناکەن، منیش تەنها چـل جـونیەم مـابوو، ئەگەر ئیبـراهیم ڕێگـای گەڕانەوەم بـدات، بەو پـارەیە دەتـوانم بگەڕێـمەوە و بەشـم دەکـات، منـیش خـۆم ئیمشـەو ئیبراهیم دەبینم، ڕۆژێکی هەستیار و نیگەران دەبێت، ئینشـالا خێر دەبێت، هەر خێر دێتە ڕێگامان.

سـالم دەیـووت پرۆسـەی هاوسـەرگیری لەلای ئێمە زۆر تونـد و ئاڵۆزە، بواریش دەدەن زۆرتر لە یەک ژن بهێنیت، ئەو پرسـی باشـە ئەگەر ژنێک منالی نەبێت ناکرێ ژنی دووەم بهێنیت، ئەو وایدەزانی ژیان و ڕەوشی نەجد دڕندەیی و سامناکە، مردن خۆشترە لە ژیانی ئێرە، فەتوح لەسەر مەسەلەی هاوسەرگیرییەکە ڕوو لە سالم دەکات و دەڵێت:

ئێـوە لەوەیانـدا تەنهـا سـەیری لایەنـی پیـاوەکە دەکەن، تەڵاق بـۆ ژنان زۆر زەحمەتە. لە وەڵامدا سالم وتی:وللە ڕاست دەکەیت.

دیـارە فـاتیمە کەسـایەتیەکی بەهێـز و بەهەژمـوون بـوو، لەدوای دەسەڵاتەکەی ئێرە، بڕوا نـاکەم بـوار بـدەن دیمـانەی بکەم، سـەعات پێنج و نیو، عەلی هات و چەند هەواڵی گرینگی بۆ من هێنـابوو، وتـی مامەکـانم لە عەنیـزەوە هـاتوون بەرەو حائیـل، ئەلرەشـیدیش زۆر پێویسـتی پییـان هەیە، چـونکە سـەعود نیەتـی هەڵمەتـی هەیە، بەڵام کاتەکە و بەرەو کام هەوار دەچن دیار نییە، بۆیەش داوای یـارمەتی لە خەڵکـی بریـدە و عنیـزە دەکەن کـۆمەک و یارمەتیـان بـکەن. ئاستنبۆڵ چەکی بە مامەکانی عەلی دابوو بۆ هەڵمەتبردن بۆ سـەر

عنیـزه، بـواریش دەبێـت ئەمیـر عەبـدولعەزیز ئـال سـەلیم بکـوژن، مامەکانی عەلی نارەزابوون لەو مامەلەی لەگەڵ من کراوە، زووتر قسەیان لەگەڵ ئیبراهیم لەسەر ئەو مەسەلەیە کردبوو.

هەموو شتەکان بە قسەی ئەوان بە دەست ئەو سەگەیە، فاتیمە، عەلی وتی مامێکی یان زۆرتریان، ئیمشەو دەگەنە کۆشکی برزان، ئەوەش هاوکاتە لەگەڵ دیمانەکەی من لەگەڵ ئیبراهیم، منیش سوود لەو دەرفەتە وەردەگرم، سالّح ئەلیەحیا و حەمد مامی عەلی بوو لە عنیزە، من ئەوانم نەدیبوو، جورئەتیشیان نەدەکرد سەردانم بکەن، بەڵام نارەزاییـان لەسـەر رەوشـی مـن هەبـووە. بەڵام ئیبـراهیم کەسـێکی زۆر شارسـتان بـوو، تـا بەردەم سـەکۆکە رۆیشـتین، پیاوەکان بەیانییان لەبەر هەیوانی مزگەوتەکە، پاش نیوەرۆکانیش دەچنە پەنای سێبەری شوورەکە، لە دەرگای ناوەوە چووینە نهۆمی سەرەوە، چووینە ناو هەیوانێکی راگیراو لەسەر دوو ئەستوونی بەتاجی چوارگۆشەیی.

لەوێ دانیشتین ئیبراهیم هات، سەرەتا لەسەر پرۆپاگەندەکانی لەسەر ئەمیر دەکرێن قسەمان کرد، کە گوایە ئەو لە خۆرهەڵاتی ئەلجوفە، دووەم بابەت قسەمان لەسەر دیارییەکان کرد، دووبارە لەگەڵ خۆمان بردبووم، دواییش قسەمان لە پارە و حەوالەکە کرد، سەبارەت بە رامانەکان وتی: من هیچ زانیارییەکم نییە، من وتم دەمەوێ لە حائیل برۆم ئەو وتی:

فەرموون خەڵکیش ئامادەیە هاورێیەتیت بکەن. ئینجا هاتینە سەر دەنگوباسی تر. ئەو وتی:

شومەر زۆرتر لە دوو سەد ساڵ، بەڵام پێنج سەد ساڵ نابێت لێرە دەژین، هیچ بیری کۆنمان لە نزیک حائیل نەدۆزیوەتەوە، بەر لە

پەیدابوونی شومەرەکان، هیچ جۆرە حکومەتێک لەو دەڤەرە بوونی نەبووە.

بەخشیشم دایە دەرگاوانەکان، ئەوانەی لەسەر دەرگای دەرەوە و دەروازەکەی بازاڕ وەستابوون، ئەوەی شایانی باسە، ئەوان بۆ دروستکردن بەردیان لە سەمراء هێناوە.

## رۆژی سێشەممە ٣ی مارسی ساڵی ١٩١٤ی زاینی

بەیانی زوو عەلی دەچێتە ناو شار، وتی ئەو بەیانییە مامم ئیبراهیمی بینیوە، ناردویەتی بۆ لای فاتیمە، عەلی و فەتوح و موحمەد ئەلمعراویم ناردە شار بۆ هێنانەوەی حوشترەکانمان، لەگەڵ پیاوەکان دانیشتم، بە ساڵحم وت، سەربردەی شکانەکەی عەبدولعەزیز ئیبن رەشیدم بۆ بگێڕێتەوە. ساڵح وتی:

عەبدولعەزیز لە شوێنێکی ئەلقەسیم بوو، نزیکەی هەشت رۆژە رێ و پێنج رۆژ بە حوشتر لە حائیل دوور بوو، هێرش دەکاتە سەر تیرەی موتیر و دەیانشکێنێت، موتیرەکان پێناوێک رەوانە دەکەن شاری ریاز، داوا لە ئیبن سەعود دەکەن، هێزەکانیان بخەنە پاڵ هێزەکانیان و هێرش دەکەنە سەر ئیبن رەشید، لەسەر ئەوە رێکدەکەون، بۆیە ئیبن سەعود لە موتیر دەچێتە دەرەوە، ئیبن رەشید هەرگیز بیری لەوە نەدەکردەوە ئیبن سەعود ئەو رێکەوتنە بکات. رەشماڵەکانیان لە ئەلجلد و لەنزیک نەفوود هەڵدا، دەیانەوێ ئەو شەوە پشوویێک بدەن، گوێ لە هیچ بۆچوونێکی تری دژ بەوە ناگرن، چەند بەرخ سەردەبڕن و گۆشت دەخۆن و دەخەون، شەو گوێیان لە دەنگی خەڵک و سمکۆڵ و ناڵەی ئەسپ دەبێت، لە خەو

هەڵدەستن و پەلە دەکەن و عەبدولعەزیز بانگ دەکەن، بەڵام بڕوا ناکات و دەڵێت:

درۆیە، بڕوا مەکەن، ئاگر بکەنەوە. ئاگر دەکەنەوە، ئەوەش مانای پاشەکشە و شکانە بەڕووی دوژمنان، ئەوانیش دەیانبینن و تەقەیان لێ دەکەن. عەبدولعەزیز دەگاتە سەر پشتی ئەسپەکە، لەگەڵ ژمارەیەک لە عەبدەکان بۆیان دەردەچێت، بەرەو پێشەوە دەڕوات و دروشمەکەی شەڕ دەڵێتەوە«أنا أخو نورة». ئەوەش هاوار و گازی شەڕی ئیبن رەشید بوو، عەبدەکانیش ئەو هاوارە دەڵێنەوە. بەڵام هۆزی شومەر گازی خۆیان هەیە و دەڵێن (خيال الرحمن سناعيس) و تواليیەکانیش لە گازەکانیان دەڵێن، وللطوالة: (خيال الهدلا طوالي)، دوژمنەکان لە دوورەوە دەنگی دەبیستن و دەیناسن و رمێکی تێدەگرن، رمەکە جەستەی دەبڕێت و لەسەر ئەسپەکەی بەردەبێتەوە. هەواڵەکە بەلەز دەگاتەوە ئیبن سەعود، ئەو لە هێرشەکە چەند سەعاتێک دوور بوو، ئیبن سەعود بڕوا بە هەواڵەکە ناکات، بەڵام ئەوان ئەنگوستیلەکەی عەبدولعەزیز ئیبن سەعودی نیشان دەدەن، دوژمنەکان سەری دەبڕن و سەرەکەش لە ناوچەکانی ئەلقسیم دەگێڕن و نیشانەی خەڵکەکەی دەدەن، هەمووش دەموچاوی دەناسنەوە: ئەو ریشێکی درێژ و سمێڵێکی درێژی پێوە بوو، ئیبن سەعود فەرمان دەدات جەستەکەی بنێژن.

دەستەکەی ئیبن رەشید گەمارۆ دەدرێن، کاتەکەش شەو بوو، سالح وتی ئەوەش ویست و فەرمانی خودا بوو، عەرەب زۆریان لەسەر رووداوی کوشتنەکەی دەستەی عەبدولعەزیز ئیبن رەشید بیستووە، چۆن کوژرا و لەشکرەکەی چۆن شکا و پیاوەکانی لە

حائیـل بڵاودەبــنەوە و هەمــوو شــتەکانیان جێــدەهێڵن، زۆریــان بەپیادەیی رادەکەن و دەربازیان دەبێت.

ڕۆژەکە بــاران بــوو، بروســک و گەردەلــوولیش بــوو، ژنەکەی سەعید، عەبدەکەی موحمەد ئیبن رەشید هاتبوو من ببینێت، ئەو ژنە زەنجییە رەشە باڵابەرز و جوان بوو، دەنگی نەرم و ساز بوو، ئەو لەگەڵ سەعیدی مێردی لە مەدینەی منەوەرە لەگەڵ سەعود بوون، هەنـدێک دەیـانووت ئەو مـاوەی شـەش ساڵ لە خزمەتـی دەبێـت، هەنــدێک دەڵــێن راژەکەی حەوت ســاڵ بــووە، ژنەکە لەوێ جلــی ئەوروپـی لەبەر دەکـات، بەڵام لێـرە دەگەڕێـتەوە سـەر عەبـا رەنـگ کەســـکە ئەرخەوانیـــیەکەی و لەژێـــرەوەش (فســـتان) کراســـە پرتقاڵییەکەی.

عەبدوڵا ئیبن ئەلجلول داوا دەکات کالاکان بە هەزار حوشتر لە مەدائـین سـاڵحەوە بێنێـت، بەڵام ئەو تەنهـا چـوار سـەد حوشـتری دەست دەکەوێت، حوشتریش تەنها پەنجا تفەنگی پێ هەڵدەگیرێت، بەڵام بـێ تەقەمەنـی، بەڵام رەنـگە ئەو هەزار حوشـترە، تەنهـا بـۆ بارکردنی چەک نەبووە، دەڵێن ئەو دەچێت کالاکان بگوازێتەوە تیماء، هاوینان ئەوە دەکەن، کە عەرەب لە هەوارەکان دەبن و دەگەڕێنەوە حائیل.

## ڕۆژی چوارشەممە ٤ی مارسی ساڵی ١٩١٤ی زاینی

لەناو عەرەب قسەیەک بڵاودەبێتەوە کە ئیبن شـەعلان لەبەر ئیبن رەشـید بەرەو خۆرهەڵات پاشەکشـە دەکەن، هەمـوو ئەلجـوف بەبـێ تەقە دەگیرێـت، عەلـی وتـی تیرەی ئەلـرولە حەزیـان نەدەکـرد، ئیـبن

شــەعلان ئەلجــوف داگیــر بکــات، چــونکە ئەوە دەبێــتە مەیــدانی ململانێیەکان و نابڕێتەوە. لە سەعات یازدە سەعید ئەلموحمەد پیاوە عەبدەکە  و موحمەد هاتنە لام، موحمەد وتی: هەتا ئەمیر فەرمان نەکات ناتوانین بگەڕێینەوە و دەربچین.

منیش وەڵامم دایە، کە بێتاقەتم و لە حائیل بێزار بووم و دەمەوێ بڕۆم، من تەنها هاوڕێیەکی ڕێگام لە ئیبراهیم دەویست و پێویستم بە هیچ نییە. سەعید وتی: ناکرێت.

چووم لەگەڵ موحمەد ئەلمعراوی قسە بکەم، دانوستانەکە لەگەڵ عەلییش دووبارە بووەوە، داوای هاوڕێیەکی ڕێگام کردەوە، بەڵام داواکەم ڕەفز کرا، سەعید و موحمەدیش ڕۆیشتن.

داوام لە عەلی کرد بچێتە لای مامەکانی و تێبگات ئەوان چییان لە خەیاڵدایە، لەگەڵ ئامۆزاکەی عەبدوڵا، ئیبن موحمەد گەڕایەوە، ئەو باوکی لەسەر دەستی ئیبن سەعود لە عنیزە کوژرابوو، عەلی دەچێتە ناو خیوەتەکەی فەتوح، بە ئێمەیان وت:

ئەو وتی بۆچوونی مامەکانی هیچ بایەخێکی نییە، جۆرێکە لە دەم لووسی و هەڵبەستن، هیواشم وایە هەر وا بێت، ڕۆیشتم و قسەم لەگەڵ عەبدوڵا کرد و وتی:

عنیزە لە سەردەمی باپیری دامەزراوە، هەندێ شوان بزن لەو دەڤەرە دەلەوەڕێنن و بزنەکان (عنز، عنزە، معزە) خۆڵەکە هەڵدەکۆڵێت ئاو دەردەچێت، بۆیە ناویان لەو شارۆچکەیە ناوە عنیزە، سەعات شەش پیاوێک هات پێی ڕاگەیاندم لە حەریم داوەتم.

نانی ئێوارەم خوارد، لەبن تریفەی مانگەشەوەکە پیاسەیەکم لەناو شەقامەکانا کرد، بەرەو چەپ و دەروازەکەی کۆشک ڕۆیشتم، ژنە تورکەکە لە پێشوازیم بوو، بەیەکەوە چووینە هەیوانە گەورەکە،

لەوێ موضــی دایکـی ســەعودم بینــی، ئەو ژنــی مــوحمەد بــوو، بەر لەوەی ببێــتە ژنـــی عەبــدولعەزیز. ئەو ژنێکــی زۆر جــوان بـــوو، فستانەکەی دیباجی هیندی بوو، دەسـتماڵێکی رەشـی لەسـەر سـەری دانابوو، دوو کیژ بۆ دیتنم هاتن، هەردووکیان کیژی سـەعود بـوون، جلوبەرگیــان رازاوە و نــازدار بــوو، قوماشــی رەنگینــی هینــدییان لەبەردا بوو، چاویان رەش و بەکل بوون.

خوشکە بچووکەکەشیان بە فستانە رازاوەکەی هات و پارچەیەک خشلیش لەسەری دەلەریەوە، کیژێکی زۆر جوان هات، شەرمن بوو، ئەو یەکێـک بـوو لە ژنەکـانی ســەعود، قوماشــی رەنگـین و رازاوەی لەگەڵ دەســـتماڵێکی نەخشـــین بە زێـــڕی لەســـەر بـــوو، خوشـــکە گەورەکەی عەبـــدولعەزیز و ژنێکـــی شرکســـیش هـــاتن، ئەو لە هەموویان بچـووکتر و جوانییەکەی بە ژنە تورکەکان دەچوو، ژنـی زۆر لەوێ بوون، یەکێکیان فستانێکی زۆر جوانی نەخشین بە دووڕ و گەوهەری لەبەردا بوو، رەنگە ئەویش هەر ژنی سـەعود بێت، ژنە تــورکەکە وەک وەرگێڕێــک لە بەرامــبەرم دانیشــت، چــا و قــاوە و شــیرنەمەنییان دانــا، ئەوەی مــن بــۆم هێنــابوون، لیمــۆ و هەنــار و ئەترنجیان دانا.

بەیەکەوە قاوەمــان خــواردەوە، داوایــان لە مــن کــرد، کەمێــک ئەنجیلیــان بە زمــانی ئینگلیــزی بــۆ بخــوێنمەوە، ئەو بەشــەم بــۆ خوێنـدنەوە (بـۆ دڵە بـێگەردە خاوێنەکـان تـۆبە بـکەن)، بـۆم کـردنە عەرەبی، ژنە تورکەکە منی بردە باخچەکەی ناوەوە، داری ئەتـرنج و لیمۆیــان لەســەر گــۆمە ئــاوەکە هەڵواســیبوو، چــوونە هەیــوانەکەی ســـەعود، لەوێ مـــوحمەد ئەلمعـــراوی و ســـەعید ئەلخســـییم بینـــی. دیوارەکە بە نەخشی گەچ رازابووە، بە رەنگی سپی و بۆریش بۆیە

کرابوو، لەناو گۆڕەپانەکە چوار تۆپی بچووک دانرابوو، هەموو دیمەنەکان لە هەزار و یەک شەوە دەچوو.

## رۆژی پێنجشەممە ٥ی مارسی ساڵی ١٩١٤ی زاینی

لەسەر بەرێکردن و رۆیشتنەوەم دانوستان گەرم بوو، موحمەد ئەلمعراوی بەیانییەکەی دەچێتە لای حەمود و ئیبراهیمیش دەبینێت، هێشتا حوشترەکانمان نەگەیشتبوون، موضی یەکێکی بۆ لێبووردن و دڵدانەوەم ناردبوو، هیوادارم کە ئەمیر بگەڕێتەوە، رەنگە هەر ئیمرۆ بگەڕێتەوە سەردانی بکەم، سوپاس و پێزانینم بۆ ناردەوە و وتم پێی بڵێن من سوورم لەسەر رۆیشتنەوەم. فەلاح پێشنیاری کرد بۆ چارەسەرکردنی کێشەی پارەکەم من ئامادەم خۆم بفرۆشم! چونکە بازرگانیکردن بە عەبدە کۆیلەکان لێرە هەر ئاساییە، لە مەکەی موکەرەمە و جەدە عەبدەکان دەهێنن.

پاش نانی ئێوارە، ژنە تورکەکە هاتە لام و باسی کێشە و کۆسپەکانم بۆ کردم، ژنە تورکەکە شووی بە عوبید ئەلغریمیل کردبوو، ئەو برای کاروانچی حەجاجەکان بوو، موحمەد ئەلرەشید خانووێکی دەداتێ و دوو ساڵ پێش مردنیشی ئەلرەشید، لە عەبدێکی مارە دەکات و دەڵێت: من نۆزدە ساڵە شووم کردووە و ماوەیەکی زۆریش هاوسەرگیرییەکەم مایەوە.

## رۆژی هەینی ٦ی مارسی ساڵی ١٩١٤ی زاینی

بەیانییەکەی رۆژی ٣ی مارس، عەبدە خەسێنراوەکە سەعید هاتە لام، ئەو کەسایەتییەکی گرینگ و کەسێکی لەگەڵدا بوو، پێی وتم تۆ

ناتوانیـــت گەشـــتەکەت بکەیـــت، هەروەهـــا پـــارەی حەوالەکەشـــم وەرنەگرت، رەنگە گەیشتبێتە دەستیان، پێی وتم دەبێ چاوەڕوان بکەیت هەتا پەیامنێرەکەی ئەمیر بەشیر دەگەڕێتەوە. چەند نامەی بەپەلەم بـۆ مامەکـانی عەلـی نـارد، دووبـارە و بە هەژمـوونێکی توندەوە دانوستانەکانمان دەست پێدەکەنەوە، بەیانییەکەی دایکی ئەمیر موضا بۆ ئێوارەکەی داوەتی کردم، چوومە ئەوێندەرێ دوو سەعات لەگەڵ ژنەکانی ناو کۆشک مامەوە، وامدەزانی من ئەوانم لەناو ژیانی رۆژانەی هەزار و یەک شەوە دەرهێناوە، هەستم دەکرد هێشتا چەند شوێنێکی دەگمەن ماوە، تا بتوانم لە کلاورۆژنەی ئەوان خۆرهەلاتە راستەقینەکە ببینم، کەلەپوورەکەی سەدە لەدوای سەدە کۆبونەتەوە، حائیلیش یەکێکە لەو شوێنانەی بە دەگمەن ماوەتەوە. ژنەکان بە فستانی قوماشی هیندی و خشل و گەردانە دەردەکەون، عەبدەکانیش لەبەردەستیان بۆ خزمەتکردن دەسوڕێنەوە، تەنها من لەو ژینگەیە، شوێنەکە بە ئەوروپا و ئەورووپییەکانی دەبەستایەوە، من رێزپەڕ و مۆری شوورەیی بووم! هەندێ لە ژنی شێخەکان زێدە نازدار و جوان بوون.

دەســەلات و هەژمـوون کەسـی سـەرکەوتوو بوارسـاز دەکـات، جەرەبوتی خۆی بنووێنێت، ژنێک ناچار دەکات لەبن دەستی پیاوێک بچێتە بن دەستی پیاوێکی تر، کە دەستی بە خوێنی کۆنە مێردەکەی و منالەکانی سوورە، مەسەلە و بابەتەکە جێگای رامان و تەئەمول بوو! بۆ نمونە دیارە کە ژنێکی وەک موضا جوان و گەنج و ژنی سـێ ئەمیـری تـر بـووە، باشـە، دەمەوێ شـرۆڤەیەک بـۆ ئەوە بدۆزمەوە، بەلام بەڕاستی هەست بە نیگەرانی و رامان و راچلەکین لەو مەسـەلەیە دەکەم. مـن کەوتبـوومە نـاو ژووری گرتنـی تـاکە

کەســـی، لەو مـــاڵە گەورەیەدا گیرابـــووم، موضـــا بە دەســـتی ژنە عەبدێکی خۆی جامێک ماستی بۆم ناردبوو، وتبووی زۆر باس لە گەڕانەوە و ڕۆیشتنەوەش نەکات، ژنە تورکەکە وتی:

عەلــی ئەلحمــود داوای لــێم کردبــوو، پێــت بڵــێم پــاش نیــوەڕۆ سەعاتێک لەناو باخچەکە بەیەکەوە بین. منیش پاش نوێژی نیوەڕۆ چـووم و هەتـا عەسـرەکەی لەوێ مـامەوە، دووبـارە کەوتـمەوە نـاو کەشێکی ئاویتەی نێوان خۆرهەڵاتی و چاخەکانی ناوەڕاست، لەوێ عەلــی ئەلحمــود و بــرا گەورەکەی مــوحمەدم بینــی، کە گەیشــتمە شـوێنەکە ژمـارەیەک کـوڕی بچـووکم بینـی، کوڕەکـانی ئەلسـبهان و موتعب، جلوبەرگی هەموویان قوماشی هیندی نەخشین بوو: لەسـەر کراسەکە زبون لەبەر دەکەن، جۆرێکە لە خوری ڕەسـەنی نەخشـین، بە داوی ئاوریشـم و زێـڕ و کـوفیەکی سـپی ڕەنگین. قسـەم لەسـەر وەرگـرتنەوەی پـارەکەم بـوو، بەڵام نـوێنەرەکەی ئەمیـر، هیـواکەی پـووچکردمەوە، لەگەڵ مناڵەکـان بە جلـی ڕەنگـین و زێڕینەکانیـان پیاسـەیەکم لەنـاو بـاخچەکە کـرد، ئەوانـیش بەشـکۆ و مەنـدییەوە دەجـولانەوە، بە چـاوە جوانەکانیـان سـەیریان دەکـردم، کە تەمەنیـان لەنێـوان سـێزدە و چـواردە سـاڵ دەبـوو، لە ئاکـاری یەکێکیـان ڕووخوشی مناڵانەم دەبینی، ئەوی تریشیان گرانی و تەماویی، بەڵام هەردووکیـان بەخشـندە و بەرێـز بـوون، زیـاد لە پێویسـت نـاز و میوانــداری گەرمیــان بــۆم دەنوانــد. جــارێکی تــریش بە ســەعید ئەلخسییم ڕاگەیاند، کە لەناو کۆمەڵێک پیاو وەستابوو، من دەخوازم سەفەر بکەم و لە حائیل بڕۆم، دیارە وەڵامەکەش نەگەتیڤ بوو: من نـاتوانم بـڕۆم تـا ئەمیـر فەرمـان نەدات، نە مـن و نە کەسـیش لەو هەوارە نەیاندەزانی کەی ئەمیر پەیامنێرێکی دەنێرێت و بوارم دەدات

بـڕۆم، هەروەهـا نەمـدەزانی بـۆچی ئەمیـر ئەو فەرمـانە ناکـات و لەبەرچی منی ڕاگرتووە.

پاش نوێژی عەسر، سەعید ئەلموحمەد و موحمەد ئیبن شومەر هـاتن و قسـەم لەگەڵ کـردن و باسـی گەڕانەوەم بـۆ کـردن، وەڵامەکانیـان تونـد بـوو، بەوەش نـیگەران و تـووڕە ببـووم، بەتووڕەییەوە هەڵسام و قسەکانم لەناکاو بڕی و ڕۆیشتم، وادەزانم لەو ڕەفتار پەلەم کرد، بەڵام لە ڕاستییش من نیگەران و سەخڵەت ببووم، کە ڕۆیشتن ئەوان بە موحمەد ئەلمعراوییان وتبوو، ناکرێ ئەو ژنە بڕوات تا ئەلبەشیری نوێنەرەکەی ئەمیر نەگەڕێتەوە.

پـاش سـەعاتیک حوشـترەکانم گەیشـتنەوە، کە هەردوو حوشـترەوان سـەیف و عەبـدوڵای پیرەمێـرد دەیانلەوەڕانـدن، کە تاریک داهات، سەعید و موحمەد هاتنە لام، سەعید کیسەیەک زێڕی پێ بوو، وتیان فەرمانمان پێیە دەتوانی بڕۆیت و کەی ویستت و بچێتە کام شوێنیش، تۆ ئازادی، ئیتر بەو شێوەیە کێشەکە چارەسەر بوو، بۆیە رامانەکەم مابوو:

باشـە ئەوان بـۆ بواریانـدا دەربچـم و بـڕۆم، باشـە بـۆ زووتـر قبووڵیـان نەبـوو؟ نـازانم، نـاتوانم هۆکارەکـان بـزانم، بەهەرحـاڵ مـن ئێستا ئازادم و هەست بە ئارمییەکی زۆر دەکەم.

## ڕۆژی شەممە ٧ی مارسی ساڵی ١٩١٤ی زاینی

ئامادە و سازییەکانم بۆ ڕۆیشتن دەکرد، سەعات یازدە پیاوێک هات و وتی دەتوانیت بچیت ناو کۆشکەکە ببینیت، پاش ئەوەی نانی نیوەڕۆمـان خـوارد، لەگەڵ فەتـوح و مـوحمەد ئەلمعـراوی و سـالم و

فەلاح و مەستەفا رۆیشتم، لە شەقامەکان دیمەنی زۆر سەرەنجراکێشم بینی، بەڵام من تا ئەودەمانەش هیچ نیازخراپییەکم نەبینی، لەناو بازاڕە بچووکەکە بینیم ژنێک ماست و کەرە و روون دەفرۆشێت، لەناو کۆشک سەعید پێشوازی کردین، بەڵام دیار بوو کامەران و دڵخۆش نەبوو، پیاوێکی تریش لەوێ بوو، چاوەکانی لێل و پەریشان بوو، بەڵام نەمزانی ناوی چ بوو. لەناو دیوەخانەکە پیاسەیەکیان پێکردم، بواریان پێمدا و عەلیش هانیدام چەند فۆتۆیەک بگرم، لەناو دەروازەیەکی گەورە، چوومە ناو حەوشەیەک یان گۆڕەپانێکی بە نەخش و نیگار، لە سێ حەوشەکە ستوونی لێ راگیرابوو، شوورەکان بە گەچ بوون، چوار یان پێنج تۆپی زۆر کۆنیش لەوێ دانرابوون، وتیان ئەوانە بۆ سەردەمی موحەمەد ئیبن رەشید دەگەڕێتەوە، لە گۆشەیەک ژمارەیەکی زۆری جەزووەی قاوە دانرابوون، کە هەرگیز من شێوەی وام نەدیبوو، قاوەچییەکش لە گۆشەیەکی تایبەتی داخراو دانیشتبوون، شوێنەکەی بەرامبەر شوورەکە بوو، قاوەی بۆ ساز کردین و لەتەنیشت ئاگردانەکەی دانیشتەوە. لە چەپی دەروازەکە کۆڵانێکی درێژ هەبوو، بەناو گۆڕەپانێکی دیوار بەرزەوە گەیشتینە گۆڕەپانێکی تر، کە سێ چوار تۆپی تێدا دانرابوو، لەو گۆڕەپانە دیوەخانێکی دوو نهۆم هەبوو، هەردوو نهۆمەکەی بە ستوون دەوری درابوو و ژووری میوانی تێدا بوو، خوان و دەفری گەورەی برنج و گۆشتخواردن بە دیوارەکەوە هەڵواسرابوو. کە فۆتۆی کۆشکەکەم لە نهۆمی سەرەوە دەگرت، خورما و کەرەی نوێمان خوارد. دیوارەکان هەموو نەخشین و بنمیچەکەی زۆر جوان و چەند کڵاورۆژنەشی تێدا بوو، لەوێ پێشوازی لە شێخەکانی عەرەب دەکرێت، دووبارە گەڕامەوە

دەروازەکە، جوانییەکەی زۆر نازدار بوو، عەبدەکانیش بە جلی پەمۆی رەنگیش دیار بوون.

فۆتۆی دەرەوەم گرت وەک: بازاری ئەلمسحب، ستوونەکانی مزگەوتەکە، پاش پیاسەیەکی زۆر گەڕامەوە ناو ماڵەکەم، چوومە دەرەوەی شار بۆ فۆتۆگرتنی نەخشەکانی سەر بەردێک، کۆمەڵێک منداڵی ئارام و خوێنشیرین لێم کۆبونەوە. پاش نیوەڕۆکە جوانی حائیلم لێ دەردەکەوت، ئەو شارە دەکەوێتە ناو دەشتایەکی بەرین، خۆڵەکەی بەردی خاوێن بوو، چەندین باخ و باخچە و دارخورمای تێدا بوو، لە شارەکە لووتکەی چیای ئاجای بەردین دەبریسکایەوە.

شەوەکەی پیاوەکانم کۆکردەوە و کرێیەکانم بۆ ژماردن، لەگەڵ مبروکە و لوئلوئە و عەتاللە دانیشتم و چامان خواردەوە، چەند فنجانە قاوەیەکیشمان لەبەر رووناکییەکی کز خواردەوە، کە ستوونەکانم لێوە دیار نەبوو.

## رۆژی یەکشەممە ٨ی مارسی ١٩١٤ی زاینی

سەعات نۆی بەیانی بەڕێکەوتین و چووم ماڵئاواییان لێ بکەم، هاوڕێیەکانم موحمەد ئەلمعراوی، سالم، سەعید، مەستەفا ماڵئاواییەکی گەرم و شایستەی دەویست، بەیانییەکەی کۆششیان کرد دەمانچەیەک پەیدا بکەم، کە زووتر دەمانچەکەم دابوو بە سالم. رۆژەکە هەتاوێکی خۆش بوو، لە دوورەوە دیمەنی سەرابەکە دیار بوو، چۆن باخەکانی دارخورما و دەربەندەکەی چیای ئاجای داپۆشیوە، شنەبایەکی خۆشیش دەهات، ئەگەرچی لێرە گیراویش بووم، بەڵام رامانێکی قووڵم لە جوانی و سیحری حائیل بەدی

دەکـرد: کـۆڵانە خاوێنەکـانی، بێـدەنگییە سـەمناکەکەی، نەبـوونی ئامرازەکانی هاتوچۆ، تەنها شوێن پێی حوشتر و کەرەکان، لەسەر وردەبەردەکان مابوون. دوێنێ کاروانێک لە مەدینەی منورە هاتبوو، بینیم چۆن حوشترەکان لەبەر دەروازەی شارەکە شانیان بۆ چوونە ژوورەوە لەیەکتری دەخشاند و پاڵیان دەدا. من و فەتوح و فەلاح و سیف بۆ دەرچوون بەڕێکەوتین، کاروانەکەمان لە هەشت حوشتر پێکهاتبوو، بەتەنیشت شوورەکەی شارەکە رۆیشتین، بە رێگایەکی باریکی نێوان حائیل و چیای ئەلسمراء رێگام گرتەبەر و کەوتینە ناو باخی زۆری بێ پەرژین، لە چۆڵەوانییەکەی ئەلسویفلە رەتبووین، لەناو کەلاوە و پاشماوەکان، تەنها داری ئەلئەثل لێ بوو، لە سەرووی کەلاوەکان دوو بیری نوێی شوورەدار هەبوون، کە ئەمیر پێشکەشی پیاوێکی مەشهدی کردبوو، بەڵام هیچ سەوزایی و رووەکێکی لێ نەبوو، پاش ئەلسویفلەیە رێگاکەی بقعاءمان گرتەبەر، ئەوەش رێگایە راستەکە بوو، لە ئەلسویفلە عوسمان گەڕایەوە حائیل، لەناو دەشتاییەک رێگاکەمان گرتەبەر و رۆیشتین. عەلی نەهات، پاش سەعات دوازدە هەستم بە  نیگەرانی کرد، مەشهوریش لەبەر ئەوەی رێگاکەی نەدەناسی ئەویش نیگەران بوو، لەسەر شوێنێکیش لەگەڵ عەلی رێکنەکەوتبووین، گەڕاینەوە نزیک دارخورماکان، ئیتر بە دووربینەکەم چاوم لە عەلی دەگێڕا، لەبەر سەرابی سەر چیاکەی ئاجا، ئاسان نەبوو هیچ ببینم. بەناچاری مشهور سواری حوشترەکەی فەتوح بوو و بەرەو حائیل گەڕایەوە! فتوح چووە سەر بەرزایی گردێک، لەوێ عەلی دەبینێت و تەقەیەک بە هەواوە دەنێت، ئێمەش هەر چاوەڕوانی هاوڕێیە نادیارییەکانمان دەکرد، پاش چاوەڕوانییەکی زۆر، چوومە سەر بەرزایی گردێک،

لەوێ فەتوحمـــان بە دشداشـــە ســـپییەکەییەوە بینـــی و بەپێیـــان دەگەڕایەوە گونـــــدەکە، لەوێ عەلـــــی دەدۆزێـــــتەوە و بەیەکەوە دەگەڕێنەوە، لە دووری یەک میل لە گوندەکە هەوارەکەمان هەڵدا، پـاش دوو ســەعات مشــهور گەڕایەوە، ئەو بـۆ دیتنـی خێـزانەکەی رۆیشـــتبووە گونـدەکە، شـــەوەکەی لەگەڵ کیـژە بچـووکەکەی، کە بەردەوام لە ئـامێزی دەگـرت گەڕایەوە، بەرخێـک و هەنـدێ کەرە و ماسـتی هێنـابوو، عەبـدێکیش هەنـدێ ئـالیکی بـۆ حوشـترەکانمان هێنـابوو، مشـــهور کـوڕی پـووری هـیلم ئەلســند بـوو، زۆریشـــی خۆشدەویست، شەوەکەمان خۆش بوو.

# کۆتایی

ئیتـر بەو شـێوەیە لە ڕۆژی ٨ی مارسـی سـاڵی ١٩١٤ی زاینـی گەشتەکەمان بۆ گەڕانەوە لە حائیلەوە بۆ دیمشـق دەست پێدەکات، بەرەو ئەلحیانیە و نەجەف و کەربەلا و بەغدا و ڕومادی و تەدمر و ئەلضـمیر، لە ڕۆژی ١ی مـایوی سـاڵی ١٩١٤ی زاینـی دەگەیـنەوە دیمشق.

دیـارە وەرگێـڕەکە وردەکارییەکـانی بیـرەوەری گیرتـرود بیـل لە گەڕانەوە وەرنەگێــڕاوە، وادەزانێــت کــاروانی گەڕانەوەکەی، وەک ڕۆیشتنەکە مایەی سەرەنج و ڕامان نەبوو.

---

ئەو کتێبە بە زنجیرە لە ڕۆژنـامەی ئەلجریدەی کوێتی لە مـانگی نۆڤمبەری ساڵی ٢٠١٤ی زاینی بڵاوکراوەتەوە.

# گەشتی دووەم
# گەشتی نیکۆس کازانتزاکیسی نووسەری زۆربا بۆ میسر

مەحمود خەیرولا

رۆماننووسی گەورەی یونانی نیکۆس کازانتزاکیس، نووسەری رۆمانی ناودار زۆربا، لە سەرەتای ژیانی سەردانی وڵاتی میسری کردووە، گەشتنامەکەی بە کتێبێک بەناوی (گەشتم بۆ میسری چەم و سینا) بڵاوکردیتەوە، کازانتزاکیسی لە ١٨ی فبرایەری ساڵی ١٨٨٣ی زاینی لە دوورگەی کریت لەدایکبووە، لە ٢٦ی ئوکتۆبەری ساڵی ١٩٥٧ی زاینی مردووە، لە سەرەتای سەدەی بیستەم سەردانی میسری کردووە، گەشتەکەی لەسەر ئەستۆی رۆژنامەی لگسیروس لوگوسی یونانی کردووە، پارەیان بۆ سەردانی ئورشەلیم پێداوە، لە ساڵی١٩٢٦ی زاینی سەردانی ئورشەلیمی کردووە، لە ساڵی ١٩٢٧ی زاینی هاتووتە میسر.

خەڵاتی ئاشتی لینین لە ساڵی ١٩٥٧ وەردەگرێت، لە ساڵی ١٩٥٦ی زاینی بەڵام بۆ وەرگرتنی خەڵاتی نۆبل، یەک دەنگی بەرامبەر ئالبیر کامۆ کەمتر دەبێت. ئەو وەک نووسەرێکی گەورە، سەفەری میسر دەکات و دەچێتە بیابان، لە گەشتی یەکەمی کە لە سیناوە بەرەو ئورشەلیم دەچێت، لەبەر پیرۆزی نیل دەڕوات، لەو کاروانە پێخواسە میسرییەکان خۆشیان دەوێت.

سەردانی ئەو، پێش باهۆزەکەی شارستانی بووە، کە دوایی میسر لە دەیەکانی دوایی سەدەی بیستەم تێدا دەژیت، چونکە لەودەمانە میسر رەونەقی نەبووە، سیحرە خۆرهەڵاتییە کۆنەکەی نەمابوو، هەموو شکۆیە مێژووییەکانی دەڕەونەوە، گوزارشتە وردەکانی نووسەر، لەسەر میسر و خەڵک و شەقام وماڵەکان، کەرەستەیەکی باش بووە، بۆ پینەکردنی بیرەوەری کۆنی میسرییەکان.

سـەرەتا كـازانتزاكيس لە ئاكـارى ميسـرييەكان و بيابـان و پێويسـتبوون بە ئـاو، لەپشـت دەمـامكێكى شـيرين، سـەيرى يەكەم ديمەنى كاروانەكەى كردووە، كە خۆرئاواييەكان وتوويانە، ئاكارى خەمگينى ماندووبوون لە پشتەوەى دەمامكەوە ديارە، شۆک دەبێت كە دەبينيت ميسرييەكان، ئاكارە زێرين و خودا مەزنەكانيان، لەگەڵ رەوشـە تاڵەكەيـان لەيەک دوورە، بەتـايبەتى لەو سـاڵەى تـازە سەركردە وەفدييەكەيان سەعد زەغلول مردبوو.

نووسەرە يونانييە گەورەكە نووسيويەتى:

(ئيمـڕۆ، كە سـەيرى رووبـارە قـووڵ و نەوى و بەپيـتەكەى نيـل دەكەم، بيردەكەمەوە، ناتوانم و رادەمينێم، دەستبەردارى هەموو نيگا و رامانەكـانى رابـردوو لەسـەر بـازنە زێڕينەكـان، رەنگەكـان، كـوڕە سەماكەرە گەنجەكان، فەرعۆنە سەركەوتووەكان، خـودايە مـەزنەكـان بووبـووم، بينـيم ئاسـنگەرەكانيان چـۆن پەنجەكانيـان، وەک پێسـتى تيمسـاح وشـک بـووە. جووتيارەكانيـان بەژانەوە لەنـاو مەزراكانيـان كـاردەكەن، لەسـەر رووبـارى نيـل رەنـج دەدەن. سەرتاشـەكانيان بەدرێژايى رۆژ قژ دەبڕن، لەناو ماڵەكان بۆ سەرتاشين دەخولێنەوە، بـۆ پڕكردنـى سـكيان دەسـتيان تەڕ دەكەن. جۆلاكـان ئەژنۆيـان بەسـكيانەوە وەنووسـاوە، بە برسـيەتى لەنـاو كارگەكـانى چنـين، بە هەژارى كـاردەكەن و هەواى پـيس هەڵـدەمژن. پاسـەوانەكان، دەبـێ ملكەچ بن، تا بتوانن تيشكى خۆريان بەركەوێت. پۆستەچييەكان بەر لەوەى بڕوات، خـۆى دەردەخـات، چـونكە دەترسـێت، نەوەک ئـاژەلە دڕندەكان، يـان خەڵكە وەحشـييەكان پەلامـارى بـدەن. دەباغەكـان بە چـاوى زەقەوە، خەريكـى خۆشـكردنى پێسـتەن، پەنجەكانيـان بـۆنى ماسى بۆگەنييان لێوە دێت، ژيان لەناو پێسـتە وچەرم بەسـەردەبەن.

پینەدۆزەکان، بەدرێژایی تەمەنیان لەگەڵ پینەی پێڵاو دەژین، تا لە برسانا نەمرن، وادەزانن پێستە و چەرم دەخۆن.

## دارخورما و حوشتر

نووسەرە یونانییەکە، لەناو خاکی میسر دەسوڕێتەوە، لەسەر ئاستی مێژوو و کۆمەڵایەتی میسرییەکان، هەست بە ساتە ناوازەکان دەکات، تا دەگاتە شاری ئەسکەندەریە، شارە یۆنانییە کۆنە رەسەنەکە، بێ ئەوەی بزانێت شارستانی میسری بە ماوەیەکی زۆر پێش یۆنانییەکان، بەتایبەتی ئەسکەندرەیەی یونانی، زۆر پێش شارە یونانییەکان هەبووە، زۆر لە زانا و فەیلەسوفە یونانییەکان، لەناو هەیوانەکانی کتێبخانەی ئەسکەندەریە دەخوێنن، بەڵام دوایی شارەکە، بە یەکێک لە نیشانەکانی شارستانیەتی کۆنی یونانییەکان ئەژمارد دەکرێت.

بێجگە لە ئەسکەندەریە، نووسەر بە رووباری مەزنی نیل زۆر سەرسام بووە، بەو وڵاتەی رووبارەکەی بەناودا تێدەپەڕێت، دەڵێت، میسر ئەوەندە ئاسان نییە، وەک چۆن مێژوونووسی کۆن (هیرودوت) وتوویەتی کە میسر دیاری نیلە، ئەو، مەسەلەکە لەوە بە ئاڵۆزتر دەزانێت.

ئەو دەڵێت: لەناو ئەو بیابانە ناشیرینە، پەروازێکی باریکی سەوزی ناسک هەڵکەوتووە، لەنێوان ئاو و مرۆڤ، شەڕێکی ترسناکی بێ پسانەوە لەئارادایە. ئەگەر ئەو ململانێیە. تەنها یەک ساتیش بوەستێت، هەموو جوانییەکانی دار و درەخت و ئاو و خەڵکەکە. دەکەوێتە بن لمی بیابانەکە، هەزارەها ساڵە جووتیارەکان.

شەو و ڕۆژ ئارەقە دەرێژن و خەبات دەکەن. بۆ ڕاهێنانی تەوژمە درندە شێتەکە. ڕووبارەکەی. لەهی لەخۆی دەخولقێنێت. بە شێوازێکی گونجاوی ساز. دەردەکەوێت و میسری خولقاندووە.

ئەو، کە لە لەنە گەورە و بەرینەکانی نێوان نیل و دەریاکە، نزیک بوومەوە، ناوچەی دەلتا، کە بەرەو سەوزبوون و ژیانەوە دەچێت، دەڵێت: (گومبەتە کۆنەکان، ئەوانەی مێژووی فەرعۆنییەکانیان بۆمان پاراستبوو، دەگەنە ناو پەراسووەکانی بەر دڵم، ئێمەی شاناز، بمانەویّ و نەمانەویّ، بە نیگەرانی ئەو زەمانە، موستەحیلە کەس لەو دونیایە بتوانێت، دەستبەتاڵ وەک گەشتیارێک بڕوات، کەواتە بایەخی ڕاستەوخۆی ئەو ئەهرامانە، مومیایە زێڕینەکانی پەرستگای کەرەنکی مەزن و پەیکەرە مەڕمەڕی پاشاکان، بۆ ئێمە بەها و سوودی چییە؟ ئایا چۆن دەکرێ وا بەئاسانی ئارەزووی چێژوەرگرتن لەوانە بکەین، تا بە سەرسامییەوە نەڕوانینە ئەو دوو گەنجینە نازدارە، کە ئەو هەوارەیان ڕازاندوتەوە، ئەویش دارخورما و حوشترە؟).

نووسەرەکەمان، بەوەندە نەوەستاوە، وێنەی دەرەوە و ڕووبارەکەی بکات و بەس، تەنها بایەخی بە قەپێڵەکە نەداوە و بەس، چووینە ناو گۆڕانە گەورەکانی لەسەر مرۆڤایەتی مرۆڤ هاتووە، ئەوەی قۆرخکراوە، کە دەستی باڵای هەبووە لەناو ئەو وڵاتە. ئەو ڕاشکاوانە وتوویەتی: من هاتوومەتە میسر کە ڕۆحی مرۆڤی تێدا دەستبەسەرە، گیراوە لەلایەن ئامێر و برسیەتی، خەبات بۆ نان و ئازادییەکان دەکات، قسە لەگەڵ هاواری کرێکارەکان، کە دووکەڵی ڕقیان لێ هەڵدەستێت، هاواری خاکە کە دڵ دەپچڕێنێت، بەدرێژایی کاروانەکەی، هاوارێکی لەگەڵدا بووە، کە هەندێ جار بەو

هـــاوارەوە رۆیشـــتووە و کـــاروانەکەی بەردەوام کـــردووە. ئەو گوتویەتی:

سرووشـــت راهێنـــراوە و کەوی بـــووە، وەک سرووشـــتی جووتیارەکـــان، کـــێڵگە قووڕاوییەکـــان، بە پەمـــۆ و پـــاقڵەمەنی و گەنمەشـــامی و دارخورمـــا و ئاکاســـیا و ســـەبار و تـــووی بەدرِک چێندراون. ئاسمانی ئەو وڵاتە، قوورسە و بارکراوە. رەنگەکانی چڕ و تاریکن، تۆزوباکەی رەش و ئەستوورە، بەسەر کێڵگەی جووتکراو دەڕۆن، لەقلەقەکانیـــان لە پیـــتە هیروگیلفیەکانیـــان دەچـــن، لەســـەر کەناری رووبارەکە لەسەر یەک قاچ دەوەستن.

## هەژموونە توندەکە

نووســـەرە یونـــانییەکە، بـــاش گـــوێی لە دەنگـــی رووبـــاری نیـــل راگرتبـــوو. بـــۆ تێگەیشـــتن لە دۆخـــی جڤـــاتی میســـری، زۆر بەدیـــارە ئاوەکە دەوەستێت. تێدا سیما و وێنەی بەردەوامـی زۆر کۆنی تێدا دەدۆزێـتەوە. رووبـارەکە، بەرپرســـە لە وێـنەی مرۆڤەکـانی لەســـەر کەنارەکـانی دەژیـن. رووبـارەکە یاسـا سـەقامگیرییەکە دەدۆزێـتەوە، رووبـارەکە لەپێشـتی کۆششـی میسـرییەکان بـووە، بـۆ چەسـپاندنی هەژمـوونی دەســـەڵات، بەســـەر دەســـتەیەکی سیاســـی، کە دەتوانێـت کـــۆنترۆلی بکـــات، ئـــاوەکە بە یەکســـانی دابەش دەکـــات، ئەوەش بوارســـازبووە، دەســـەڵاتی رەهـــای فەرعـــۆنیەت بچەســـپێنێت. ئەو وتوویەتی:

(رووباری نیل، بەس سەرچاوەی خاك و دار و ئاژەڵ و خەڵكەكە نیـــیە، رووبـــارەكە ســـەرچاوەی یاســـا، ســـەرەتاكانی راســـتی زانستییەكانیشـــە. لافـاوەكەی سـەرچاوەی خێرێكـی بەردەوامە، كە ناتوانیـت كـۆنترۆلی بـكەن، خەڵـكەكە ناچـار دەبـن خۆیـان ئـاوەكە رێكـبخەن، هاوشـان كـاردەكەن بـۆ قبـووڵكردنی بەختیـان لە ئـاوی لافاوەكە، ئاوەكەی ساڵانە هەموو كێڵگەكە رەباس دەكات، بەربەستە لماوییەكان دەشكێنێت، بۆیە پێویستە هەموو كەسێك، بەشـە موڵكی خـۆی لە زەوییەكـان لەنـاو تۆمـاری نووسـینی موڵكەكـان بەوردی بنووسـێت، بـۆیەش رووبـاری نیـل، دەبێـتە سـەرچاوەی نووسـین و پەیڕەوكردنـــی یاســـا، لەبەر ئەوەی هەمـــوو وڵاتێـك بە پشـــتیوانی وڵاتێكی تر دەژیت، گەشەسـەندنی هەموویان بەنـدە بە رێكخسـتن و گونجانـدنی دابەشـكردنی ئاوەكەیـان. رووبـارەكە، خەڵـكەكە ناچـار دەكات، دەسەڵاتی كەهنوتی قبـووڵ بكەن، كە هەمـوو دەسـەڵاتەكان، لەناو سومبڵێكی سیاسی كۆدەبێتەوە، دەتوانێت ئاوەكە، دادپەروەرانە بەسەر خەڵكەكەی دابەش بكات، بۆیەش پێویست بووە دەسـەڵاتێكی رەهای فەرعۆنی هەبێت. نووسـەرەكە دەڵێت: رووبـاری نیل بـۆ ئەو وڵاتە پیـرۆز و جەوهەری بـووە، لەمێـژە و لەكـۆنەوە، میسـرییەكان بایەخی رووبارەكەیان زانیوە، كاهینەكان قوربانییان بـۆی كردووە، دەستیان بـۆی پانكردیتەوە و لێی پاراونەتەوە، چونكە وڵاتەكەی لە بیابان و وشكبونەوە پاراستووە، چونكە لەسەر خاكەكەیان مێرگ و سەوزایی زۆر خولقاندووە. نووسـەرە یونـانییەكە دەڵێت: لە وڵاتـانی تـر، خەڵـكەكە لەبەر بـاران و لافـاو، لەبەر هەژمـوونی دەسـەڵاتی حكـومەت رایـانكردووە، بەڵام لە میسـر بەپـێچەوانە بـووە، تەنهـا حكومەت ئاوەكەی دابەشكردووە، بۆیەش ناپلیۆن لە هەڵمەتەكەی

سـالآنی (١٧٩٨_١٨٠١ی زاینـی) دەتوانێـت سـوود لەو نهێنیـیە وەربگرێت، دەسەڵاتە سیاسییەکەی توند کردووە، ئەوەش زووتر لە میسر هەبووە، بۆیە ناپلیۆن نووسیویەتی:

(هەتا کەی؟ هەتا کەی ئەو رەشورووتانە، بە پشتی رووتەوە ئاو رابکێشن و جۆگە و ئاودێری بکەن، تۆ بچەقێنن و زەوییەکانیان بە ئاو بخنکێنن، هەتا کەی ئەو خەباتە بکەن؟ با ئەوە نەکەن، چونکە ئەگەری ئەوە هەیە، لە هەر ساتێکا رووباری نیل کەم بکاتەوە، کەم دەبێتەوە و دووبارە لمە نەرمەکەی بیابان دەگەڕێتەوە، هەرگیزیش ئەو هەڵمەتە راناگیرێت).

## رۆژ کەللەسەرەکان دەشێوێنێت

لە شەوێکی ناو بیابانا، لەنزیک ئاگرەکە پاڵمدایەوە، ویستم گوێ لە هەزارەهـا هەناسـەی بەسـۆزی دەشـتەکە بگـرم، ئەوە دەنگـی رۆمـانییە ونبووەکـانە، لەنـاو هـاژە و ئاپووڕەی شـارە بەژانەکە، کە لەناو دڵم بەر لەوەی دەنگ هەڵبڕن چەقیون.

نووسەرەکە گەشتەکەی بەرەو قاهیرە بووە و نووسیویەتی:

(ئێمە لە چاخێک دەژین، قیژە و هاوارێکی تایبەتی هەیە، دەتوانێت سۆز و نەشئەی جوانی و هۆشمەندی دامرکێنێتەوە، ئەو دەنگـانە لەگەڵ پێداویستییەکانی ژیانی هاوچەرخ سوودیان نەماوە).

ئەوە ئامـاژەیەکە، تـا بەیەکەوە میسـرێکی تـر ببینـین، نەک میسرەکەی رۆژانی پێش جەنگی یەکەمی جیهانی ١٩٤١ی زاینی، نەک ئەو میسـرەی، لەورۆژانەی ئێسـتا کە دیـارە، شـەڕەکە نەک میسری گۆڕیوە، گرینگتر لەوە، چاوی نوێی دۆزیوەتەوە، بۆ ئەوەی

پاش شەڕەکە سەیری شتەکان بکەن. ڕەنگە گەریدە ئاساییەکانی تر، سەیری کەشوهەوا و ماڵ و خانوو و ئاکاری خەڵکەکەیان کردبێت، بەڵام ئەو لایەنــی نەبینــراوی دیــوە، کازانتزاکیســی لەو گەشــتەدا سەیری ناوەوەی وڵاتی میسری کردووە.

نووســەر، ســەیری کەســایەتی و نمــونەی مرۆڤــی میســری، وەک پێکهاتەیەکی ســەرەکی کلتــووری میســری کــردووە، ئەوەش دەبێــتە لایەنێکــی گرینگــی ڕۆشــنبیری عەرەبــی، تــابلۆیەکی زەلالــی بــۆ مرۆڤەکــان کــردووە، ئەوانەی لەســەر کەنــاری ڕووبــارەکە دەژیــن، ژنــانی شــان بە گــۆزە بــۆ ئاوهێنــان، ئەو وێــنەیەی دوایــی دەبێــتە، دیمەنی زۆر لە فیلمە میسرییەکانی لە سییەکانی سەدەی ڕابردوو دەردەچــــوون و بەڵــــگەیەکە بــــۆ ڕاســــتگۆیی نووســــەرەکە، لە پێناسەکردنی میسر.

ئەو نووســیویەتی: جووتیارەکــانی میســر، پــارچەیەک بــوون، لە قــووڕ و لەو قــووڕەش دروســتکراون، وەک بەشــێک لە دیــمەنە سرووشتییەکان دەردەکەوتن، بەژنیان بەرامبەر ئاوەکە، بە هەڵکشان و دابەزینی ئاوەکە دەچەمێتەوە. ئاوەکە، دەچێتە ناو درز و کونەکان، ئــاوەکە چــالاک و دڵســۆزانە بۆشــاییەکان پڕدەکــاتەوە، وەک ئەوەی لاســایی بــاپیرانی بکــاتەوە، کە هەزارەهــا ســاڵە ئەو پیشــەیە دەکەن، نایــانەوێ هیچــی لــێ بگــۆڕن، نیــوچەوانە باریکەکــان، چــاوە بــادامییە ڕەشەکان، لێوی پان و ئەستووری سەرەوەیان، هەمان کەللەسەری لەبەر خۆر سووتاون، هەمان کۆیلەتی جارانیان پێوەیە.

نووســەر پــاش ئەوەی باســی پیاوەکــان دەکــات، دەچێــتە ســەر پێناسەی ژنەکان، ئەو وتوویەتی:

(ژنەکان، ژنەکانیان پیسن، بەژنیان چەماوەتەوە، چاویان ڕەشە، بەرەو رووبارەکە دەڕۆن، دەڕۆن تا گۆزەکانیان پڕ ئاو بکەن، لەسەر سەریان دایانبنێن، ژنەکان وا فێربوون گۆزە ئاوەکانیان وا هەڵبگرن، بە هێڵێکی راست لەسەر کەنارەکە رێ بکەن، نەرم نەرم، یەک لەدوای یەک بڕۆن، خرخاڵە زیوینەکانیان، لەسەر پاژنە بەقوورِ و سوتاوەکانیان بە تیشکی خۆر، لەبەر هەتاوەکە دەبریسکێنەوە).

نووسەر، لەدرێژایی سەفەرەکەی ناو میسر دەگەڕێتەوە، سەر بەڵگەنامە کۆنەکان و نووسینە فەرعۆنییەکان. ئەو دەڵێت ئەو نووسینانە سێ هەزار ساڵ پێش لەدایکبوونی مەسیح، لەسەر یەکێک لە هەرەمەکانی میسر نووسراوە:

(ئەوانەی خۆیان بە قەرزاری نیل دەزانن، دەلەرزین، بەڵام کێڵگە و مەزرا و کەنارەکانی رووبارەکە پێدەکەنن، روویان گەش و خۆشە، لە ئاسمانەوە قوربانییەکانی خوداش دێتەخوارەوە، دڵی خوداکان لە شادمانی سەما دەکەن).

دانوستان و ململانێی، پاش مۆرکردنی بەنداوی گەشەسەندن لە ئەسیوبیا گەرم دەبێت، تێدا بەشە ئاوی میسری لەو رووبارە مەزنە، پاش ساڵی پازدەی سەدەی بیست و یەک. نووسەرە یونانییە گەورەکە ئەو ئەفسانە کۆنە میسرییەمان بەبیردێنێتەوە، کە چۆن سێ پیاو سوێند دەخۆن بە بەلەمێک بەرەو باشوور بڕۆن بۆ دۆزینەوەی سەرچاوەی ئاوەکە، نهێنی هەڵقوڵاوی ئاوەکە بدۆزنەوە، دە ساڵ دەڕۆن، یەکێکیان دەمرێت، پاش رۆیشتنی دە ساڵی تر، پیاوی دووەمیش دەمرێت و ناگاتە سەرچاوەکە. بەڵام پیاوی سێیەم لەناو بەلەمەکە دەمینێتەوە، دەڕوات تا تەمەنی دەبێتە سەد ساڵ،

وەک مومیایەک لەناو بەلەمەکە چاوەڕوانی مردن دەکات، گوێی لە چرپەی ئاوەکە دەبێت و دڵی دەداتەوە و پێی دەڵێت:

(پیرۆزە، لە تۆ پیرۆزە، تۆ یەکەم کەسی زۆرترین ئاوی ئەو رووبارەت بینی، تۆ لە رەچەڵەکی مردووەکانی ناو میسولۆژیای گریگەکانی، تۆ سەرچاوەکەم دەدۆزیتەوە، چونکە خەباتت بەردەوام بوو بۆ گەیشتن بەو مەبەستەکەت).

## قەدی دارخورماکە

سیَ رووبار، لەو جیهانە پیرۆز و مەزنن (نیل و فورات و ڤانیگ)، نووسەر دەڵێت:

نیل، لە هەموویان پیرۆزترە، ئەو خۆڵ دەگوازێتەوە و زەوی دروستکردووە، هەر ئاوی ئەو رووبارەش بووە، دوایی خاکەکەی ئاوداوە و میوەش بەری داوە، رووبارەکە رووەک و ئاژەڵ و جووتیارەکانی پەیداکردووە. ئەو لەسەر قسەکانی بەردەوام دەبێت و دەڵێت:

دەرئەنجام هەموو بەیەکەوە، کۆشش دەکەن و ناچار دەبن، بۆ دۆزینەوەی سەرەتاکانی زانست خۆیان ساز بکەن.

ئاوی رووبارەکە لە کۆتایی مانگی ئۆگستی، ئاستی لە هەموو کاتەکانی تر بەرزتر دەبێتەوە، ئیتر شادییەکان کۆتایی دێت، کاتی نەهامەتی و خەمی جووتیارەکان دێت، کاتی ماندووبوون و ژان و ئارەقە رشتنیان دێت، زەوی دەکێڵن و تۆ دەکەن و ئاوی دەدەن و بەرهەمەکە دەدوورنەوە، دەرئەنجام دیمەنە ساماناکەکە

دەردەکەوێــت، کە (ئەفەنــدی)ییەکە پەیــدا دەبێــت، پیــاوە ئاکــار سەرمەدییەکەی بە چەندین ناو و نازناو لێیان دێتە دەرەوە:

(کــاهینە فەرعــۆنییەکە)، (موڵکــدارە دەرەبەگەکە)، (بازرگــانەکە)، (خاوەن سەلەم و قەرزەکە): کازانتزاکیس دەڵێت:

هەمــوو، بــۆ کــۆکردنەوەی بەر و بەرهەمەکە، دەگەنە ســەر کێڵگەکان. نووسەرە یونانییەکە، کە یەکەم تیشکی رۆژی گەیشتنی ئەو، بەو وڵاتە و گەیشــتنی بە هەیبەتــی نیــل، گــوێ لە ئــاوازە بەژانەکەی لە هەموو وڵاتی میسر دەردەچوو دەگرێت. ئاماژەش بەوە دەدات، ئەگەر ئەو لە رۆژانــی قەدیــس فرانســیس دەگەیشــتە میســر، گــوێی لە (رۆحــی مرۆڤــایەتی) دەبــوو، کە گــۆرانییە وەسنییەکەی دەوتەوە، داوای دەکرد مەسیح رووبارەکەیان بۆ داماڵێت. ئەگەر لەورۆژانە (گوتە) سەردانی میسری دەکرد، دەکرا چێژ لەو هارمۆنییە نوێیە بگرێت، کە لە کڵێسا گەورە ساردەکانا دەردەچــوو، ئــارام دەبــوو، کە گــوێی لە دەنگــی نەرم و ئــارامی قەشەکان دەبوو، پیرۆزباییان لەو گەنجە گریکییە دەکرد، لەنێوان ژین و مردنا دەخولایەوە.

نووســەر ئامــاژە بەوە دەکــات، لە قــاهیرەوە، بەرەو ئاســمان و بەرەو سەعیدی میسر و باشوورەکەی هەست رادەگرێت، پشت و قەدی راســت و بــاریکی میســری دەبینــی، لە قەدی دارخورمــایەک دەچوو، لەنێوان دوو پەروازەی سەوز، لەنێوان دوو لقە ئاوی قووڵی شینی هەڵکەوتوو، لە چەپ و راستی ئەو قەدە، لەناو لمی بیابانە بۆرە پانوبەرینەکە دەڕوات.

نووســەر لەو گەشــتەدا، هەمــوو شــتەکانی میســری باسکردووە، باڵندە رەنگینەکان، کەڵەشێرە پۆپیتە درێژەکان، پەڕەسێلکە شینەکانی

سـینگ ڕەنـگ دارچینـی، پیـاوە زراڤەکـان، ژنەکـانی خەزێمیـان بە لووتیـانەوە بـوو، منداڵەکـانی لەبیـرە، کە لەنـاو قـووڕ و لیتاوەکـان گەمەیان دەکرد و قامیشی شەکریان دەخوارد. نووسـەر گەشتەکەی ناو قاهیرە بەوە کۆتایی پێدەهێنێت، کە خۆری لەسـەر ئاوا دەبێت و چیاکـان سـوور دەردەکەون، بەو خۆرئـاوابوونە جـوانی چیاکـان دەردەکەون، وەک ئەوەی ملیـان بلەرێـتەوە، جووتیارەکـانیش بـۆ ئاودانی کێڵگەکانیان، دەوڵک رادەکێشن و گۆرانی دەچڕن، هەموو شـتەکان ئـارام و هـێمن و ئاسـودە دیـار بـوو، ئەوەیە سـەرابی میسرییەکان، فێڵی ئاسوودەییان لەسەر دەموچاو دەنیشێت.

هاوشـانی ڕۆماننووسـی یونـانی نیکـوس کـازانتزاکیس دەبـین، لە گەشـتەکەی لە میسـر لەودەمـانەی بەرامـبەر هەرەمـی گەورە دەوەستێت، هەرەمەکە یەکێک لە گەورەترین هێما، لەسـەر قەبارەی شارسـتانیەت، کە سـەردەمی کـۆن میسـری تێـدا ژیـاوە، بڕوایـان وابووە، تینوویەتی بۆ ئەبەدیەت بووە، کە حوکمی مێژووی میسری کـردووە و ژیـانی ئـابووری و سیاسـی و کـۆمەڵایەتییەکەی سازکردووە، دەستی بە سەر ئەدەب و هونەرەکان راگەیشتووە، ئەو تینوویەتییەی کۆیلەکانی ئارام کردووە و ئاسـوودە بـوون، کاهین و پاشاکانی هانداوە سوودی لێ وەربگرن، بیکەنە ئامرازێک بۆ سامان و دەسەڵات و نەوەی باش.

کە نووسەر سەیری هەرەمە گەورەکە دەکات، پەندێکی نەمری لێ وەردەگرێت، ئەویش بەدکاری و کۆیلیەتی و هێز، هەموو ئەوانە لەناو میسر بە شێوەیەکی گونجاو و هاوشان لە میسر هەبووە، ئەو وڵاتەی بە بۆچـوونی ئەو، (خـاکێکی بەپیتـی تەڕی گەمـارۆدراو بە بیابـانی ترسـناکە)، نووسـەر ویسـتویەتی کارەسـاتی میسـرییەکان

لەگەڵ قەیران و کێشەکانی مێژوو و جوگرافیا بەیەک ببەستێتەوە، لە گەشتەکەی بۆ ناو هەرەمەکان، ژانی میسرییەکانی وەک کەسێکی خۆرئاوایی دیوە، بەو شێوەیە باسی میسرییەکانی کردووە:

(مردن لەهەر چواردەورەیان گەمارۆی داون، ئەگەر لەناو لقە سەوزەکانی دارەکانەوە، نیگایەک بکەن، بیابانیان لێوە دیارە، ئەگەر یەک دەقیقە، لەبەر رۆشنایی ئەو یاسایە نارەواییانە بوەستن، رووبارەکە دەیانخنکێنێت، کە سەریش بەرزدەکەنەوە و دەموچاوی گەورەکانیان دەبینن، دادەوەشێن).

دیارە کازانتزاکیس ئەسیری بیردۆزی ئیستشراق بووە لە میسر، کە لە دەرەوە سەیر دەکەن، لە نووسینی رۆژانەکەی لەسەر میسر، ئەو نووسیویەتی کە مرۆڤی میسری، هەرگیز رۆژێکیش ئازادی مەبەست نەبووە، پەرۆش نەبوو بە ئازادی بژیت، ئەگەرچی ئەو چەندین سەرکردەی حزبی وەفدی دیوە، پیاوەکانی سەعد زەغلول پاشای دیوە، ئەوانەی سەرکردایەتی شۆرشەکەی ساڵی ١٩١٩ی زاینییان کردووە، کە یەکێک بووە لە هەموو شۆرشە زیندوو و کارکەرەکان لە مێژووی نوێ. بەو نیگایە وتوویەتی:

(میسرییەکان، تەنها چەند ساتێکی ناوازە، لە مێژووەکەیان مەبەستیان ئازادی بووە، لە ژیانی سیاسییان بەردەوام پەرۆشی ئەوە بوون، ملکەچی سەرکردەکانیان بن، هونەرەکەیان پابەندە بە بنچینە نەگۆڕەکان، هزریان پاشکۆی سەردەمە کۆنەکانە، زۆر کۆن، هەزارەها ساڵ کە مەبەستی و بەرنامەی مەزنی ئەوە بووە، بە هێز مردن ببەزێنێت و بیفەوتێنێت). نووسەر بەنائومێدییەوە وتوویەتی، ئەگەر میسری بواری بۆ بسازێت، پاش مردنی بمینێتەوە، بێگومان

هەمـان جۆری ژیـانی جـاران هەڵـدەبژرێتەوە و هـیچ ناگۆڕێت، بەو جۆرە قسەکەی کردووە:

(میسرییەکان پەرۆشی ئەوە بوون، بواریک بدۆزنەوە لاشـەکەیان بپـــارێزن، تـــا دووبـــارە رۆحەکەی، کە گەڕایەوە بیناســـێتەوە و بگەڕێتەوە ناوی).

سرووشتی جۆری ژیانی میسرییەکان، لەناو ژیان دەست نیشـان دەکرێت، لە جۆری دروستکردنی کۆشـک و خـانوو و گۆڕەکانیـان، خانووەکانیـان لە قـوورِ دروسـتکردووە، کە جـۆرێکە لە رەشـماڵی کـاتی، بەڵام گۆڕەکانیـان لە بەردی گەورەی سـاخ دروسـتکردووە، چونکە گۆڕەکانیان هەواری هەمیشـەیی ئەوانە، نووسـەر، بـاس لەوە دەکـات میسـرییە کۆنەکـان، چۆن مومیـایی جەسـتەی مردووەکانیـان کردووە، کە بەشێکە لە ناشتنی مردووەکانیان، ئەو گوتویەتی:

(هەزارەهـــا کرێکـــار دەســـت دەکەن، بە بەتـــاڵکردنی هەنـــاوی مردووەکە، ئینجا سکی پڕ دەکەن، لە جۆرەهـا بۆنی خۆش و گیـای بۆنـدار و قیـر، چەنـدین نوشـتە و دوعـای پێـوە دەکەن و کتێبـی مردنیشی لەتەنیشت جەستەکەی دادەنێن، تـا بتوانێت، بـاش وەڵامـی پرسیارەکان بداتەوە، وەک: کام ریگا هەڵدەبژێریت، کـام دوعـا و نـزا دەخوێنێت). پاش گەڕانێکی بێ پشـوودان، لەنـاو گۆڕە کۆنە دیوار ئەسـتوورەکان، نووسـەر بەدڵنیـاییەوە هەسـت دەکـات: (تینـوویەتی بەرەو ئەبەدیەت، حوکمی میسر دەکات، ژیانی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکەی دەسوڕێنێت...).

لەبەر رۆشـنایی شـکۆدارکردنی مـردن و هەیمەنەتـی نەمـری لە هەموو شتەکان، نووسەرە یونانییە گەورەکە، باس لەوە دەکات چۆن میسـرییەکان بەڕاسـتی خواردنیـان بـۆ سـەر گـۆڕی مردووەکانیـان

بردووه، سەردەمانێکیش خواردنیان لەسەر گۆڕەکانیان سوتاندووە، بۆ ئەوەی رۆح لە بۆنی خواردنەکە تێر بخوات، بەڵام، دوایی واز لەو سرووتە دەهێنن و وێنەی خواردنەکان، ئاژەڵەکان لەسەر دیواری گۆڕستانەکان دروست دەکەن. وادەزانن رۆح و ژیان لەناو ئاژەڵ و گۆشت و نان و میوە لێدەدات، ئەوانە لەناو دیوارەکانەوە دادەبەزن، لەسەر مێزەکان ریز دەبن، رۆحە مردووەکانیش دەگەنە سەر خوانەکان و نانەکانیان دەخۆن.

## جووتیارێکی میسر بەسەر هەرەمەکە دەکەوێت

نووسەرەکە، لە سەرەتای سەدەی بیستەم، وادەزانێت تەنها مرۆڤ لەسەر ئەو هەرەمانە بوونی هەیە، میسرییە کۆڵنەدەرەکان، بابوباپیرانیشیان بلیمەت بوون لەو بوارەدا.

نووسەر، سەردانی ئەهەرەمەکان دەکات، لە رۆژیکی گەرمی هاوین، دەکەوێتە ناو گرووپێکی توریستی ئەمریکی، بۆ هاوڕێیەتی و گایدی عەرەبێکیان لەگەڵدا بووە. نووسەر سەیری چواردەورەی خۆی دەکات، کۆیلیەتی لەوزەمانەش ئامادەیی هەبووە، بە چاوانی خۆی ئەوەی دیوە و دەگێڕێتەوە:

(گرووپێکی ئەمریکی لەوێ بوون، چاویلکەیان لەچاودا بوو، ددانە زێرینەکانیان دیار بوو، وەک قەڵەرەشەکان لەسەر کەللەسەرەکان هەڵکورمابوون، ژنەکانیان دەچوونە سەر پشتی حوشترەکان، گۆرییە ئاوریشمییەکانی پێیان، لەسەر گۆزینگیان دەبریسکایەوە، توریستەکان بەئاسایی لە چواردەورەی هەرەمەکان دەخولانەوە،

کەمێـک بێـزار دەبـوون، دەوەسـتان و وێنەیـان دەگـرت و بەرەو شیکاگۆ دەگەڕانەوە).

نووسەرەکە دەگێڕێتەوە، کە ئە لەوێ بووە، ژمارەیەک جووتیاری میسری لەنزیک توریستەکان دیوە، یەکێکیان لێیان نزیک دەبێتەوە و وتوویەتی:

مـن دەتـوانم بە شـەش دەقـیقە، بچـمە سـەر هەرەمەکە و بـێمە خوارەوەش، ئەگەر ئەوەم کرد نیو جونیە پاداشتم دەوێ!

ئەو پـارەیە بـۆ جووتیـارە میسـرییەکە، گەنجینەیەکـی زۆر بـوو. کازانتزاکیس بەردەوام دەگێڕێتەوە:

جووتیارە لاوازە داماوە برسییەکە، ناچار دەبێت بە سـەر دیـوارە بەردینە گەورەکە هەڵگەڕێت، نائومێدانە رادەکات، لەسـەر بەردەکـان هەڵـدەپەڕێت، مـاوەیەک ون دەبێـت، دووبـارە سـەرهەڵدەداتەوە و رادەکـاتەوە، مـن سـەیرم دەکـرد و هەسـتم بەداوەشـان دەکـرد، ئەمریکییەکـان لەبـنەوەی هەرەمەکە سـەیری سـەعاتەکانی سـەر مەچەکیان دەکرد. پاش چەند دەقیقەیەک جووتیارەکە بەتەنگاوی و هەناسەسوارییەوە دەگەڕێتەوە، لەبن دەستوپێیان بەردەبێتەوە، ملـی بۆیـان درێژتـر دەکـات، بەڵام ئەمریکییەکـان پێـی دەڵـێن گـرەوەکەت دۆڕانـد! دەڕۆن و ئەویـش بە شـەکەتی لەسـەر خـۆڵەکە جێدەهێڵن، جووتیارە داماوە ماندووەکەش  دەست دەکات بە گریان.

نووسـەرە یۆنـانییەکە بەرامـبەر لـووتبەرزی گەشـتیارە ئەمریکییەکـان لەگەڵ جووتیـارەکە، هاوسـۆز دەبێـت،  بە هـاوڕێیە عەرەبەکەی دەڵێت، بە جووتیارەکە بڵێ:

بۆ دەسـت نـادەیتە بەردێک و سـەریان ناشکێنیت. بەڵام بـرادەرە عەرەبەکەی بەپێکەنینەوە دەڵێت:

بۆ! ئەو بەرێزانە لەسەر حەق بوون، پیاوەکە گرەوەی کردووە و دۆڕاندویەتی. نووسەرەکە لە وەڵامدا دەڵێت:

باشە دۆڕا، دۆڕا بۆ پێی پێدەکەنن؟

عەرەبەکە دەڵێت:

کەسی براوە هەر پێدەکەنێت، دیارە تۆ ئەوە نازانیت؟

نووسەرەکە دەڵێت، لەو کەشە ملکەچی و کۆیلیەتی کۆن هەر ماوە. ئەو دانوستانە، وەک تیشکێک لەسەر مێژووی میسر بدەیت، وەک (شرۆڤە و روونکردنەوەکانی هیروگیلفی بوون، لەسەر باز و کەروێشکەکان، دەستە هەڵکۆراوەکانی سەر ئەهەرامەکان).

پێش ئەوەی ئەو باسی پەیکەری (ئەبو هۆل) بکات، کۆنترین پەیکەری بەردین لە جیهان، نووسەر گورانییەک لەسەر مردن دەچڕێت، کە بە پیتی هیروگیلفی نووسراوە:

**مردن چییە!**

رۆژانە من ئەو قسەیە بە خۆم دەڵێم: مردن وەک مرۆڤێکە لەناو گۆڕی نەخۆشی دەرچووبێت.

مردن وەک ئەو ساتەیە، ماوەیەک ئاسمانەکان ساماڵ بێت،

لەودەمانەی مرۆڤ، دەست دەداتە تۆڕەکەی بۆ راوی باڵندە، ئینجا دەکەوێتە ناوچەیەک بە خۆشی نازانێت لەکوێیە! کە یەکەمجار، لە دووری چەند مەترێک، چاوی بە پەیکەری ئەبو هول دەکەوێت، دەڵێت:

(ئەو پەیکەرە، لە بەردی زەرد تاشراوە، بەو قەبارە گەورەیە زۆر سەیرە، سەری شکۆمەندانە لەناو لمەکە دەرهێناوە و روو لە خۆرهەڵاتە، شانازە وەک ئەوەی، ئەو یەکەم بونەوەر بێت، هەست

به بـوونی هەتـاو بکـات، وادیـارە دوێنـێ مـردووە، کەوتـووتە بەر سـێبەرەکە، بەئومێـدە دووبـارە بـژێتەوە بە هەمـوو شـکۆ و سەربەزییەوە لەناو بیابانەکە هەڵبستێتەوە، لەنـاو هەناوی رووەک و خەڵکە گەرمەکە هەڵبستێتەوە).

ئەو دەڵێت: ئەبو هۆل، هەزارەهـا سـاڵە بـانگی خەڵکەکە دەکـات و داوا دەکـات ئـازادی و بەڕەڵای بکەن! بەڵام لـم و قـوومی بیابـانەکە دایدەپۆشـێتەوە و ونـی دەکـاتەوە. ئەو وادەزانێـت ئەوەنـدە قـوومی چوویتە چاوەکانی، بۆیە بەترسـەوە چاوەکانی کردیتەوە و سـەیری بەرامبەر خۆی دەکات:

(بیابـانەکە بەردەوام گەمـارۆی داوە، گرتـوویەتی، بـواری دەربازبوونی نەبووە، ئەویش هەستی بەوە کردووە، بۆیە ترسـاوە، ترس لە چاوەکانی دیارە و هاوار و گازی لێوە دیارە).

نووسـەر وامەزنـدە دەکـات ئەبـو هـۆل (سـفینگیس)، سەرکەشـانە لەسـەر لـمەکە وەسـتاوە، هەمـوو بەیـانییەک بەژانێکـی قوورسـەوە، چـاوەڕوانی تیشـکی خـۆر دەکـات. ئەو نەخشـەیەکی هەسـتیاری بـۆ بـونەوەر ئەفسـانەییەکە نەخشـاندووە: (دوو لێـوی گەورەی هەیە، وەک لێـوی جووتیـارە میسـرییەکان. کەشـێکی قەدەر و تـرس، لە فەزایە نـزیکەکەی ئەو خوڵقـاوە. سیمایەکی هێمنـی و گرانـی پێوەیە. چاوەکـانی زۆر کـراوەتەوە. بە نیگـایەکی سـۆفییانە سـەیر دەکـات، بەترسەوە سەیری بیابانەکە دەکات).

نووسەرەکە، سـەیری پەیکەرە گەورەکە دەکـات، وادەزانێت ئەبـو هۆل هەتا گەردەنی لەناو لم نقووم بووە، سەری ترسی پێوە دیـارە، وەک ئەوەی ئامـاژە بە خراپەکـاری مرۆڤـی خـراپ بـدات، لە بەدبەختییەوە دەڵێت:

(ئیستا لمەکەیان لەسەر پاک کردیتەوە، جەستەی هەڵدراوەتەوە، جەستەی لە جەستەی شێر دەچێت، قاچەکانی بەپانی کردونەتەوە، وا دیارە. من وادەزانم هاوارێک دەکات، لەناو سینگەییەوە داوا دەکات، بە هانای بچن و دەربازی بکەن. وەک ئەوەی هاوار بکات فریاکەوم، فریام کەون، رۆڵەکانم بەهانام وەرن، لەو لم و قوومە دەربازم بکەن، خنکام).

## سەرووی میسر

لە ساڵی ١٩٢٧ی زاینی کازانتزاکیس پێیەکانی لە سەروو سەعیدی میسری دادەنێت، لەناو میسر رۆحی لە مردن دووردەکەوێتەوە، ئەوەش مەسەلەیەکی سرووشتییە، چونکە دەزاندرێت ئەویش یەکێک بووە لە شەیدایانی ژیان، یەکێکە لەوانەی بەرهەمەکانی بەنەمری دەمینێتەوە، بەقەد بەهاکانی ژیانی مرۆڤایەتی، سەرووی هەموو بەهاکانی تر، رەنگە سەفەرکردنە زووەکەی بۆ میسر، فاکتەرێک بووە ئەو پیاوە ژیانی خۆشبوێت، چونکە زۆر نەمری بۆ بەهاکانی مردنی لێرە بەرچاوە کەوتووە، ئینجا چ لەناو ئەهەرامەکان، یان لە پەرستگاکانی (ئوقسر) و (کەرەنک) کە زۆر سەرەنجیان رادەکێشێت، دەیهەژێنێت، چونکە زۆر بایەخی بە ژیانی داوە، بۆیە پەرۆش دەبێت مانا راستەقینەکەی ژیان بدۆزێتەوە، کە چۆن میسرییە کۆنەکان لەسەر کەناری رووبارەکە ژیاون.

نووسەرە دەگێڕێتەوە، کە لە سەرووی میسر دەچێتە ناو ترێنەکە، دیمەنی چیای رووت دەبینێت، چیا رەنگ گوڵزار، چۆڵ و

کشـومات، دیمانەکـان لەنزیـک پەروازە کەسـکە بـاریکە تەسـکەکە دەبنێت، تێدا خەڵک لەسـەر کەنارەکە بۆ ژیان لەنگەریـان گرتـووە، بەدرێژایـی رووبـارەکە ژیـان بـوونی هەبـووە، ئەو دەڵێت مـن لەنـاو ترێنەکەوە گوێم لە نوزە و هاواری قووڵەڕەشەکانی، بە خۆشی و لە برسانا گەنمەشامی هەڵدەلوشن، ئەوان دەبینێت چۆن لەنـاو بیرەکـان بە دەوڵکەکانیـان ئـاو هەڵدەکێشـن، هەمـوو دیمەنەکـان بەپەرۆشـەوە سـەیر دەکـات، چـونکە کـامەرانی لەسـەر خـاکی میسـر دۆزیـوەتەوە، لەناو پەنجەرەی ترێنەکە دەبینێت:

(کیژۆڵەیەک دەستماڵەکەی دەکاتەوە، بە سـەما و بە جوولەیەکی جوان، لەسەر کەمەری دەبەستێت).

هەر لە پەنجەرەی ترێنەکەوە، نووسـەر دیمەنـی ئاسـایی خـانووی جووتیارە میسرییەکان دەبینێت، کە لەنزیک هێڵی شـەمەندەفەرەکە و بەدرێژایـی رێگـاکە پەخشـان دیـار بـوون، دیـارە مەبەسـتی خـانووی خەڵکی پارێزگاکـانی بنـی سـویف و ئەلمنیـا و سـوهاج و قەنـا بـووە، ئەو دەڵێـت سـەربانەکان هەموویـان تەخـت و راسـت بـوون، گەنمەشـامیان بـۆ وشـکبوونە بە هەتـاوەکە لەسـەر راخرابـوو، دەرگاکانیـان بە قـوورِ و پـووش دروسـتکرابوو، خانووەکـان پەنجەرەیـان تێدا نەبـوو، دەرگـا و کوڵانکەکـان بە شـاڵی رەش، یـان سوور داپۆشرابوون، خەڵک و مەڕوماڵاتەکانیان بەیەکەوە لەناو ئەو خانووانە دەخەوتن.

نووسەرەکە باسی سەفەرەکەی بۆ سەعید دەکات، لەوێ منداڵێکی سـاوای بەمردوویـی لە شـوێنێکی پـیس دیـوە، منـداڵەکە مـردووە و دایکوبـاوکی لەنـاو کـێڵگەکە کاریـان کـردووە، ئاگایـان لە مردنـی

منداڵەکەیان نەبووە، پیاوەکە زەوی کێڵاوە و ژنەکەش بەدوای ئەو تۆی کردووە، ئەو دەڵێت:

(ژن و پیاوەکە، ئیشەکەیان تەواو نەبووە، چاوەڕوان دەکەن ئیشەکەیان تەواو بێت و تاریک دابێت، ئینجا منداڵە مردووەکەیان بشارنەوە، ئەوان ئیشیان دەکرد و منداڵە مردووە لاوازەکە، باسکەکانی درێژ کرابوو، سەری زل بووبوو، لەنزیک چاڵێک، تەرمەکەیان دانابوو، منداڵەکە وادیار بوو بیەوێ زەوییەکە هەڵکۆڵێت، پەرۆشە و زۆر تامەزرۆی گەڕانەوەی ناو خاکەکە دەکات).

نووسەر زۆر بەسادەیی ژان و مەینەتەکانی خەڵکی سەعیدی میسری لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەم بژار کردووە، لە بەیانییەکی زوو دیمەنەکان دەبینێت، پەروازە کەسکە چێنراوەکە، هێشتا بە تەسکی و سنوورداری ماوەتەوە، چەند هەنگاوێک لێوەی نزیک ببیتەوە سنوورەکەی دەستنیشان دەکەیت، ئەو دەڵێت:

(لێرەولەوێ دارخورمایەک، یان دارێکی ئاکاسیای گوڵداری دڕکاوی، یان دار سەبارە شینە پانە بەدڕکە گەورەکان دیارە، ئەوەش دوا داری پاڵەوانی نائومێدە، لەناو ژیانە سەوزەکە ماوەتەوە، لێرە دڵی مرۆڤ ترپە و خورپە دەکات، شاناز و نائومێد و پەریشانە، بە مانەوە و خۆراگری بەها مرۆییە مەزنەکان، چونکە لەو جیهانە بێجگە لە میسر ئەوە هەیە، لێرە دەتوانیت بەروونی ژیان وەک دوورگەیەکی بچووکی بەستراوی ناو چوارچێوە و کەشێکی بێ سنووری مردن ببینیت، دوورگەیەکی دروستکراو لە ئاو و خۆڵ و گۆشتی مرۆڤەکان، دووورگەیەک لە فرمێسک. تۆ کە سەیری سنوورەکە دەکەیت، لێرە لەو وڵاتە، لە میسر، بەس لێرە هەست

دەکەیت، ئازایەتی و ماندووبوون و ژان و کارکردن هیچ سوودێکی نییە).

## گۆڕی ئەمنهوتبی دووەم

بەلەمەکە نووسەرەکەمان دەباتە تیبە (دیوسپولیس)ی مەزن، شارێکی بچووک لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە بە هاتنی هەزارەها گەشتیار دەژیت، ئەوانەی بە شەمەندەفەر و بەلەم و کەشتی گەورە گەورە روو لەو شارە دەکەن. گەشتیارەکان، بە بۆچوونی نووسەرەکە، هەموو شت دەکەن تا میسر ببینن، بەڵام چونکە چاویلکەی رەشیان لەچاوە، هیچ نابینن، دیمەنەکانی وڵاتەکە بەشێواویی و تەماویی دەبینن.

نووسەر ویستوویەتی لە گەشتیارەکان دووربکەوێتەوە، تا رامانی مێژوو بکات، کە لەو شوێنە بۆنی مێژوو زۆرترە. بەیانی زوو، سەردانی هەردوو پەرستگای ئوقسر دەکات، گەشتیارەکان خەوتبوون، ئەو بەتەنها لەناو شوێنەوارەکان دەسوڕێتەوە و دەڵێت:

(وەک زیندەوەرێکی بچووک، کە هیچ هەستێکی لەبن ئەو پەرستگا مەزنانە تێدا نەمینێت دەسوڕامەوە)، لەوێ شوێنەوارەکانی بەو شێوەیە بۆ دەردەکەوێت:

(ئەو شتە گەورانە، ئاڵۆزن و تێیان ناگەم و هەروەها ناشیرین دەردەکەون). ئەو بەو رستەیە گوزارشتی کردووە.

لە پێناسەی پەرستگاکەش ئەو نووسیویەتی:

( رێڕەوێکی تێدایە، درێژییەکەی دوو کیلۆمەترە، لەنێوان پەرستگای ئوقسر و پەرستگای ئامون کەرەنک، پانییەکەی سێ

مەتـــرە، بە تەخـــتەبەردی پـــان بەردرێژکـــراوە، لە چەپ و راســـتی ڕێڕەوەکە، هەزار دروستکراوی سفینکیسی ئەفسانەیی سەر ئاژەڵ دانـراوە، شـوێنی قوربانییەکـان لە پەرسـتگای کەرەنـک، کە تـایبەت بـووە بە پاشـا، تەنهـا ئەو دەیتـوانی بچێتە ژوورەوە، درێـژییەکەی سەد و سێ و پانییەکەی پەنجا و دوو مەترە، بەرزاییەکەشی بیست و پێنج مەترە، بە سەد و سی و چوار ستوون وەستاوە).

ئەو دەڵێـــت بە هـــاوڕێیەتی دوو پیـــاوی ڕەش، بە بەلەمێکـــی چارۆگەدار بەرەو دەشـتایی خۆرئـاوا رۆیشـتین، تـا بچینە ئەوبەری رووبـاری نیـل، لەوێ بەشـداری ئاهەنگەکـانی نیکروپـۆلیس بکەیـن، شاری مردووەکان لە دۆڵی پاشاکان:

(چیایەکی بۆری وشـکی ترسـناک، نشـێوێکی تیژی بەپێچوپەنـای بەنـاودا دەڕوات، چەنـد سـەعاتێک لەوێ خـۆم سـەرقاڵکرد، تـامی خۆڵەمێشم دەکرد، کە دەچووە نـاو گەرووم، لە هـیچ شـوێنێک، یەک دڵۆپە ئاوی تێدا نەبوو، یەک گەڵای سەوزم لەو ناوچەیە نەبینی، بۆ یەک سـات باڵنـدەیەک لەو نـاوچەیە دەرکەوت، وادەزانـم بـاز بـوو، لەسەر ناوچەکە دەخولایەوە، بەنەرمییەوە دوو سێ جار دەرکەوت و ون بوو).

دیـارە بەشـی خۆرئـاوای رووبـارەکە تـایبەت بـووە، بە ناشـتنی مردووەکانیـان، میســرییە کۆنەکـان بـۆ ناشــتنی مردووەکانیـان و شاردنەوەی مومیاکانیان، لەنـاو بەرد و کەڤرەکـان، چاڵی گەورەیـان هەڵکۆلیوە، ئەو دەڵێت:

(وەک چۆن ئێمە بۆ شـینبوون و بەرهەم و دووبـارە گەڕانەوەی ژیـان، گەنـم دەچێنـین. ئێسـتاش لێـرە چـاڵ هەڵکەنـدراوە، تەرمەکـان لەنـاو کفنە سـپییەکان دەردەهێـنن، دەسـتیان لەسـەر دەسـت بـووە،

هەزارەها ساڵە چاوەڕوان دەکەن، پاشا و کۆیلەکانیش، قەدیس و تاوانبارەکان، کاهین و سەماکەرەکان، لەناو کفنەکانیان چاوەڕوانی گەڕانەوەی رۆحی خۆیان دەکەنەوە).

نووسەر بەگەڕان لەناو گۆڕەکەی ئەمنهوتبی دووەم، ئەوەی لە ساڵی ١٤٢٠ی پ. ز. کۆچی دوایی کردووە، کۆتایی بە گەشتەکەی دەهێنێت. رۆژەکە گەرم و رووناک دەبێت، ئەو وتوویەتی:

من وێنەی خوداکانم لەسەر شێوەی باز، بەسەر دیوارەکانەوە دیوە، قوربانی جەنازەکان، خوداکانی نەمری، لەسەر هەموو ستوونەکان بەسینگ کراوەیی دیارن، مەمک دەدەنە پاشاکانیان، بنمیچەکان بریتییە، لە دیمەنی نازداری فلزی لازوردی بە ئەستێرە درەوشاوەکان، لەبنەوەش لە ژوورێکی قووڵی نهێنی، مومیاکان بەئارامییەوە پێشوازی لە پاشاکە دەکەن، کە هێشتا تەرمەکەی بە گوڵزار رازاوەتەوە.

ئەو وتبووی، من ویستم زۆرتر لە شوێنەکە وردببمەوە، بۆیە لەناو گۆڕستانی پاشاکان سووڕامەوە، شەویش داهات و هیچ بیرم لە مردن نەدەکردەوە، بەو جۆرە باسی دیمەنەکەی کردووە:

(بەڕاستی لەناو دیوارەکانی گۆڕستانەکە، هەستم بە دەرچوون و درەوشانەوەی ژیان دەکرد، دیوارەکان ژیانیان تێدا بوو، وەک ئەوەی هەناویان تژی بووبووێت لە رووناکی، بە دوو چاوی ئاگرینەوە دیارە، کە ژیان دووبارە دەگەڕێتەوە بەر مردووەکان، ژیانم لەسەر جەستەی هەموو مردووەکان هەست پێ دەکرد، ژیانم دۆزیەوە، ژیان لەوێ خۆی لێم ئاشکرا کردبوو، پیاوەکان دەستیان داوەتەوە گاسنەکانیان و زەوی دەکێڵن، دەچنە بەر مێگەلەکانیان، راو دەکەن و نێچیرەکانیان دەکوژن، ماسی دەگرن، بەدرێژایی

رووباری نیل گەشت دەکەن و لڤینیان هەیە، ژنەکان خەریکی هەویر و ئارد و نانکردن بوون، ئاگریان دەکردەوە، هەندێک لەو ژنانە خەریکی سازکردن و خاوێنکردنەوەی ناوماڵەکانیان بوون، خۆیان جوان دەکرد، سەمایان دەکرد، ئامێری عودیان دەژەنی، بۆنی گوڵیان دەکرد، پاشا لاوازەکانیش کلیلی ژیانیان بەسەر سینگەوە دەلەریەوە، شاژنەکان، ژنە گەورەکانی ناو کۆشکەکان بەنازەوە دانیشتبوون، عەبدە بالآبەرزەکانیش بەڕووتی وەک گوڵی سەوسەن، بۆیان دەچەمینەوە و گوڵ و میوەیان لەبەردەم ریز دەکردن).

نووسەر لە گەشتەکەی ساڵی ١٩٢٧ی زاینی، سەردانی سیاسەتمەدار و نووسەر و هاوڵاتی ئاساییش دەکات، وەسفی شەقام و کۆڵان و خانووەکانی دەکات، نووسەری زۆربا دەچێتە قاهیرە و سەعید و شوێنەوارەکان دەبینێت، کە لە کتێبەکەی بەناوی (گەشتێک بۆ میسر، سینا و دۆڵەکە) کە لەلایەن موحەمەد ئەلزاهیر و منیە سمارە کراوە بە عەرەبی، دەبێتە یەکێک لە کتێبە بەئینسافە خۆرئاواییەکان، زۆرترین لێبووردەیی لەگەڵ خۆرهەڵات تێدا دیار کردووە.

نووسەر نیکۆس کازانتزاکیس، بە نیگا و رامانێکی سەرسووڕهێنەر میسر بەجێدەهێڵێت، شتی سەیر لەو وڵاتە دەبینێت، رووباری نیلیش ناچاری دەکات بڕوا بە حەقیقەتی ململانێی ترسناکی نێوان مرۆڤ و ئاو بهێنێت، هەرەمە گەورەکەش وای لێدەکات دان بە پەندە نەمرەکە بهێنێت، کە دەڵێت بەدکاری و کۆیلیەتی و هێز، هەموو بەیەکەوە و هاوشان و هاوڕێ لە میسر ساز دەبەن.

نووسـەر لە سـەعید دەگەڕێتەوە نـاو شـارە نوێیەکان بەڵام تـامی پەنـد و نەمری دەکات، سـەرەتا بڕیاری دابـوو نەچێتە نـاو جیهـانی مردووەکان و سەیری ناشتنگاکان نەکات، زۆرتـر سـەرقاڵی جیهانی زیندووەکان بێت، بەڵام کە دەگاتە ناو میسر بیرۆکەکەی دەگۆڕێت، دەیەوێ زۆرتر لەسەر رووبەڕووبونەوەی رۆژەڤەکەی نێوان رۆحە میســرییە نوێیەکــان و جیهــانەکەی دەوروبەری ببینیــت، کە تــازە بەبریندار و شۆکەوە لە شـەڕی یەکەم دەرچووبـوو، نووسـەر لەو رەوشەدا نووسیویەتی:

(بەڵام پاش یەکەم دیمانەم لەگەڵ ژیـان و ژینگەی جوانی میسـر رووبەڕوو بـومەوە، هەسـتم بە چێژوەرگـرتن کـرد، دەنگێـک لەنـاو خاکەوە بۆم هەڵدەستێتەوە، دەمگرێت، مردووەکان دەیانقیژاند، تینوو بـوون، دەیـانەوێ بگەڕێنەوە نـاو ژیـان، بەس بـۆ یەک سـاتیش بێت دووبــارە بگەرێــنەوە نــاو باوەشــی ژیــان، بگەڕێــنەوە نــاو دڵە گەرمەکانیان، ئەو دڵەی لەبەر هەتاوەکە ترپەترپی بوو).

نووسـەرە لەنـاو ژیـانی مردووەکـان و لە سـەردانەکەی ئوقسـر و ئەسوان دەگەڕێتەوە ناو دڵی قاهرە، زینـدووە چـالاکەکە، وەک خـۆی نـاوی بـردووە، لەوێ چاپوک دەبێت و دەگەڕێتەوە دۆخـی ئاسـایی، دەیەوێ هەمـوو لایەنەکـانی ژیـانی میسـرییەکان تێبگـات، بەیانییـان دەردەچوو، هەتا ئێوارەکان دەمایەوە، پیاوانی سیاسـەت و بازرگـانی و میـدیا و رۆشــنبیرەکانی دەبینــی، ئەو بەوانەی وتــووە، کەســانی خوێنگەرمی مەکربازی ولاتپارێز و زۆرزان و فێڵبـاز، لە وتارەکـانی کە لە رۆژنـامە یونانییەکـان بـڵاوی دەکـردنەوە، دوایـی وەک کتێـب وتارەکانی چاپ دەکات.

کازانتزاکیسی ئاستەنگ و تەگەرەی بۆ وەرگرتنەوەی وەڵامی پرسیارەکانی لەسەر میسرییەکان هاتووتە پێش، دەیویست بزانێت فاکتەرەکانی کۆشش بۆ بوژاندنەوەی میسری نوێی چییە؟ چۆن عەقڵی خۆرهەڵاتی دەتوانێت هزرە ئەوروپییەکان وەربگرێت و تێیانبگات؟ لەوانەش گرینگ تر، دەیویست بزانێت کاردانەوەی رەوشی پاش شەڕەکە، لەسەر کەناری رووباری نیلی میسری چ دەبێت، پەیوەندیی و کۆنتاکێتی نێوانیان چییە، نێوان واقیعە روونەکە و نەدیارەکانی ئەو چاخە، کە حەقیقەتی هەڵسانەوەی میللەتانی خۆرهەڵاتە؟

## دابەشکردنی زەویوزار

نووسەرە یونانییە گەورەکە، ویستوویەتی بزانێت بۆچی میسرییەکان نەیانتوانیوە داهێنانێک بکەن، لە بوارێکی ژیان پێشبکەون، لە بوارەکانی زانستی و هونەرییەکان بچنە پێشەوە، یەکێک لە رۆشنبیرەکان وەڵامی دەداتەوە و دەڵێت:

کاری سەرەکی و رەسەنی ئێمە لاهوت بووە. بۆیە پێشنکەوتین.

رۆشنبیرەکە، بەداخەوە ناسنامەی خۆی ئاشکرا نەکردووە بەردەوام بووە لەسەر رامان و وەڵامدانەوەی پرسیارەکە و وتوویەتی:

ئێمە وەک کۆیلەی پاشکۆ، لاسایی خۆرئاوامان کردیتەوە، دەموزارمان بەرەو هەموو شتەکانی ئەوروپا داخستووە، هەروەها ئێمە ملکەچی هەموو پێویستییەکانی هاتوو لە جیهانە هاوچەرخەکە

دەبـین، باهۆزێـک لەسـەر ژیانمانـدا هەڵـدەکات کە لە بریتانیـا و فەرەنساوە هاتووە.

سـەبارەت بە بـابەتێکی تـر، ئەو لە سـاڵی ١٩٢٧ی زاینـی، قسـەی لەگەڵ رۆشنبیرێکی تری میسری (دیار) کردووە، ئەو پێی وتووە:

ئەگەر دەتەوێ لە ئیمـڕۆی میسـر تێبگەیـت، دەبـێ بەڕوونـی ئەوە بخەیتە نـاو هـزری خۆت، مێژوووی نـوێی میسـری بە دوو قۆنـاخی سەرەکی تێپەڕیوە:

لە موحمەد عەلییەوە تـا شـەڕەکانی ئەوروپا ١٩١٤ی زاینی و لە شـەڕەکانەوە تـا ئیمـڕۆ. مـوحمەد عەلـی دەروازەی میسـر بـۆ شارسـتانیەتی ئەوروپـا دەکـاتەوە، داوای نەخشەسـاز و رێکخـەری بێگانە دەکات، سوپایەکی نوێ دادەمەزرێنێت، خوێندەواری و چاندن زۆرتـر دەکـات، دەسـتە دەسـتە گەنجەکـان بـۆ فێربـوون رەوانەی ئەوروپا دەکات، ژیـانێکی نـوێی زیندوو دەخـاتە نـاو ژیـان و خـاکی میسـر، ئەو (پیتـری مەزن) بـووە بـۆ میسـرییەکان، بەڵام کلتـووری ئەوروپـی ئەوەی مـوحمەد عەلـی و خەلیفەکـانی پـاش ئەو، دەیهێـنن لەناو خەڵکە سادەکە دەرناچێت، دەرئەنجامی قەناعەتێکی ناوخۆیی و عەقلـیەتە خـۆرهەڵاتییە رەسـەنە تایبەتییەکەمـان نەبـووە، بـۆیە کلتوورەکەمان بەس ئەو کلتوورە پاشکۆیە لاساییە و بەس.

نووسـەر بەردەوامە لەسـەر کۆشـش، بـۆ دۆزیـنەوەی وەڵامە زەحمەتەکان، پرسیارە میسرییە زەحمەتەکان، رەنگە تا ئیمڕۆ ئەو پرسـیارانە هەر مـاون، وەک پرسـیارەکان لەسـەر گەشەسـەندنی میسـری و سـەرچاوەی زەویـوزاری خـاوەن موڵکەکـان بـۆ بەرژەوەنـدی جووتیارەکـان، ئایـا میسـر گەشـەی کـردووە، یـان کۆششی کردووە بۆ لاساییکردنەوەی نمونەی خۆرئاوایی، دەڵێ من

قسـەم لەگەڵ سـەرکردەیەکی دیـاری قوبتییەکـان کـردووە، ئەو پێـی وتووم:

(یەک بوار و رێگا هەیە، میللەتەکەمان هەڵبستێتەوە، هەنگاو بنێت بۆ نوێکردنەوەی ئابووری وڵاتەکە، میسر رووبەرێکی زۆری زەوی هەیە، ئەویـش مـوڵکی ژمـارەیەکی کەمـی دەرەبەگەکـانە، ملیۆنەهـا جووتیاریش لەو زەوییانە کار دەکەن و لە برسانا دەمرن، دەتوانین چارەسەرییەک بۆ ئەو کێشەیە بدۆزینەوە؟ نووسـەر پێش ٢٥ سـاڵ لەسـ‌ـەر بەرپـابوونی شۆرشـ‌ـی یولیـ‌ـۆ، کە زەوی بە جووتیـارە بچووکەکـان بەخشـیوە، ئەو پرسـیارەکەی کـردووە و هـاوڕێیەکەی نیگەران بووە، بەڵام بە پژمینێکی دەستکرد ویستویەتی لە وەڵامەکە رابکـات، بەڵام ئەو سـوور بـووە لەسـەر پرسـیارەکە و دووبـارە لێـی دەپرسێتەوە:

ــبۆچـوونی تـۆ، لەسـەر خاوەنـداریەتی زەویـیە کشـتوکاڵییەکان چییە؟

کازانتزاکیسی وتـوویەتی، ئەو کەمێک بیردەکاتەوە، بێگومـان ئەو دەیویست منیش یەکێک بم لەو گەمژانە، بۆ ئەوان ئەوە باشترە و ئیسراحەتە، لەوەی خۆمان بەو وشـە مەزن و دەستەواژە جوانانەی وەک (وڵاتپـارێزی) و (برایەتـی) و (ئـازادی) و (رۆحـی جووتیـار) سـەرقاڵ بکەیـن و سـوودیان لـێ وەربگـرین، نەک قسـە لەسـەر جەستەی بکەین، بەتووڕەیی و نیگەرانییەوە گەمە بە تەلەفۆنەکەی دەکات، دووری دەخاتەوە، بە پێداگری و ئارەزووەوە وتوویەتی:

میسر خاکێکی دەوڵەمەندی هەیە، سالانە دوو هەتا سێ وەرزی دوورنەمـان هەیە، یەک پـارچە زەوی بچـووک دەتوانێت خێزانێـک بەباشی تێر بکات و بەئاسانیش.

_ کەواتە؟

_ کەواتە دەبێ وەک دەڵێم وا بێت. بەڵام ئەو خۆی لە وەڵامە دروستە سنووردارەکەم دووردەخاتەوە، سەبارەت بە وەرگرتنەوەی مولکیەتی زەوییەکان.

_دەبێ زۆرتر زیرەک بین، لێرە ئێمە زەوی بەیار و راگیراومان زۆرە.

_کەواتە؟

_وادەزانم من وەڵامی پرسیارەکەی تۆم دایەوە. (برا جووتیارەکانمان).

دیارە نووسەرە خۆرئاواییەکە، قسە لەروو و رووبەڕوو، بەڵام دڵبەژان دەبێت لە رامانی بۆ دۆزینەوەی راستەقینەیی میسر، دەڵێت من برادەرە رۆشنبیرە میسرییەکەم جێهێشت، ئەوەی لە وەڵامی پرسیارەکەم لەسەر مولکداریەتی زەوییەکان رایدەکرد، دەڕوات و تووڕەیە، چارەنووسی جووتیارە میسرییەکەی لەبیرە کە: برایە جووتیارەکەمان، مرۆڤە بەدبەختەکە، نەفرەتلێکراوەکە، ئەوەی وەک سەگ رەنج دەدات و لە برسانا دەمرێت، ئەو چارەنووسە دڵی پڕ لە ژان و حەسرەت دەکات، پڕ لە تووڕەیی و تاڵی.

کازانتزاکیس لە رۆشنبیرە پێشەنگەکانی جیهانە بووە، دروشمی (جیهانی ئیسلامی لە خەو هەڵسن)ی بەرزکردیتەوە، زوو لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەم، ئەو یەکێک بووە لەوانەی وایدەزانی میسر لەو جیهانە دەتوانێت رۆڵێکی مەزن بلەیزێت، پێگە جوگرافییەکەی لەناو جیهانی عەرەبی و ئیسلامی و ئەفریقی و پەیوەندییەکی رۆژانەی پتەو و هاوشانی راستەوخۆی بە ئەوروپا و گەشەی سیاسی شەقام و شۆرشە ئابوورییەکەی کە چەند ساڵێکی

کەم بەردەوام دەبێت هەبووە، بۆیە میسر زۆر هەستیار بووە، وڵاتێکی پێشکەوتوو بووە، دەبێتە پێشڕەوی شەڕەکەی جیهانی ئیسلامی.

نووسەر وادەزانێت موسلمانەکان، هەر لە مەغریبەوە تا چین، تا کۆنگۆ، پاش ئەوەی لەگەڵ ئەوروپییە دوژمنەکانیان پەیوەندی دەگرن، هەست بە پەیوەندییە گەرمە گشتییەکە دەکەن، کە بریتییە لە ئاین، کلتوور، بەرژەوەندییە ئابوورییەکان، بەڵام بە ئاراستەیەکی سارد و خاو. بەڵام لەگەڵ بوونی کۆسپی زۆر، تێگەیشتنی هەڵە و تەگەرەکان، دیارە یەکێتییە ترسناکەکەی نێوان وڵاتانی موسلمان، لەبەر چاوەمان فۆرمەلە دەبێت، لەبەر چاومان زۆر نزیکن، ئەوەندە نزیکن ناکرێ بیانبینین، کە شتێکیش دەبینین، ئەوەی دەبینین بەشێکی بچووکە، هەمووی نییە.

ئەو دەڵێت مەستەفا کەمال و سەعد زەغلول و پاشای نوێی حیجاز و لوسەری نوێ و عەلی جناح، سەرکردەی موسلمانەکانی هیند و غاندی هاوڕێی لە خەبات، ئەوانە بەس کەسایەتی ناسراو و بەرەونەق نین، ئەوانە کەسایەتی ناو هەوێنی هەڵگیرسانی شۆرشێکی ناوازەی ڕێزپەڕی ترسناکن، ئەو دەنگە کەمە دیارانە، گوزارشت لەوە دەکەن، کە گوزارشتکردن ئەستەم و زەحمەت بوو، یان لە دارشتنی جیهانێکی خۆرهەڵاتی ئیسلامی. نووسەر چەند فاکتەر بۆ هەڵسانەوەی خۆرهەڵات دەستنیشان دەکات، تا بتوانن یەکگرتوو بن دژ بە خۆرئاوا، لەوانە دوو فاکتەر وەک نمونە، یەکەمیان ئامرازەکانی پەیوەندییە نوێیەکان، کە هەر ڕووداوێک کار بکاتە سەر هەموو کیشوەرەکان، دووەمیش هەڵگیرسانی شۆرش لە

رووسـیا بـوو، پشـتیوانی خۆیـان بـۆ شۆرشـێکی گشـتگیر ڕەنـگە خۆرهەڵات بورووژێنێت.

ئەو وتـوویەتی: (سـەرکەوتنی سـوپاکانی خـۆرهەڵات، ڕاسـتەوخۆ دەنگدانەوەی لەسەر هەر پێنج کیشوەرەکە دەبێت، سەرکەوتنەکان چ لە مەغریب یان لە شەنگهای بە ئامرازە نوێیەکان، بەپەلە دەگەنە نـاو هەموو میللەتانی خۆرهەڵاتی، بە جۆش و ئیمانیـان دەخـات، ئەوەش دیـاردەیەکی نـوێیە لە مێـژووی مرۆڤـایەتی). سـەبارەت بە ڕوسـیا وادەزانێت ئەوان شۆرشێکی گشتگیری مەزنیان خوڵقاندووە، ئەوەش هەمـوو خـۆرهەڵات دەورووژێنێـت، چالاکییەکانیـان سـاز بـکەن، ڕێکخستنەکانیان پوخت بکەن، هەستی ڕق و تۆڵەش لەلای میللەتانی خـــۆرهەڵات، بەڕووی ســـەرمایەداری ئەوروپـــی و ئەمریکـــی دەجولێنێت، کایە سادەکانیش بۆ هەڵمەتە پرۆپاگەندەکانی بەرجەستە دەکـات، کە دەڵـێن دەبـێ هەمـوو مـیللەتە سـەرمایەدارەکان، ئەوانەی دەیانچەوسێنەوە دەربکەن و خۆیان ببنە گەورەی وڵاتەکانیان.

## دەرکردنی بێگانەکان

نووسەر میسر دەکاتە نمونەی خـۆرهەڵات بـۆ بەرگـری و بـوونی پێداویستی زۆر و توانای فرەلایەن، دەکرێ قاهیرە ببێتە پێگەیەکـی نمونەیی بۆ توانا و دەسەڵاتی هەمـوو وڵاتـانی خـۆرهەڵاتی عەرەبـی، چـونکە میســر بەوە بەختیـارە کە پێگەیەکـی جـوگرافی نـاوازە و ژێرخـانی ئـابووری بەهێـزی هەیە، بـۆیە دەتوانێـت پێویسـتییەکان مەیسەر بکات، هەنگاو بەرەو پێشەوە بهاوێژێت.

ئەو دەڵێت: بۆ نمونە سەیری میسر بکە، جاران خەڵکە بێگانەکە سەرمایە و سامانەکەی ئەوانیشیان بەکاردەهێنا، ئەوان پرۆژە ئابوورییەکان و کارگەکانیان بەڕێوەدەبرد، ئەوان بانکەکانیان سازکرد بوو، پرۆژە تەکنەلۆژیایان دانابوو، ئیتر هاوڵاتییە میسرییەکانیش دەستەوەستان نەبوون، وا شوێنیان دەگرنەوە و لە بوارە ئابوورییەکان دەچنە ناو پێگەکان، زیرەکانە و بەتواناوە پرۆژەکان بەڕێوەدەبەن، بڕیاریانداوە چیتر پێویستیان بە بێگانەکان نەبێت، زۆریش تووڕە دەبن، کە دەزانن کۆسپیان بۆ ساز دەکەن، تا نەگەنە ئامانجەکانیان، ئەو چینە شارستانە نوێیەی پاش شەڕەکە پەیدابوون، هەستیان بەوە کردووە، دەبێ بەزووترین کات بێگانەکان لە وڵاتەکەیان دەربچن، لە شۆرشە ئابوورییەکە، وا میسرییەکان بوونەتە ئامرازی سەرەکی و کاردانەوەی قووڵ و زۆریان لەسەر بوونە نوێیەکەی ئابووری وڵاتەکە هەبووە.

نووسەر پاش سەفەرە چەند هەفتەییەکەی بۆ قاهیرە، دان بەوەدادەنێت کە ئێستا شارستانیەتی خۆرهەڵات بوونی نییە، ئەوەی من لە قاهیرە بینیم دیارە مرۆڤی خۆرهەڵاتی سادە و ساویلکەیە، زەمەن لەو تێپەڕیوە، بۆ ژیانی شارستان ناگونجێت، بۆیە تا کۆتایی بەو رەوشە بێت، خۆرهەڵاتیش ببێتە خاوەن شارستانیەتێکی تایبەت، دەبێ بە رامان نووسەرەکە، خۆی بەپێی پێویست بە خۆرئاوا و شارستانیەت و پیشەسازییەکەی ببەستێتەوە، ئەوەش دەبێتە سەرەتا، تا بتوانێت هاوشانی شارستانیەتی خۆرئاوا رێ بکات، بەو جۆرە نووسیویەتی:

(دەبێ هاوڵاتی خۆرهەڵاتی، ئامرازەکانی تەکنیکی ئەوروپی لە بەرهەمهێنانا پەیڕەو بکات، ئامرازە شرۆڤەکارییە رەخنەگرییەکانی

بخاتەکــار، بەڵام ئەو ســـوورە لەســـەر پەیڕەوکردنـــی شـــێوازە خۆرهەڵاتییەکە لە ژیان، هاوشانی ئەوەش هەر زانستە عەرەبییەکە دەناسێت، ئایندە مولّکی میللەتانە، ئەوانەی لەنێوان دوو ئامرازی گرینگ هاوسەنگی دەکەن: تەکنەلۆژیای نویّ و یەک بڕوایی. دیارە لێرە مەبەستی ئاین نییە، گردبونەوە لەسەر هەڵوێستێکی ناوەندی چەســپیوو، لەنــاو ویژدانــی خەڵــک، ئێســتا ئەوروپــا یەکەمە، خۆرهەڵاتیش لە پلەی دووەمە، بەتایبەتی لە ڕۆژانی پاش شەڕەکە، وا دەیەویّ بەرەو جیهانی تەکنەلۆژیا بچێت و ساز ببێت، بەڵام ئەوروپــا گەیشــتووتە کۆتاییەکــان، هەڵوێســتە ناوەنــدییەکانیان بەیەکەوەی بەســتابوونەوە نەمــاوە، لێــرە چیتــر شــەڕی جیهــانی روونــاداتەوە، هەمــوو ئەگەر و تونــدکارییەکانی نەمــا، ئینجــا چارەنووسەکەی جیهان لە خۆرئاوا بەرەو خۆرهەڵات دەڕوات).

نووســەر بە زیــرەکییە ئامــادەکەی، هەســتی بەوە کــردووە کە میسرییەکان دەتوانن بەهیمەتەوە فێر بن، ئەگەرچی لەوە راهاتوون کە بازرگانییەکانیان هەردەم بە دەست بێگانەوە بێت، دیارە چۆن وا میســرییەکان مــامەڵەی راســتەوخۆ لەگەڵ کۆمپانیــا ئەوروپییەکــان دەکەن، ناچار دەبن بوار و تەمویلە ئەوروپییەکان پەیڕەو بکەن، دیــارە فەرمــانبەری میســری وا ئیمــزا لەســەر وەســلی گــۆڕینەوە بازرگانییەکــان دەکــات، بانــک دادەمەزرێــنن و دەچــنە نــاو جیهــانی نوێگەرییەوە، نووسەر دەڵێت:

(جاران پیشەسازییەکان سەرەتایی بوون، پیشەسازییە داری و ئاســن و مــس و پەمــۆ بەو کەرەســتانە دەکــرا، کە لە ســەدەکانی ناوەڕاســـت بەرهەم هـــاتبوون، بەڵام لەورۆژانە وا میســـرییەکان کەرەستە نوێیەکان لە ئەوروپاوە هاوردە دەکەن، بە ئەندازەی نوێی

تازەوە کارگەکانیان دروست دەکەن، ئێستا خۆیان خاوەنی ئۆفیسە بازرگانییەکانن، ئۆفیسە ئاڵوگۆرەکان بەڕێوە دەبەن، ئامرازەکانی گواستنەوە گۆڕاوە، ئوتومبێل گەیشتووتە هەموو شارەکان و شارەکانیش بەیەکەوە بەستراونەتەوە و تۆڕێ گەیاندن پەیدابووە، هەموو بەرنامە بازرگانییەکان بە شێوازێکی پوخت جێبەجێ کراون).

نووسەر هەستی بەوە کردووە کە کۆمەڵگای میسری لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم هەستی بە گرینگی فرەتایفە و ئاینی کردووە و قبووڵی دەکات، باشترین شێوە بۆ گونجاندن و هاوژینی دەناسێنێت، ئەوەشی بۆ چەند فاکتەری ئابووری دەگێڕێتەوە، ئەو دەڵێت:

(فرەژنی نەماوە، پیاوە میسرییە موسلمانەکان وا فێربوون ژنە ئەوروپییەکان دەهێنن، کە سەر بە چەندین تایفە و رەگەزن، هەموویان بەیەکەوە لەبن یەک سێبەر دەژین، ئەوانە کریستیان و موسلمانن، ئەوە جاران نەبووە، دەرئەنجامی ئەو پەیوەندییەی کە ئابووری پاش شەڕەکە سازیکردووە، دابونەریتە کۆنە چەسپیووەکان گۆڕاوە، بیرۆکەکان وەک جاران نەماوە و شێوازەکان فراوان و فرەلایەن بووە.

## کۆتایی

نووسـەرە یونـانییەکە، بۆ ئەوەی بەشێکی یونـانی لەبیرکـراوی نـاو میســر بگێــڕێتەوە، ســەردانی شــاعیری شــاری ئەســکەندەریە و بەرەچەڵەک یونانی قستەنتین کفافی دەکات، ئەوەی بوویتە یەکێک لە هیما دیارەکانی رۆشنبیری میسر، دەگێڕێتەوە چۆن لە خانووە گەورە نـازدارەکەی، لەبەرامـبەر مێـزە بچـووکەکە بەرامـبەری دانیشـتووە و دەڵێت:

ویسـتم لەنـاو روونـاکییە کـزە لەرزۆکەکە، ئاکـاری رەوشـنی ببیـنم، مێزەکەی بەرامبەرمـان چەنـدین پەرداخە ویسکی و (ماسـتیما) عەرەقە میسرییە دروستکراو لە خورمـای لەسـەر بـوو، دەمـانخواردەوە، باسـی جۆرەها کەسمان دەکرد، قسەمان لەسـەر هەمـوو هـزر و بۆچوونەکـان دەکـرد، پێـدەکەنین، بێـدەنگ دەبـووین و بەمـاتی دادەنیشـتین، پـاش سـاتێکی کـورت دەگەڕایـنەوە سـەر قسـەکردن، دەمویسـت هەسـت و نەستەکانم بشـارمەوە، لەبن دەمـامکی پێکەنینەوە کـامەرانییەکەم دیـار نەبێـت، بەرامـبەر پیـاوە بەشــوکەتەکە دانیشـتبوو، ئەوەی بە هێمنـی بەرهەمە مەزنەکـانی پێـوە دیـار بـوو، بە هەمـوو شکۆوە مەزنـی پێـوە دیــار بــوو، شــێخە زاهیــدەکەی زۆرتــرین زانیــاری بەزانــدبوو، ئارەزووەکان، هەستیاری، هەمووی خستبووە بەر سیستەمی زوهدی مەزهەبی ئەبیقوری تونددەوە.

کازانتزاکیسی نووسەر، وادەزانێت کفافی رەنگە وەک کاردینالێک لە سەدەی پازدەهەم لە فلۆرنسا لەدایکبوو بێت، یـان راوێژکـارێکی نهێنـی پاپا بووبێت، یـان نـوێنەرێکی تـایبەتی کۆشـکی دۆقـی ڤینیسـیا بووبێت، بەدرێژایی تەمەنی دەخواتەوە، خۆشەویستی دەکات و ژیـان لە هەمـوو کەناڵەکانی ژین بەڕێدەکات، دەنووسێت، هێمنی و بێدەنگییەکەی خۆی

دەپارێزێت، لەگەڵ شەیتانە مەزنەکان دیالۆگ دەکات، دەکەوێتە ناو ئاریشە بەدرەووشتییەکانی کڵێسای کاسۆلیکی.

ئەو دەڵێت ئاکاری کفافی لە تاریکی دیوانەکە دیار بوو، بەڵام ئاکاری هاوکات بەو شێوەیە دەردەکەوت، شەیتانی مەکرباز، دەسەڵاتداری بەجەبەروت، هەردوو چاوە رەشە جوانەکانی، کە تیشکی لاوازی ساردی مۆمەکە لە چاوەکانی دەدا دەبریسکانەوە، دووبارە دەگۆڕان، بێگەرد، سیس، ماندوو دەبینران چاوەکانی.

دەنگی ئەو بە دەستکردی و بەناز و رەنگین چرپەی دەکرد، دڵشاد دەبووم کە رۆحە هۆشمەندە مەکربازە بزۆزە خەڵەتێنەر ناسکەکەی، هەمووم لە وشەکانی چامە شیعرییەکەی کە ماڵئاوایی لە ئەسکەندەریە دەکات هەست پێ دەکرد:

(کە لەنیوەی شەو لەناکاو،
گوێت لە دەستەیەکی نادیار دەبێت گوزەر دەکەن،
موزیکە ناسکەکەیان دەژەنن، هاوارە سەربەستەکانیان دەکەنەوە
ناکەونە بەر بەختی ئامادەی تۆ،
کارە سەرنەگرتووەکانت
بەرنامەکانی ژیانت، کە دەبنە وەهم،
وەک ئەوەی لەمێژە خۆتان بۆ ئەو ساز کردبێت،
بە هەنگاوی چووستەوە، دەچیتە بەر پەنجەرەکە
بێ نزا و پاڕانەوە، چێژ لە سۆزی هەستەکانت دەگرم،
گوێ لە دەنگەکان، وەک دوا خۆشییەکان دەگرم،
گوێ لە ژەنینی ناسکی ئامێرەکان دەگرم،
لەو تیمە نەناسراوە،
بەو ئەسکەندەریەی لەدەستت دەچێت بڵێ ماڵئاوا).

# کۆتایی

ناساندن و باسکردنی نووسەر و زانایەکی گەورەی وەک نیکوس کـازانتزاکیس بە چەنـد لاپەڕەش تەواو نابێـت، بەڵام بـابەتەکە ئەو چەند دێرە کورتە هەڵدەگرێت، کە باس لە نووسەری ڕۆمانی زۆربا بکەم. ئەو لەدوا ساڵەکانی تەمەنی دەپاڕایەوە دە ساڵی تر، تەمەنی درێژتـر بـوایە، تـا خـۆی لە کارەکـان بەتـاڵ، دوا پرۆژەکـانی تەواو بکـات. کە دەمرێـت تەرمەکەی دەبـنە ئەسـینا، کڵێسـای ئەرثوزکسـی قبووڵ ناکات لەوێ بینێژن، بەناچاری دەیبەنەوە دوورگەی کریت، لەسەر داوای خۆی ئەو پەندە هیندییە لەسـەر کێڵەکەی دەنووسن: من ئازادم ئێستا، ترسم نەما.

بـێجگە لە ڕۆمانەکـانی کتێبـی فەلسـەفەی زۆری نووسـیوە و وەریگێـڕاوە، زۆرتـریش دەناسـرێت، کە زۆربـا دەکـرێتە فیلمێکـی سینەمایی.

---

ئەو بابەتە بە سێ بەش، لە ڕۆژنامەی الجریدەی کوێتی لە مانگی یونیۆ بڵاوکراوەتەوە.

# شێرزاد هەینی

لە دایکبووی: ١٩٥٥ هەولێر.
دەستپێك: سەرەتای حەفتاکان.
ئاستی خوێندن: خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی لە هەولێر تەواوکردووە. دەرچووی ئامۆژگای تەکنەلۆژیای (رووپێوی)، بەغداد.
کارنامە: خانەنشین
* هەنووکە لە وڵاتی سوید دەژی.
بەرهەم و چاپکراوەکانی:
١. لەیادی سەد ساڵەی شارەوانیدا، بە یارمەتی ئەمینداریێتی رۆشنبیری و لاوان لە چاپدراوە، چاپی یەکەم، چاپخانەی عەلا، هەولێر، ١٩٨٥، قەبارە: (١٧×٢٤) سم، نرخ: (١٥٠٠) فلس.
٢. هەر لەشارەوانیدا، ١٩٩٤ (١٢) ژمارەی رۆژنامەی هەولێری دەرکردووە.
٣. کەلاوە، ریپۆرتاژ، بۆ ئۆردوگاکانی دەڤەری هەولێر، چاپی یەکەم، ١٩٩١.
٤. دیوەخانی فلێن، رۆژانەو رێپۆرتاژ، چاپی یەکەم، ١٩٩٩.
٥. هەولێر.... تا دبلن، رێپۆرتاژ، چاپی یەکەمن، بڵاوکراوەکانی رۆژنامەی "ئاڵای ئازادی"، چاپی یەکەم، هەولێر، ١٩٩٦، ٨٨ لاپەرە. چاپی دووەم، بڵاوکراوەکانی گۆڤاری هاڤیبوون ٢، زانکۆی ئازادی بەرلین، ٢٠٠٠.
٦. بەغداد.... بۆ هەولێر، ریپۆرتاژ، چاپی یەکەم، سوید و سلێمانی، ٢٠٠٠.
٧. مەملەکەتی فارگۆنەکان، ریپۆرتاژ و رۆژانە، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٠، ٩٠ لاپەرە، چاپی دووەم، بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و بڵاوکرنەوەی بەدرخان، چاپخانەی هاوسەر، هەولێر، ٢٠٠٦، ٢٥٤ لاپەرە، (١٤×٢٠)سم، نرخ: (٣٠٠٠)دینار.

٨. کاکە ئەبو ئیسماعیل، چاپی یەکەم، سلێمانی، ۲۰۰۱.
٩. گابریـــل گارســـیا مـــارکیز، بەســـەرهاتی دەریـــاوانێکی خنکـــاو، بڵاوکراوەکانی گۆڤاری ئایندە، چاپی یەکەم، سلێمانی، ۲۰۰۱.
۱۰. دە رۆژەکەی هەولێـرم، وتـار و ریپۆرتـاژ، هەولێـر گۆڤـاری گـوڵان، ئوسترالیا رۆژنامەی کورد، ۲۰۰۱.
۱۱. ســـیڤییەکان ۱، بڵاوکراوەکـــانی وەزارەتـــی رۆشـــنبیری و لاوان، کـۆمەڵە دیـدارێکە، چـاپی یەکەم، چاپخـانەی وەزارەتـی رۆشـنبیری، هەولێر، ۲۰۰۲ _ ۲۰۰۹.
۱۲. سارد یان گەرم، چاپکراوەکانی دەزگـای هەواڵ بـۆ رۆژنـامەوانی و راگەیاندن، چاپی یەکەم، ۲۰۰٥، ۱۰٥ لاپەرە، قەبارە: (۲۲×۱۰.٥)سم.
۱۳. نێلسۆن ماندێلا، گەشتە دوورەکەم لـە پێناوی ئازادیدا، وەرگێـران، بڵاوکراوەکـانی دەزگـای تـوێژینـەوە و بڵاوکـردنـەوەی موکریـانی، چـاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ۲۰۰٥، ۲۸٦ لاپەرە.
۱٤. مەملەکەتـی کەلاوەکـان، وتـار و پێناسـەی بیناسـازی کـوردییە، کتێبـــی گیرفـــان، بڵاوکراوەکـــانی وەزارەتـــی رۆشـــنبیری، چاپخـــانەی وەزارەتی رۆشنبیری، چاپی یەکەم، هەولێر، ۲۰۰٥، ۲٤ لاپەرە.
۱٥. کۆریـــا: پێناســـە و شارەزابوونـــــی وڵات و میللەتـــی کۆریـــایە، وەرگێـران، بڵاوکراوەکانـــی دەزگـــای وەرگێـران، چاپـــی یـــەکـــەم، هـــەولێر، ۲۰۰۷.
۱٦. ســـتیفان بروشـــفیلد، پـــول ئـــا. لیڤـــین، هۆلۆکۆســـت: ئاگـــاداری نەوەکانتـانی پێبکەنەوە، وەرگێـران لـە عەرەبییـەوە، بڵاوکراوەکـانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی فیکری و ئەدەبی نما، چـاپی یەکەم، هەولێـر، ۲۰۰۷.
۱۷. دوو برێنسیســـی نـــازداری بێنـــاز، دیانـــا و ماســـاکۆ، وەرگێـــران و ئامـادەکردن، بڵاوکراوەکـانی دەزگـای چـاپ و بڵاوکـردنەوەی ئـاراس، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، ۲۰۰۸، ۱۷٦ لاپەرە.

١٨. مــارتن لۆســەر: بەشــێکە لە کتێبــی ناتونــدوتیژی، وەرگێــران و ئامــادەکردن، بڵاوکراوەکــانی ســەنتەری مەســەلە، چــاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٨.
١٩. بیار بیون، بەرەو کۆشکی ئالیزی، شیراك و سارکۆزی و روایال، وەرگێــران لە عەرەبیــیەوە، بڵاوکراوەکــانی وەزارەتــی رۆشــنبیری_ بەرێوەبەرایەتی خانەی وەرگێران، چاپی یەکەم، چاپخانەی روون، سلێمانی، ٢٠٠٨، ٢٤٣ لاپەرە.
٢٠. ٩٥٥ دەقە لەگەڵ شــێرکۆ بــێکەس، دیمــانە، بڵاوکراوەکــانی ســەنتەری لێکــۆڵینەوەی فیکــری و ئەدەبــی نمــا، چــاپی یەکەم، چاپخــانەی تیشــك، هەولێــر، ٢٠٠٨، ٣٣٣ لاپەرە، چــاپی دووەم، بڵاوکراوەکانی جەمال عیرفان، سلێمانی، ٢٠١٥.
٢١. دۆلار لە ئەمریکا، دوو بابەت لەسەر پارە و سەرمایە و بانك لە ئەمریکای نوێدا، ئامادەکردن و وەرگێران، بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپخانەی ئاراس، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٨، ٢٢٣ لاپەرە.
٢٢. کریستۆفا دلوار و کریستۆف دۆبوا، سێکس و پۆلەتیك: دیوێکە لە ژیــانی دبلۆمــاتی فەرەنســای نــوێ، وەرگێرانــی لە عەرەبیــیەوە، بڵاوکراوەکــانی دەزگــای چــاپ و پەخشــی ســەردەم، چــاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٨، ٢٢٤ لاپەرە.
٢٣. مەجبور گێرانەوەی دوێنێی نزیکە!، بڵاوکراوەکانی وەزارەتی رۆشنبیری_بەرێوەبەرێتیی رۆژنامەنووسی و چاپ بڵاوکردنەوە، چاپی یەکەم، چاپخــانەی رۆمــان، ســلێمانی، ٢٠٠٨، ١٢٨ لاپەرە، قەبــارە: (١٤.٥×٢٠.٥)سم.
٢٤. تەهــا حوســێن، نابینــایەکی بینــا، ئامــادەکردن، دۆســیەیەك لە گۆڤاری نما، هەولێر، ٢٠٠٨.
٢٥. سارا پالین، ژنێکی دەرچوو لە نەریتەکان/ ژیانی هاووڵاتییەکی ئەمریکاییە، وەرگێرانی لە عەرەبییەوە، بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ

و بڵاوکـردنـەوەی ئـاراس، چـاپی یـەکـەم، چاپخـانـەی ئـاراس، هـەولـێـر، ۲۰۰۸، ۹۵ لاپـەرە، قـەبـارە: (۱۹×۱۲.۵)سم.
۲٦. کامیلیـانـه ئـەنتفـایفر دو فرانسـوا نیکۆلـۆ و منـی لنـی، مـن رۆژنامـەنووسـم، جاسـووس نـیم، وەرگێـران لـه عـەرەبیـیەوە، بڵاوکراوەکـانـی وەزارەتـی رۆشـنبیری_بـەرێـوەبـەرایـەتی خـانـەی وەرگێـران، چـاپی یـەکـەم، چاپخـانـەی شـڤان، سـێمانـی، ۲۰۰۹، ۲۷۱ لاپـەرە، قـەبـارە: (۲۰×۱٤)سم، نـرخ: (۳۰۰۰)دینـار.
۲۷. تـرێنـه خێـراکـەی رۆژهـەڵات، وەرگێـران، بڵاوکراوەکـانـی دەزگـای تـوێژینـەوە و بڵاوکـردنـەوەی موکریـانـی، چاپخـانـەی خـانـی (دهـۆك)، چاپی یـەکـەم، هـەولێر، ۲۰۰۹، ۱۳٦ لاپـەرە.
۲۸. کـاکه ئـەبـو خـەلیـل، سـەربردە و ریپۆرتـاژ و روداو، لـه بڵاوکراوەکـانـی پاشـکۆی رەخـنـەی چـاودێر، چـاپی یـەکـەم، سلـێمانـی، ۲۰۰۹، ۲۱٦ لاپـەرە، قـەبـارە: (۲۲×۱٤.۵)سم، نـرخ: (۲۵۰۰)دینـار.
۲۹. خـوان ئـایریـاس، دانپێـدانانـەکانی حـاجی پـاولۆ: دیمـانـەیـەکه لـەگـەڵ نووسـەر و فـەیلـەسوفی بـەرازیلـی پـاولۆ کۆیلـۆ، وەرگێـران لـه عـەرەبیـیەوە، لـه بڵاوکراوەکـانـی کتێبخـانـەی ئـاوێر، چـاپی یـەکـەم، چاپخانـەی رۆژهـەڵات، هـەولێر، ۲۰۰۹، ۲۷۱ لاپـەرە.
۳۰. سـەلام ئـەلئیمـام، مۆسـاد، وەرگێـران لـه عـەرەبیـیەوە، لـه بڵاوکراوەکانـی کتێبخانـەی ئاوێر، چاپی یـەکـەم، هـەولێر، ۲۰۰۹، چـاپی دووەم، هـەولێر، ۲۰۱۰، چاپی سێیـەم، بڵاوکراوەکانـی کتێبخـانـەی ئاوێر بـۆ چـاپ و بڵاوکـردنـەوە، چاپخـانـەی رۆژهـەڵات، هـەولـێـر، ۲۰۱۳، ۲۸۸ لاپـەرە، نـرخ: (۵۰۰۰) دینـار.
۳۱. سـەلام ئـەلئیمـام، حیکایـەتـەکـانـی غـەدر و خـوێن: بـەشـێك لـه گێـرانـەوەی تیـرۆره گـەورەکـانـی جیهـان، وەرگێرانـی لـه عـەرەبیـیەوە، بڵاوکراوەکـانـی وەزارەتـی رۆشـنبیری_بـەرێـوەبـەرایـەتی خـانـەی وەرگێران، چاپی یـەکـەم، سلێمانـی، ۲۰۰۹، ۲۸٦ لاپـەرە.
۳۲. غـەسـان شـەربل، نهێنییـەکـانـی سـندووقه رەشـەکه، ئـامـادەکردن، چاپکراوەکانـی وەزارەتـی رۆشنبیری و لاوان/ بـەرێوەبـەرایـەتی گشتیی

رۆژنامەنووسی و چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر، ٢٠٠٩، ٩٤ لاپەرە.
٣٣. دەسەڵات و نەخۆشی، وەرگێرانی لە عەرەبییەوە، چاپکراوەکانی وەزارەتی رۆشنبیری_خانەی وەرگێران، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠١٠.
٣٤. میخائیل دارمۆن و ئێیف دیریە، برادەرە جوانەکە ... رەشیدە داتی، وەرگێرانی لە عەرەبییەوە، بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، ٢٠١٠، ١٣٦ لاپەرە.
٣٥. کارۆلین جیسوب، دەربازبوون، وەرگێرانی لە عەرەبییەوە، بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، ٢٠١٠، ١٢٠ لاپەرە.
٣٦. سیاسەتی دڵ، وەرگێرانی لە عەرەبییەوە، چاپی یەکەم، بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، ٢٠١٠.
٣٧. گەشتێك بەرەو ئەوروپای نوێ، وەرگێرانی لە عەرەبییەوە، چاپی یەکەم، بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، ٢٠١٠.
٣٨. ئەمال عەوێزە، مافیا: دەوڵەتی سامان و خوێن، ئامادەکردن و وەرگێرانی لە عەرەبییەوە، بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، ٢٠١٠، ١٥٥ لاپەرە، ، بایی: (٤٠٠٠) دینار، قەبارە: (١٩ × ١٢)سم.
٣٩. جیهان لە دیدی کۆشنێر، وەرگێرانی لە عەرەبییەوە، بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی فیکری و ئەدەبی نما، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠١٠.
٤٠. سیڤییەکان ٢، کۆمەڵێك راز و دیمانە، وەرگێران، چاپکراوەکانی وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان، چاپی یەکەم، ٢٠١١.

٤١. مهنـــاس كراماشـــاد، غانـــدی، چیرۆكـــی ئەزموونەكـــانم لـەگـەڵ حـەقیقەتـدا، وەرگێرانــی لـە عـەرەبییـەوە، بڵاوكراوەكـانی كتێبخـانـەی ئـاوێر، چـاپی یـەكـەم، چاپخـانـەی رۆژهـەڵات، هـەولێـر، ٢٠١١. سێ جـار چاپ بووە.
٤٢. بیۆگرافیـای ئـامووس ئـۆز، چیرۆكێـك لـە خۆشەویستی و تـاریكی، رۆمان، وەرگێرانی لـە عـەرەبییەوە، بڵاوكراوەكـانی كتێبخـانـەی ئـاوێر، چاپی یەكەم، چاپخانـەی رۆژهـەڵات، هـەولێر، ٢٠١١، ٨٠٠ لاپەرە.
٤٣. كـازیوە ژنـەكـەی نـاو فێسبوك، نۆڤلێت، بڵاوكراوەكـانی سـەنتـەری لێكـۆڵینـەوەی فیكـری و ئـەدەبـی نمـا، چاپـــی یـــەكــــەم، چاپخانــــەی شـەهاب، هـەولێر ٢٠١١.
٤٤. هینینــگ مانكیـل، سـەگەكان لـە رێگـا، رۆمـان، وەرگێرانـــی لـە عـەرەبیـــیەوە، بڵاوكراوەكـــانی كتێبخـــانەی ئـــاوێر، چـــاپی یەكەم، چاپخـــــانەی رۆژهـەڵات، هـەولێـــــر، ٢٠١١، ٣٠٤ لاپەرە، قـەبـــــارە: (٢٤×١٧)سم.
٤٥. ئەسـتێرە سـەرگەردانـەكە، رۆمـان، وەرگێرانــی لـە عـەرەبیـیەوە، بڵاوكراوەكانی كتێبخانـەی ئاوێر، چاپی یەكەم، چاپخانـەی رۆژهـەڵات، هـەولێر، ٢٠١١.
٤٦. عـەلـی بـەدر، تووتنـەوانـەكە: بـەسەرهاتـی جوولـەكـەیـەكی عێراقییە، رۆمان، وەرگێرانی لـە عـەرەبییـەوە، بڵاوكراوەكـانی كتێبخـانـەی ئـاوێر، چاپی یەكەم، چاپخانـەی رۆژهـەڵات، هـەولێر، ٢٠١١، ٤١٥ لاپەرە، نرخ: (٦٠٠٠) دینار.
٤٧. عـەلــی بـەدر، بـابـا سـارتـەر، رۆمـان، وەرگێرانــی لـە عـەرەبیـیەوە، بڵاوكراوەكانی كتێبخانـەی ئاوێر، چاپی یەكەم، چاپخانـەی رۆژهـەڵات، ٢٠١٢، نرخ: (٦٠٠٠)دینار.
٤٨. بـودوان بـۆلایر و مـارك رۆش، دەسـەڵاتـی دوو ژن، وەرگێرانــی لـە عـەرەبییەوە، بڵاوكراوەكانی دەزگای چـاپ و بڵاوكـردنـەوەی بـەدرخـان، چاپی یەكەم، چاپخانـەی هێڤـی، هـەولێـر، ٢٠١٢، ١٧٢ لاپەرە، قـەبـارە: (٢٣.٥×١٦.٥)سم.

٤٩. غاردان بەدوای گورگەکاندا، رۆمان، وەرگێرانی لە عەرەبییەوە، بڵاوکراوەکانی ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپی یەکەم، چاپخانەی رۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٢، نرخ: (٦٠٠٠)دینار.
٥٠. چراکانی ئۆرشەلیم، رۆمان، بڵاوکراوەکانی ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپی یەکەم، چاپخانەی رۆژهەلات، هەولێر، ٢٠١٣.
٥١. شۆرشەکانی جیهان، ئامادەکردن، بڵاوکراوەکانی ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بلاوکردنەوە، چاپی یەکەم، چاپخانەی رۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٣.
٥٢. هەولێر: ئیبن مستەوفی، رۆمان، بەرگی یەکەم، بڵاوکراوەکانی مەڵبەندی گشتی: یەکێتی نووسەرانی کورد، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠١٢.
٥٣. هەولێر: سێتاقان، رۆمان، بەرگی دووەم، بڵاوکراوەکانی خانەی ئەربل و چاپخانەی شەهاب، چاپی یەکەم، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، ٢٠١٣.
٥٤. فیۆدۆر دۆستۆیڤسکی، گێلە، رۆمان، وەرگێرانی لە عەرەبییەوە، بڵاوکراوەکانی ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بلاوکردنەوە، چاپی یەکەم، چاپخانەی رۆژهەلات، هەولێر، ٢٠١٣.
٥٥. زستانی خێزانەکە، رۆمان، وەرگێرانی لە عەرەبییەوە، بڵاوکراوەکانی خانەی وەرگێران، چاپی یەکەم، سلێمانی ٢٠١٣.
٥٦. کەسایەتییە مەزنەکانی جیهان، وەرگێرانی لە عەرەبییەوە، بڵاوکراوەکانی ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠١٣.
٥٧. سیڤییەکان ٣، کۆمەڵێك راز و دیمانە، وەرگێران، چاپکراوەکانی وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان، چاپی یەکەم، ٢٠١٣.
٥٨. سیڤییەکان ٤، کۆمەڵێك راز و دیمانە، وەرگێران، چاپکراوەکانی وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان، چاپی یەکەم، ٢٠١٣.

٥٩. رێنسانسی ئەوروپا، مێژوو، وەرگێرانی لە عەرەبییەوە، بڵاوکراوەکانی ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠١٣.
٦٠. بۆ ئامێزێکی بۆنی تۆ، رۆمان، وەرگێرانی لە عەرەبییەوە، بڵاوکراوەکانی خانەی وەرگێران، سەنتەری لێکۆڵینەوەی فیکری و ئەدەبی نما، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠١٤.
٦١. فەلەکەدین کاکەیی، چرکەساتی حیکمەت، وەرگێرانی لە عەرەبییەوە، بڵاوکراوەکانی وەزارەتی رۆشنبیری، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر، ٢٠١٤.
٦٢. فەلەکەدین کاکەیی، حەلاجیات، وەرگێرانی لە عەرەبییەوە، لەسەر ئەرکی زریان کاکەیی چاپی یەکەم، بڵاوکراوەکانی چاپخانەی رۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٤.
٦٣. هەولێر: تەعجیل، رۆمان، بەرگی سێیەم، لەسەر ئەرکی نووسەر، چاپی یەکەم، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، ٢٠١٤، ٢١٦ لاپەرە، نرخ: (٨٠٠٠)دینار.
٦٤. هەولێر: تەیراوە، رۆمان، بەرگی چوارەم، بە یارمەتی هێرش خۆشناو، چاپی یەکەم، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، ٢٠١٥، ٢١٩ لاپەرە، نرخ: (٥٠٠٠)دینار.
٦٥. هەولێر: چۆمان، رۆمان، بەرگی پێنجەم، لەسەر ئەرکی هێرش خۆشناو، چاپی یەکەم، چاپخانەی رۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٥، ٢٢٤ لاپەرە، نرخ: (٦٠٠٠)دینار.
٦٦. گابریل گارسیا مارکیز، دەریاوانە خنکاوەکە، رۆمان، وەرگێرانی لە عەرەبییەوە، چاپی دووەم، بڵاوکراوەکانی دەزگای چینی، هەولێر، ٢٠١٥.
٦٧. هەولێر: سەعدی گچکە، رۆمان، بەرگی شەشەم، لەسەر ئەرکی هێرش خۆشناو، چاپی یەکەم، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، ٢٠١٦، ٢٢٨ لاپەرە، نرخ: (٥٠٠٠)دینار.

٦٨. هەولێر: سەفین، ڕۆمان، بەرگی حەوتەم، لەسەر ئەرکی هێرش خۆشناو، چاپی یەکەم، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، ٢٠١٦، ٢٣٢لاپەرە، نرخ: (٧٠٠٠)دینار.
٦٩. فەلەکەدین کاکەیی، کودەتای ڕۆحی، وتاری فەلسەفی، وەرگێرانی لە عەرەبییەوە، لەسەر ئەرکی زریان کاکەیی، چاپی یەکەم، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، ٢٠١٦، ٢٨٩ لاپەرە، نرخ: (٣٠٠٠)دینار.
٧٠. فەلەکەدین کاکەیی، گوڵەکان بۆ کێ دەپشکوێن، وەرگێرانی لە عەرەبییەوە، چاپی یەکەم، لەسەر ئەرکی زریان کاکەیی چاپخانەی شەهاب، هەولێر، ٢٠١٦.
٧١. فیۆدۆر دۆستۆیڤسکی، پەیامەکانی ژێرزەوی، ڕۆمان، وەرگێرانی لە عەرەبییەوە، بڵاوکراوەکانی ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٦، ٢١٤ لاپەرە، نرخ: (٥٠٠٠)دینار.
٧٢. خافێیەر سێرکاس، سەربازانی سارا مینا، وەرگێرانی لە عەرەبییەوە، بڵاوکراوەکانی دەزگای ڕۆسا بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٧، ٢٢٢ لاپەرە، نرخ: (٦٠٠٠)دینار.
٧٣. مەلیکە موقەدەم، ژنە یاخیبووەکە، ڕۆمان، وەرگێرانی لە عەرەبییەوە، بڵاوکراوەکانی دەزگای ڕۆسا بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٧.
٧٤. هەولێر: قەرەچوغ، ڕۆمان، بەرگی هەشتەم، لەسەر ئەرکی هێرش خۆشناو: خاوەنی گرووپی کۆمپانیاکانی: (٧٧) چاپکراوە، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٧، ٢٣٢ لاپەرە، قەبارە: (٢٣ × ١٧)سم.
٧٥. ژنێک پرچم ڕەش دەکاتەوە، شیعر، چاپخانەی شەهاب هەولێر ٢٠١٧.

٧٦. ژنه كافرەكە، رۆمان، وەرگێرانی له عەرەبییەوە، بڵاوكراوەكانی دەزگای مەحمود زامدار بۆ چاپ و بڵاوكردنەوە، چاپی یەكەم، چاپخانەی رۆژهەلات، هەولێر، ٢٠١٧.
٧٧. ئەبەنووس، رۆمان، لەسەر ئەركی هێمن زەندی، چاپی یەكەم، چاپخانەی رۆژهەلات، هەولێر، ٢٠١٨، ١٢٧ لاپەرە، نرخ: (٣٠٠٠) دینار، قەبارە: (١٤×٢١)سم.
٧٨. هەولێر عەنكاوە، رۆمان رۆژهەڵات ٢٠١٨ لەسەر ئەركی بنەماڵەی شەهید سۆران عەنكاوەیی چاپكراوە، ٢١٦ لاپەڕە، قەبارە ٢٣. ١٧ سم.
٧٩. ژن لە ژیانی كاسترۆ وەرگێڕان، ١٢٢ لاپەڕە، ١٣.٢٢سم، كتێبخانەی مێخەك سۆران ٢٠١٨
٨٠. هەولێر كوران زانیاری، رۆمان ٢٠١٨، ٢٣.١٧سم، لەسەر ئەركی د. محەمەد عوزێری چاپكراوە، هەولێر چاپخانەی رۆژهەڵات.
٨١. ژنە خامۆشەكە، نووسینی مەلیكە مەقەدەم، وەرگێڕان، رۆمان، سۆران مێخەك ٢٠١٨. ١٣٨لاپەڕە.
٨٢. كلاشینكۆف، رۆمان، بەهاوبەشی لەگەڵ د. محەمەد عوزێری نووسراوە. هەولێر ٢٠١٨ . ٢٠٠ لاپەڕە ١٤.٢١سم.
٨٣. هەولێر رینكەبی رۆمان هەولێر ٢٠١٩
٨٤. مافیا دەوڵەتی سامانی و خوێن، وەرگێڕان ناوەندی سارا چ ٢، سلێمانی ٢٠١٩.
٨٥. پاوەری سەرۆكە نەخۆشەكان، وەرگێڕان ناوەندی سارا چ ٢، سلێمانی ٢٠١٩.
**٨٦.** خزمەتگوزارەكانی كۆشكی سپی وەرگێڕان، ناوەندی سارا سلێمانی ٢٠١٩.

# پێڕست


| لاپەڕە | بابەت |
| --- | --- |
| ٣ | گەشتی یەکەم گیرترود بیل |
| ١٣١ | گەشتی دووەم گەشتی نیکۆس کازانتزاکیسی نووسەری زۆربا بۆ میسر |